# شـــــار

## "جەنگی جیاوازییەکان"

سمکۆ محەمەد

ناوەندی ڕۆشنبیری مەم و زین

ناسنامەی کتێب

●ناوی کتێب: شار "جەنگی جیاوازییەکان"

●نووسینی: سمکۆ محەمەد

●بەرگ: پەپوولە یوسفی

●نەخشەسازی ناوەوە: ناوەندی ڕۆشنبیری مەم و زین

●تیراژ:٥٠٠ دانە

●نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠٢١

●چاپخانە: مەم و زین

●نرخ: ٥٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان

ژمارەی سپاردنی (٣٣٠) ساڵی (٢٠٢١)ی پێدراوە.

مافی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ ناوەندی مەم و زین©

# ناوەڕۆک


پێشەکی ........................................ ٧

چەمکی شار ........................................ ١٠

بونیاد و مۆدێرنیتە........................................ ٢٤

سەرەتای دەسەڵاتگرتن ........................................ ٣٤

دەسەڵاتگەری نادیار ........................................ ٥٣

لە ئەشکەوتەوە بۆ مۆدێرنە ........................................ ٦٢

سەنتەرگەرێتی و کەنارگیری ........................................ ٧٤

پێکدادانی ئەخلاقی........................................ ٨٩

تایبەتمەندی دیمۆگرافیا ........................................ ١٢٨

لەئاسۆییەوە بۆ ستوونی ........................................ ١٤٢

سەربازگەکان ........................................ ١٦٧

کۆچ ........................................ ١٧٥

بیابانی چڕ ........................................... ١٧٧

یۆتۆپیا و خەیاڵ............................................ ١٨٨

ئێمەو ئەوان (جیاوازییەکانمان) .............................. ١٩٩

بزواندنی عەقڵ ........................................... ٢٠٥

نامۆبوونی تاك ............................................ ٢١٧

هونەر و ناونیشان ........................................ ٢٢٨

(بازاڕ) یەکەیەکی هاوبەش .................................. ٢٣١

(معالم) ئەدگارەکانی شار .................................... ٢٤١

کاتیگۆرییەکانی شار ........................................ ٢٤٨

(ئاو)یەکەیەکی مەزن ....................................... ٢٥٢

پەراوێز و سەرچاوەکان ..................................... ٢٥٦

" ئەوەی کە داوات لێبکات پارەت زۆربێت، ئەوەیە کە چانسێکی باشت بۆ دەخوازێ لە شاردا". (جۆفینال شاعیری رۆما)

" خەڵکی بۆیە دەیانەوێ پێکەوە بژین لەیەك شاردا، تاکوو بەخۆشی بژین و ئاگاداری یەکتر بن". (ئەرستۆ)

# پێشەکی

قورسترین شت بۆ نەتەوەی بێ شوناس کە خاوەنی دەوڵەت نەبێ، پێناسەکردنی شارە، چونکە لەسیاقی مێژووییدا ئەمە بەگرێی دەروونیی لەقەڵەمدراوە، چونکە لەلای نەتەوە تازە پێگەیشتووەکان، پێوەرەکە واکراوە کە هەر شوێنێك ژیانی بەکۆمەڵ و پەیوەندی بەکۆمەڵ و ئابوری هاوبەش و سێنترالیزمی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی و پۆلیسی تێدابووبێت، یان هەر شوێنێك بەهەموو کەموکورتییەکەوە، هۆیەکانی گواستنەوە و کارگە و میدیاو ساختومانی باڵابەرز و دەزگاکانی دەسەڵاتی حکومەت سەنتەری تێدابێت، بەشار لەقەڵەمدەدرێت، لەکاتێکدا شاری مۆدێرن ئەو شوێنەیە کە ژیانی بەکۆمەڵی رەنگاورەنگی تێدابێت کە فرەیی ئاین و نەتەوە و زمانە، لەدەرەوەی ئەم فەزایە شار بە باڵەخانە و فۆرمە پڕ لەکەموکورتییەکانی، تەنها لەسەر زاری خەڵکەکەی مانای شاری هەیە، ئەگەرنا بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بێت گوندێکی پێشکەوتووە کە ئێستا گوندەکانی ئەوروپا فەرقیان نییە لەگەڵ شاردا.

سەرهەڵدان و دروستبوونی شار لەسیاقی مێژووییدا، ئەو سرووشتەی هەبووە کە لەجەوهەردا جگە لەموفرەدە جیاوازەکانی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو، چونکە بەنیسبەت گوندەوە، بەڵکو شار بریتیە لەکولتوور و ئەخلاقێکی جیاواز لەو ئەخلاقەی کە شار بەهۆی کەرەستە و پەیوەندی بازاڕەوە هەیەتی، بریتییە لەدەزگای رۆشنبیری و ناودار و کەسایەتییە جیاوازەکان.

شار مەرجێکی هەیە کە پەیوەندی بەڕووبەڕەوەی جیاوازەوە هەیە، ئەویش لەدەرەوەی پێوەری کلاسیکییە، چونکە هەر شوێنێك رووبەرەکەی 1000 مەتر دوجابێت و درێژییەکەی 5 تا 10 کیلۆمەتر چوارجا بووبێت، ئاو یان روباری بەنێودا تێپەڕبووبێت و کارگە و جموجۆڵی بازرگانی تێدابووبێت، هەروەها یاسایەکی دیاریکراو خەڵك و دەسەڵاتەکەی رێکخستبێت، بەبێ دوودڵی بەشار حیساب کراوە، هەر ئەم موفرەدانەشە کە ململانێکەی لەنێوان گوند و شار خولّقاندووە، چونکە شار فۆڕمێکی دروستکراوی سەنعەتییە و گوند فۆڕمێکی سرووشتیە،

**ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ درووستبوونی موناقەشەی جددی لەسەر بوون و نەبوونی شار، هاندانێکە بۆئەوەی توێژینەوەی جددی لەسەر چەمکی شار بکرێت و ببێتە سەرچاوەیەك کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند بکات.**

**سمکۆ محەمەد**

**بەهاری** 2021

# چەمکی شار

شار وەکو چەمك چییە؟. وەکو جوگرافیا کوێیە؟. بۆچی شار هەموو جیاوازیەکان لەنێو خۆیدا کۆدەکاتەوە، بۆچی لەگەڵ جوگرافیا کارگێڕی و شێواز و تاکەکان و ئەدگارەکان و بە قەرەباڵغیەکاندا، فەزایەك هەیە بەناوی شار؟. بۆچی تائێستا پێکدادان و ململانێی ئەخلاقی و کەلتووری و دیالێکتی زمانی شار لەگەڵ لادێ و گوندنشینیدا بەردەوامە؟، بۆچی ئەتمۆسفێری تایبەت و کاراکتەری جیاواز لەشاردا هەڵدەکەون؟. بۆچی شار سەنتەری کەنارەکانە؟. بۆچی دیمۆگرافیای شار دەتوانێ پێکهاتەکان تێکەڵ بکات و ئەوانی تر ناتوانن؟، بۆچی شار بریتییە لەفرە هەواڵی و گوند و کەنارەکانی تریش تاك هەواڵن؟. هەموو ئەم پرسیارانە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەریەك بە بەشێك و بە ئارگیۆمێنتێکی تایبەت و بەبەڵگەی زانستی و سۆسیۆلۆژی وەڵامدەدرێتەوە.

سەرباری هەموو ئەو پرسیار و جیاوازییە جۆراوجۆرانەی دەربارەی شار دەکرێت و لەگونددا نییە، سەرباری ئەوەی ئێستا زۆربەی مرۆڤەکانی گۆی زەوی لەشاردا دەژین، یان لانیکەم هەموو کەنارەکان پێداویستییەکانی شاریان هەیە، سەرباری ئەوەی ململانێی نێوان سەنتەر و کەنار گەیشتۆتە ئاستێکی بالاّ، سەرباری هەموو شێواز و جەوهەرێك لەو دوو دونیایەدا هەیە، هێشتا شار پێناسەیەکی تەواوی وەرنەگرتووە، چ لەئەکادیمیا و چ لەوەسفی زمانەوانی و چ پێناسەی گشتی، جگە لەو پێناسە گشتگیرانەی کە گرێدراوی شوێن و جیاوازی نێوان گوندی داخراو و شاری کراوە هەیە.

پێناسەی زۆر هەیە بۆ شار کە هەریەکەیان لەسیاقی مێژوویی خۆیاندا پێوەری بۆ دانراوە، بەلاّم بەگشتی شار چەند تیۆرێکی سۆسیۆئابووری بەسەردا دەسەپێنراوە و هەر تیۆرێکیش بڕوای بەستایل و چەند مەرجێك هەیە، لەوانەش تیۆر هەیە ئابووری کردووە بەمەرجی سەرەکی و پێوانەیی، تیۆر هەیە فرەیی نەتەوە و ئاین و زمان و کولتوری کردووە بەپێوەری سەرەکی، تیۆر هەیە لەشێوازدا کۆی کردۆتەوە و بەباڵەخانەی بالاّبەرزەوە گرێیداوە،

ئێمە لێرە هەر سێ تیۆرەکە تاوتوێ دەکەین و بەسەر شارە بێ پێناسەکاندا پراکتیکی دەکەین.

واپێناسەکراوە کە هەر شوێنێك ژیانی بەکۆمەڵ و پەیوەندیبەکۆمەڵ و ئابووری هاوبەش و سێنترالیزمی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی و پۆلیسی تێدابووبێت، هەر شوێنێك هۆیەکانی گواستنەوە و کارگە و میدیاو باڵەخانەی باڵابەرزی تێدابوو بێت، یان دەزگاکانی دەسەڵاتی حکومەت سەنتەریان وەرگرتووە، یان ژیان بریتییە لەفرەیی ئاین و نەتەوە و زمان بەشار لەقەڵەمدراوە، بەتێپەڕبوونی کاتیش زۆر شار پەیدابوون کە بەو پێناسەیە قبوڵ دەکرێن، زۆری تریش کە خاوەنی فابریکە و فرە نەریتین، لەپێوانەیی شاردا دەرنەچوون و مانای شاریان وەرنەگرتووە.

سەرهەڵدان و درووستبوونی شار لەسیاقی مێژووییدا، بەپێی سرووشت و ئەو ماتریاڵە مرۆییەیە کە تاکە جیاوازەکانی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، لەوانەش تەلار و باڵەخانەی سیحراوی باڵابەرز و نەتەوە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جیاواز، واتە فرە کولتووری و فرە زمانی و فرە ئاینی و فرە مەزهەبی، لەڕووی جوڵەشەوە

گرێدراوە بەشێوازو هۆکارەکانی گواستنەوە و کارگە و بازاڕ و باخچەی ئاژەڵان و مۆزەخانە و سینەما و هۆڵی شانۆ و هتد، لەڕووی مرۆییشەوە، گرێدراوە بەو کوتلە مرۆییانەی کە دەست یان هێزی کارن، لەڕووی فەرهەنگیشەوە پەیوەندی بەبەرهەمهێنانی فکر و فەلسەفەوە هەیە، هەموو ئەمانەی سەرەوە بەگشتی ئاماژەن بۆ روونکردنەوەی ئەو رێکخستنە کۆمەڵایەتییەی کە پێچەوانەی جیاوازی ستایلی چینایەتی بوونە لەبەرامبەر گوند.

مەرجێکی دیکەی شار هەیە کە پەیوەندی بەڕووبەڕەوە هەیە، بەپێی پێوەرە کلاسیکییەکان بێت، هەر شوێنێك رووبەرەکەی 1000 مەتر دوجابێت و درێژییەکەی 5 تا 10 کیلۆمەتر چوارجا بێت، ئاو یان روباری بەنێودا تێپەڕبێت و کارگە و جموجۆڵی بازرگانی تێدابووبێت، هەروەها یاسایەکی دیاریکراو خەڵك و دەسەڵاتەکەی رێکخستبێت، بەبێ دوودڵی بەشار هەژمار کراوە، بەڵام ئەمە یەکێکە لەمەرجەکانی شار لەدونیای مۆدێرن.

بەدڵنیاییەوە شار وەکو گوند نییە قەیرانەکانی بریتی بن لەقەیرانی ئابووری، ئابوورییەکەشی لەئاستی تاك و خێزان جیاواز

بێت و بە پێوەری قەیرانە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەکەشوهەوای و وەرزی هات و نەهاتەوە گرێ بدرێت، بەڵکو زیاتر لەقەیرانێکی هەیە کە پەیوەندیان بەسیستمی پەروەردە و تەندروستی و شارەوانی و کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و سیاسەت و فەرهەنگی تایبەتەوە هەیە، بۆیە شار هەمیشە لەبەردەم قەیرانێکی نێودەوڵەتی دایە، بەو مانایەی کە هەموو دەوڵەتەکان تاسەدەی سێیەمینی بەر لەزاینیش، خاوەنی شاری تەواو نەبوون بەمانای وشەکە، بۆیە قسەی زۆر لەسەر فرەیی ئیتنیك و ئاین و زمان و ئەدگار و ستایڵ و دیزاین و ئەندازە و کارەکتەرە ناسراوەکان و دیموگرافیا و تۆپۆگرافیا و هتد کراوە، بەڵام کە دەوڵەتانی هەموو دونیا شارە کۆنەکانی خۆیان درووست کردەوە و کردویانە بەشوێنی گەشتیاری، هەروەها پەیدابونی شاری ئەفسووناوی لەدونیادا، ئیدی توێژەرەکان کەوتنە فکری ئەوەی چۆن بتوانن لەلایەك لەرووی ئەنترۆپولوژییەوە تەماشای شار بکەن، لەبەر ئەوەی تەواوی شارەکان لەیەکتر دەچوون، جگە لەهەندێك (معالیم) ئەدگاری شاز و سیمبولی دووبارە نەبوو، لەلایەکی دیکە قسە لەسەر بازرگانی و پیشەسازی بکەن کە پەیوەندی بەتوانای کارگێڕی دەسەڵاتەکەیەوە هەیە، بۆیە قسە

لەسەر ئەوە کرا لەبارەی کام شارەوە بدوێین، ئایا لەبارەی شاری هاوچەرخەوە، یان لەبارەی شاری مێژووییەوە قسە بکەین، ئەمە بۆ سۆسیۆلۆژیستەکانیش هەمان کێشە بوو، چونکە ئەو تێڕامانە ئەندازەیی و جوگرافییەی کە هەبوو بۆ دانیشتوان، دواتر بەهۆی فرەییەوە لەهەموو دونیا، دەرگایەکی دیکەی بۆ خوێندنەوەی چەمکی شار کردەوە، لەسەرەتاوە گفتوگۆ لەسەر ئەوە کرا، ئایا شار شوێنی ژیانە، یان شوێنی شارنشینەکانە کە خانەدان و چینە ناوەنجییەکان دروستیان کردووە؟. ئایا ئەوەی دیزاینی گۆڕیوە ئێستا خاوەنداری دەکات، یان نەوەی پیاوانی رابردوو؟. ئایا دەکرێت بەبێ ناوی گوندنیشن و گوندییەکان ناوی شار بەتەنها بەس بێت؟.

شارەزایانی بواری شارنشینی و ئەنترۆپۆلۆژیای شار دەڵێن (سێ شتی سەرەکی هەیە باس بکرێ کە هەر یەکەیان راگری ستوونێکی شارن، ئەویش (لایەن و تۆڕی کۆمەڵایەتی و پۆزەتیڤیزمە). واتە پێکهاتە سەرەکییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و چاکەکارییە، ئەمانە راستە لەپەراوێزی چەمکی شارەوە هاتوون، بەڵام بەبێ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو

سێ شتەیە، ناکرێ باسی شار بکەین. چونکە کائینی ئێستا لەنێو شاردا بەبێ ئاگا بزر دەبێ و نەخۆی و نەشوناسە کۆنەکەی بۆ نادۆزرێتەوە، شاریش ناتوانێ شوناسێکی نوێی پێ بدات)، مەبەست لەوەیە مرۆڤ ناتوانێ سەرەتا لەگوندەوە کە رووەکاتە شارەوە، بەناوی بنەماڵەو عەشیرەت و ناوچەگەرییەوە قسە بکات، هەروەها ناشتوانێ بەناوی شارستانییەوە قسە بکات، چونکە هێشتا دەستوپەنجەی لەگەڵ تاکەکانی شار نەرم نەکردووە، بۆیە نەئەمیانە و نەئەویان.

لەسەردەمێکدا پێوەری شار ئەوەبوو کە باڵەخانە و تەلارو بازاڕ و سینەما و ناوەندی رۆشنبیری هەبێت. چونکە سەروەختی جیابوونەوەی هەم جوگرافیای دانیشتوانی بوو لەنێوان گوند و شار، هەم جیاوازییەکانی دیمۆگرافیای نەتەوە و پێکهاتەکان بوو، بۆیە کۆمەڵێك تایبەتمەندی لەمەیدانەکانی تێڕوانین و فەلسەفەی وەرگرت، بۆ نموونە ئەو یاسا سەرەتاییانەی کە بۆ شار دەبوون، هەروەها رەفتاری بەکۆمەڵ ژیان و کاری هەرەوەزی و دامەزراندنی مینای دەریاکان، وەکو سەرچاوەی سەرەکی ئابووری بوون، هەروەها چاپخانە و بڵاوکردنەوەی رۆژنامە بۆ

پێشکەوتن و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بوو، دانانی هۆیەکانی گواستنەوەش بۆ هاتوچۆ و سەنتەری دەسەڵاتی شارنیشینی بوون،"ئەم حاڵەتە لەدوای ئەزموونی شاری قوستەنتینیە و (ماڵتا) (1). ی ئافریقاوە هات، کە دەکەوێتە نێوان لیبیا و تونس کە بەسویسرای رۆژهەڵات ناسراوە، ئەمانە شارگەلێکی ئایۆنین، بەوپێیەی ئەم شارانە خاوەنی هیچ جۆرە میتاڵ و سامانێکی سرووشتی وەکو نەوت و کانزاکانی دیکەی ژێر زەویان نەبووە، بەڵام دژە گەندەڵی و دیموکراسی و پارلەمانین، بۆیە ئەم تایبەتمەندییانە بوون بەمێژووی ئەم دیاردەیە کە تائێستاش درێژە و بەردەوامیان هەیە، چونکە هەقیقەتێکی گواستۆتەوە بۆ بەرهەمهێنانی زانست و ئاشکراکردنی مەعریفە هەمەچەشنەکانی دیکە، تاکو بتوانێ دژەکانی خۆشی قبول بکات، بەڵام بۆ دیاریکردنی جوگرافیایەکی نوێی ژیان، دەبوو ئەم دونیا تازەیە کە گرینگی بەتەواوی کایەکان دەدات، هەم قبوڵ بکرێت و هەم پراکتیك بکرێت بۆ جیهانێکی دیکە کە سنووری پێشبینی کردنی دیار نەکراوە".(2). هەڵبەت ئەم تایبەتمەندیانە بوون کە بوونە هۆکاری خوێندنەوەی دیاردەی شار و داهێنان لەهەموو

بوارەکانی دیکە و پێشبینی کردنی شاری نوێ کە ئەم چەرخەی ئێستا شانازی بەگەشەسەندنییەوە دەکات.

کەچی لەسەردەمێکی تردا مەرجی سەرەکی دروستکردنی شار، ئەوەدەبێت کە هەم بازرگانی تێدابکرێت و بۆرسە و ئالۆوێری دراو و جموجۆڵی پیشەسازی و کەشتیرانی و بەرهەمهێنان و ئالۆوێری سەرزەمینی دەریایی و ئاسمانی و هۆکارەکانی گواستنەوەی بەتایبەتی تێدابێت، هەم فرەیی کولتووری و نەتەوەیی و مەزهەبی و ئاینی قبول بکات، واتە دەسەلاتەکانی خاوەندارێتی شار ئەو پەروەردەیە پەخش بکەن و نەوەی نوێ بەرهەمبهێنن، سابا ئەو فەزایە ئاسایی بێت چ لەخوێندنگە و چ لەژیانی کۆمەلایەتی و چ لەفەرهەنگ و چ لەکایەی ئابووری. بەومانایەی بەشی زۆری بەها فەرهەنگیەکان، یان ئەوەتا سیفەتی بازرگانی وەربگرن، یان ئەوەتا بکرێنە قوربانی بازرگانی، ئەوەش کە پاشماوەی بەهای فەرهەنگییە دەبێ لەچوارچێوەی بازرگانیدا بۆ وەبەرهێنانەوەی خۆی لەرووی ماددە و پوڵەوە، جارێکی تر دەبێتە خزمەتکاری بازاڕ، هەروەك ئەو فیلمانەی کە خەلاتی ئوسکار و نۆبلێ و قەڵەم و خەلاتەکانی تر وەردەگرن، بۆیە

لەبازاڕەکاندا بەهایان زیاترە، بەحوکمی ئەوەی کە بەزووترین کات ماڵیاتی خەرجیەکان وەبەردێنێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ داهاتی تاك و داهاتی حکومەت، کەوابوو شار لێرە بەدواوە لەسەریەتی هەڵگری هەموو مەرجە سەرەکییەکانی تێدابێت کە تیۆرە جیاوازەکان قبوڵیان کردووە.

بەپێی ئەو پێوەرە نوێیەی بۆ شار کراوە، یەکەمین هۆکاری تێوەگلانی دەسەڵاتی شار و دەسەڵاتی سیاسی، ئەو قەرەباڵغی و چڕی دانیشتوانەیە کە بەناچار لەکۆمەڵگەیەك یان شوقەیەك کۆکراونەتەوە، چونکە وێنەی چڕی شار و لێکەوتە نیگەتیڤەکانی، مانای خراپی دەسەڵاتەکەیەتی، هەر ئەم هۆکارەشە ناتوانێ چارەسەری کێشەی دانیشتوانەکەی بکات، تاکو نەبێتە گرێیەکی کارگێڕی. لەکاتێکدا بۆ چڕی دانیشتوانی شار، هیچ بەهایەك بۆ کێشەی ئایدیۆلۆژی و ئاینی و ئینتیماکانی دیکە دانەنراوە، ئەمە ئەگەر بۆ کۆمەڵگەی کراوە ئاسایی بێت، بۆ کۆمەڵگەی داخراو و ناهۆشیار ناگونجێت و کێشەی جۆراوجۆراوی تێدەکەوێت، سەرەنجام پۆلیسیش توانای کۆنترۆڵ کردنی نامێنێ.

"پێشتر گەشەی دانیشتوان لەشوێنە داخراوەکانی شاری بچووکدا، لەسەنتەرێکی جیاکراوە و داخراودا نیشتەجێ دەبوون، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو پێوەرە و بەرزبوونەوەیەی کێش و رێژەیان لەکۆی دانیشتوانی شار، وەبەلەرچاوگرتنی پلەبەندی سەنتەرەکانی ئەو شارانەدا ئەگەر ئابووری بووبێت لەبارەی کشتوکاڵەوە، یان چالاکی خزمەتگوزاری بازرگانی و پیشەسازی سەرەتایی بووبێت، بەڵام ئێستا گەشە بەواتای دیموگرافی و گەشەی دانیشتوان دێت، دەوڵەتیش بەو پێوەرە گرینگی بەشار دەدات".(3).

پێناسەیەکی نوێ هەیە بۆ چەمکی شار، تاکو شێوازەکەی لەشێوازی پێشووتر کە کلاسیك بوو جیابکرێتەوە، هەڵبەت مەبەستم لەو شێوازە نییە کە جاران خەڵکی بەئەسپ و وڵاخ کاریان دەکرد و شتومەك و کاڵایان ئاڵوویر دەکرد و دەبوونە هۆکاری پەیوەندییەکانی نێوان گوند و شار، یان گەشتیان پێدەکردن بەرەو شوێنە گەشتیارییەکان یان کۆچیان دەکرد، بەڵکو نموونەی نوێی شار ئەوەیە کە ستایلی نوێ لەهەموو دەرکەوتەکانەوە پێشکەش بکات، خۆی کۆکەرەوەی کولتوور و

نۆستالیژیای تاك و گشتەکەی خۆی بێت، خۆی خاوەنی شوناسی ئابووری و بازرگانی و فەرهەنگی و ئاسەوارەکانی بێت، لەکاتێکدا ئەم نموونەیە لەسەدەکانی ناوەڕاست نەبوونیان هەبوو و نەتوێژینەوەی جوگرافی و سۆسیۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژییەکانیش باسیان کردووە، مەگەر ئەو شارانەی رەسانەیاتیان هەبووە و دواتر بەتێپەڕبوونی زەمەن تێکچوون، ئێستاش وەکو پارچەیەك لە مۆزەی جوگرافیا باس دەکرێت.

لەدوای سەرکەوتنی سەرمایەداری وەکو سیستم و هاتنی مۆدێرنە و گەشەی تەکنۆلۆژیاوە، ئەم تێزە کاریگەری وای کردووە کە نەك هەر شارنشین، بەڵکو گوندییەکانیش، بە ئۆتۆمبێل و پایسکل و میترۆ و فڕۆکە کاری خۆیان مەیسەر بکەن، بەڵام شار هەر ئەوەندە نییە، نەخێر پێکەوەژیانی نەتەوە و ئاین و کولتوور و رۆشنبیری جیاواز و یەکتر قبولکردن و هتد، کارپێکردن بەزیاتر لەزمانێك لەناوەندەکانی راگەیاندن و قوتابخانە و فەرمانگە فەرمیەکان و نووسین و تادەگاتە ژیانی ئاسایی، پێوەرێکی سەرەکی دیکەی هەنووکەییە کە پێناسەی بۆ شاری نوێ داناوە، ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت کە تەنها پەیوەندی شارو گوند لەوێدانییە

که بازرگانی تێدا بکرێت، یان بەرزی باڵەخانە و شێوازی تەلارەکان بێت شێوازەکە بگۆڕن، ئەرشیفی کۆنی گەلان ئەوەیان سەلماندووە کامە گوندە و کامە شارە لەرووی مێژووییەوە، چونکە سەلماندن ئەوەیە، یەکەم شار ئەوەبوو کە دەستووری ژیان و یاسا و رێکخستنی ژیان کردە پێوەر، حامورابی دەکرێت بەیەکەم کەس بناسرێت کە پێیوابوو شار لەوێوە دەستپێدەکات کە خاوەنی پرنسیپی خۆی بێت لەرووی یاساوە.

تۆما ئەکوینی و جان جاك رۆسۆ و تۆماس هۆبز و هتد، بۆ رۆژئاوا پشتگیریان لەو چەمکە کردووە کە مرۆڤ پێشتر بۆ خۆجیاکردنەوەی لەوانی تر هەوڵی شارنشینی داوە، واتە پێناسەی ستایلی ژیانی پێشکەوتووخوازانە و کراوانە بێت،" شاری مۆدێرن لەرێگەی بڕیاردانی دیموکراسیانەی راستەوخۆی خۆیانەوە لەتەرخانکردنی بەشەکانی بوودجەی شارەوانییەکاندا بەشداری دەکەن، لەسیستمی سەرمایەداری دەوڵەتیدا کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکیانە نیولیبڕالی دەبێت و لەسەرەتاکانی دەیەی 1990 ەوە، کاریگەری کاولکاریەکەی لەسەر ژیانی رۆژانە زیاتر بووە، بۆیە زۆرێك لەخەڵك بەداوی وەڵامدانەوەی ئەو

ڕووداوانە دەگەڕێن".(4). ئەو نیولیبڕالییەی کە لەئاستی دونیادا شکستی هێنا و کەوتە بەر رەخنەی بیرمەندان و هونەرمەندان و رۆژنامەنووسان و حیزبە پێشکەوتووخوازەکان، جگە لەتاك گەراییەکەی موزەیەف و ناجۆر و نامرۆڤی و سیستمێکی ماشێن ئامێز کە مرۆڤی لەمەنگەنە داوە و هاڕیویەتی، ئەمە بەچەمکی شارەوە بەستراوە، لەکاتێکدا شار ئەم ئارگومێنتەی ناویَ بیسەلمێنین بۆ تاك، بەڵکو لەسەر سیستم و دەوڵەت و خەڵکەکەیەتی کە بیسەلمێنن کاولکاری تەنها لەتێکدانی تەلار و کارگەکان نییە، بەڵکو لەتێکدانی ژیانی خەڵکە.

## بونیاد و مۆدێرنیته

هەموو چەمکێك دوای پەیدابوونی بونیادەکە دانی پێدانراوە، بۆیە دەبێ ئێمە سەرەتا بونیادەکەی شار بناسین، دواتر چەمکەکە تاوتوێ بکەین، بۆ ئەمەش پێویستیمان بەپشتڕاستکردنەوەی ئەو سەرچاوانەیە کە باسی شار و شارستانییەت دەکەن، چونکە ئێمە شاری رەسەن و شاری کۆپیمان هەیە کە بنەچەکەی و مێژووەکەی ساغکراوەتەوە و نووسراوەتەوە، بەڵام شاری رەسەن ئەو شارانەن کە لەسەر دیزاین و ستایلی جوگرافیای نیشتەجێبوونی شارەکانی دیکە بونیادنراون، لەکاتێکدا بەهۆی تێکەڵبوون و ململانێی نێوان چین و نەتەوە و کولتوورەکانەوە، بەشی زۆری کۆمەڵگەی مرۆیی ئەوانەی لەیەکترەوە نزیکن، خاڵی هاوبەشیان هەیە، وەکو کۆریا و چین و تایلاند و تایوان و ژاپۆن و هتد لەیەکتر دەچن، هەروەها بەنگلادیش و نیپاڵ و مالیزیا و هیند و پاکستان لەیەکتر دەچن، شارەکانی ئافریقاش لەیەکتر دەچن و ئەوانی تریش هەروا، بۆیە شار بەبێ بنەما و رەسەنایەتی کۆپی دەردەچێ و ناتوانێ بەرگری لەمێژووی خۆی بکات.

"شۆڕشی شارستانی بەر لە 5000 ساڵ دەرکەوت، بەڵام بەشێوەیەکی گەورەتر لەقەوارەی خۆی بڵاوکرایەوە، تەنها لە ماوەی چەند سەدەیەکی کەم و دواهەمینیان نەبێ کە یۆنانە، زۆربەی دانیشتوانانی جیهان بەر لەگەشەی شار و دانیشتوانی گوندنیشینی بچووك، بەڵکو هەندێك گەل بەشێوەیەك دەژیان کە پشتیان بەراو و شکاو دۆزینەوەی خۆراك بوو، ئەمە بۆ ماوەیەکی درێژ پێش چەرخی بەردینی نوێ و پێش کشتوکاڵی بەردەوامی هەبوو". (5). کەواتە ئێمە کە باسی شار دەکەین، باسی گەشەی فەرهەنگی و کولتووری و بونیادە سەرەکییەکانی ئەو دیاردەیە دەکەین کە لەبەردەم چەندین شێواز لەململانێدایە، ڕەنگە هەیانە جگە لەململانێی وەرزشی یان کشتوکاڵی، ناتوانێ بچێتە کێبەرکێی پیشەسازییەوە، یان ناتوانێ بچێتە ململانێی فرە نەتەوەیی و فرە ئاینییەوە، یان کێبەرکێی هۆکارەکانی گواستنەوە یان هێزی کار و هتد بکات.

سەرەتای سەرهەڵدانی مۆدێرنە، سەرەتای ئەو پنتانە بوو کە گرێی کارگێڕی بۆ دانیشتوان خولقاند، شاری مۆدێرن کێشەی گەورەی بۆ شارە کلاسیکییەکان خولقاند، بۆیە دەبێ لەتێرمی

مۆدێرنەوە دەستپێدەکەم کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەشار و تەلارسازییەوە هەیە، هەڵبەت ئەم چەمکە بەناتەواوی هاتە نێو کایە مەعریفییەکان و ئەدەب و هونەرەوە، بۆیە لەگەڵ خۆی قەیرانی هێنا و هێشتا پرسیارەکانی بەردەمی ئەم چەمکە ئاڵۆزە و وەڵام نەدراونەتەوە، ئێمە لەباسی دیکەی تایبەتدا بەسمان کردووە، "زۆربەی مێژووناسەکان کە باسی مۆدێرنە دەکەن، مەبەستیان ماوەی نێوان ڕێنیسانس و شۆڕشی فەرانسەیە، بەڵام کەسانێك هەن کە دەستپێکی مۆدێرنیتە دەگەڕێننەوە کاتی پیشەیی بوونی کۆمەڵگە ئەوروپییەکان و سەرهەڵدانی لایەنی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و گشتاندنی بەرهەمهێنانی کاڵایی، بەهەرحاڵ بەگشتی ڕێکەوتن هەیە لەسەر ئەوەی کە تێرم یان چەمکی مۆدێرنە، واتە سەردەمی سەرکەوتنی عەقڵی مرۆڤە بەسەر بڕوا سوننەتییەکاندا".(6).

لەدوای ئەم تێگەشتنەوە بۆ مۆدێرنە، ئیدی گفتوگۆی هەمەلایەنە لەسەر هەموو کایەکان کرا و یەکێك لەوانەش بابەتی شار بوو کە چۆن ئاڵوگۆڕی بەسەرهاتووە و چۆن جوگرافیایەك ناوی شاری لێدەنرێت و چۆن پێشدەکەوێ؟، هەروەها چۆن ئەو سیما

کلاسیکیەی نەماوە و بۆتە مۆدێرن، بۆیە زۆر جوگرافیا هەن لەرێگەی دەستکەوتەکانییەوە، بەسەردەمی شارستانییەتی نوێ ناسراوە، چونکە ئیدی حکومەت و دەسەڵاتەکان بەپێی عەقڵمەندی چالاکی تەکنیکی و ژیانی ئیداری و ژیانی سیاسی رێکخراون، ئەمە دژایەتی ئۆتۆریتەی سووننەتی یە لەرابردوودا، لایەنگری هەموو ئەو بابەتانەش کاریگەرییەکی نیگەتیڤی دەرخستووە، ئەویش ئەوەیە کە مۆدێرنیزم بوو بەئایدیۆلۆژیای زانین و زانست و تەکنۆلۆژیا.

ئەگەر لەدەرەوەی پێناسەی دەوڵەتشاری یۆنان وەکو بنەمای فەلسەفەی قسە بکەین، ئەوا شاری نوێ یەکێك لەو دەرکەوتانەی دوای ململانێی نێوان سیستمی دەرەبەگی و سەرمایەدارییەوە سەریهەڵداوە، هاتنی ئەم دەرکەوتەیەی سەرمایەداری بەسەرکەوتنی بەسەر سیستمەکەی پێش خۆی هێنا کە پێشتر شێوازێکی هەبوو، دواتر لەگەڵ هەر چەرخێکدا، یان هەر سەدەیەکدا شێوازی گۆڕا و بووە دەرکەوتەیەکی نوێ، چونکە پێشتر پێوەر بۆ شار پێشکەوتنی رۆشنبیری و فەلسەفە بوو، هەروەك لەدەوڵەت شاری یۆنانیدا دەبینین.

چۆن قسە لەسەر شاربوون و فراوانی چەمکەکە دەکرێت، لەشوێنێکی دیکەشدا پێوەری پیشەساز و فرە کولتووری و فرە زمانی و هۆکارە جیاوازەکانی گواستنەوەی مرۆڤ و شتومەك و هەروەها گرینگترین لایەنیشی ئازادی تاك و تاکگەرایی بوو کە پێشتر شوێن جەهەنمێك بوو بۆ تاك و دواتر لەشاردا و لەنێو کۆمەڵگەدا بزربوون.

ئەم دیاردە سیحراویە کە ناوی شارە، قسەوباسێکی زۆری لەسەر کراوە، مۆدێرنە وەکو رەوتێکی نویێ بۆ هەموو کایەکان بوو بەمیتۆدی کارکردن، بەپێی قسەی (جاك بێرك) (7). بێت، ئەم رەوتە وەکو میتۆد بۆ هەموو رۆشنبیرییەکانی تر دەبوو ئەو رێگەیە بگرێت، وەکو ئەوەبوو کە قورسایی و پتەوی دارێك پشتگویێ بخرێت و لەسەر بەرهەمی دارەکە قسە بکرێت، ئەمەش بەمانای روخان و پەراوێزخستنی خودی رۆشنبیری دێت کە نازانریێ چۆن لەو پێدراوانەی مۆدێرنەی ئەورووپی کەڵك وەردەگیرێت.

ئێمە لێرەدا چەند لایەنێکی گرینگی ئەم باسە تاوتویێ دەکەین، هەروەها بەسەر بونیادنانی شاری کوردیدا تارادیەك بەپێی توانا و

پەیکەرە و هاتنی چەمکی شار بەپێی فەرهەنگی کوردی پراکتیکی دەکەین کە شار بۆخۆی لەهەموو دونیادا لەسەرەتای ئەم گەشەسەندنەدایە و هەرکامیان بەپێی پێوەری مێژوویی خۆیان شوناسیان دەناسرێنەوە، بەگشتی شار وەکو شوێنێك بۆ هۆکاری بەرهەمهێنانی چالاکی کۆمەڵگە بەهەموو جیاوازییەکانیانەوە پێناسە دەکرێت، ئەم دینامیکییەتە بازنەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی جیاواز کردۆتەوە، چونکە هەم توێژەکان و هەم گروپەکان و هەم ئاراستەکردنی کۆمەڵگە بەگشتی دیاریدەکات، هەم کۆمەڵگە و گروپ و توێژ و چینەکان لەدۆخی نووستوودا هەڵدەستێنێت، ئەمەش لەرێگەی دابینکردنی پێداویستییە مرۆییەکانەوە دەبێت کە دەوڵەت و دامودەزگا فەرمییە شەرعییەتپێدراوەکان دیاریدەکەن، (ماکس فیبەر) لە خوێندنەوەی سۆسیۆلۆژیدا بۆ شار، شاری وەکو یەکێك لەو سیمبولانە ناسیووە کە بۆ داگیرکاری کولتووری، سیمبولێکی دیاری وەکو بورجیان بەکارهێناوە، لەمبارەیەوە "وشەی بورج بەمانای شار دادەنێت، بەتایبەتیش بورجی ئیڤل ی پاریس و بیزای ئیتاڵی و بورجی خەلیفەی دوبەی و بورجی کولامبوری مالیزیا و بورجی شانگهای چین و بورجی ویلیس و بورجی حمرای

کوێت و بورجی میلادی ئێران و هتد. وەکو دەرکەوتەی سیحرێك بەرامبەر ڕۆژهەڵات بەکارهێنرا.

ئەندازیارە کۆنەکانی ڕۆما کە تیۆری شاریان لەسەدەی 15 دا درووستکرد، یەکێك لەوانە (ئەلبێرتی و ف دی جیۆرجیۆ مارتینی) بوون، ئەوان مومارەسەی هونەرێکیان کرد کە ڕەتکردنەوەی تایبەتمەندێتییە کلاسیکییەکان بوو، بۆیە سەدەکەی خۆیان بە پێشکەوتووترین زەمەن دادەنا، بەڵام ڕێکخەرانی شار لەسەدەی بیست، بەدوای تایبەتمەندی و ئارەزووی خۆیانەوە بوون بۆ ڕێکخستنی شار، لەوانەش خوێندنەوەی چالاکی مرۆیی و ڕەهەندی زمانەوانی و کۆمەڵناسی بەرامبەر ئەوانی تر، ئامانجی ئەم ڕێکخستنەش مرۆیی بوو، ئەویش بریتی بوو لەڕێکخستنی زمانی گشت، ئەو زمانەی کە هەموو خەڵك پێکەوە بتوانن لەچالاکییە جیاوازەکان کاری پێبکەن".(8).

ئەم تیۆرە کەوتە بەردەم پرسیارەوە، ئایا ئەم تێگەیشتنە بۆ بونیادنانی شار سەر دەگرێت و جێکەوتە دەبێت، وڵامەکەی لەپراکتیکدا وەرگرت، بەڵێ زمان دەتوانێ بەشێوەیەکی

هەمەلایەنە کۆمەڵگە جیاوازەکان و خەڵکە ناتەباکان لەڕووی دابونەریت و ئاینە جیاوازەکان کۆ بکاتەوە و دونیایەکی جوانتر بخوڵقێنێ، ئەم دیفاکتۆیە سەلمێنەری ئەم بابەتەش لەوێوە هەستی پێدەکرێت، وەختێك دەبینین ئەوروپا و زۆربەی جوگرافیاکانی دونیا بەجیاوازییەوە دەژین، جگە لەئافریقا، ئەویش بەهۆی نەگونجاوی کەشوهەوای و خراپی و ئابووری تێکشکاوی و تێگەیشتنیان بۆ ئەو ستایلەی ژیان کە حەرام کراوە لەمرۆڤ، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی و بەتایبەتیش کە روحیەتەکە تەنها لە جوگرافیایەکدا قەتیس بووە، توێژەرانی ئەم بوارە ئێستا خەریکی ئەوەن چۆن بتوانن ماناکانی شار کۆنکریت بکەن، تاکو شارنشینەکان بەگشتی پەیوەست بن پێوەی.

لەسەدەی بیستەمیشدا دوای ئەوەی خوێندنەوە و توێژینەوە بۆ شاری مۆدێرن کرا، چەند تیۆرێك کەوتنە بواری پراکتیکەوە، ئەوانیش تیۆری (نوا و سوپر بلوك و ئایندە) بوون کە تائێستا کاری پێدەکرێت بۆ گەشەسەندن و نەشونما.

تیۆرەی یەکەم کە تیۆرەی (نوا) یە واتە گەشە، کە خاوەنی تیۆرەکە ئێرنس بێرگس، تیۆرەکە پشت بەهۆکارەکانی ئابووری و

دەزگاکانی دیکە دەبەستێت و کەمتر بەلای کولتووردا دەچێت، واتە ئەوەی گرینگی پێدەدات و لەبەرچاوی گرتووە، مەسەلەکە تەنها ئابووری یە .

تیۆرەی دووەم بەناوی سوپەر بلوکە و لەلایەن (والتر کرستالر) تۆێژەرێکی ئاڵمانییە نووسراوەتەوە، پشت بەیاسای دەسەڵاتگرتنی شوێنەکان و پلەبەندی و سەربەخۆیی هەرێمەکان دەبەستێت، واتە ئەم توێژەرە گرینگی بە سەنتەریزم نادات بۆ بەڕێوەبردن، هەر هەرێمێك کە خاوەن ئابووری و فەرهەنگ و کولتووری خۆیەتی، تایبەتمەندی خۆی لەبەرچاو دەگیرێت .

تیۆرەی سێیەم بەناوی ئایندەیە و تیۆری (چوسنی هێرس) ی ئامریکییە کە پشت بەهێز و ئابووری سەنتەرگەری دەبەستێت، واتە ئەو شارانەی کەنارن وەکو پاشکۆی سەنتەرەکان لەبەرچاو دەگیرێن، بۆیە هەموو توێژینەوەکەی لەسەر کالیفۆرنیا و شیکاغۆ تەرخان کردووە و گرینگی بەهێزی ئابووری دەبەستێت، شارە بچووکەکانیش جودا دەکاتەوە وەکو بەشێك لەبونیادی شوێن، نەك بڕبڕەپشتی دەوڵەت، یان شارێك کە خاوەنی ئابووری سەربەخۆیە.

هەرسیٚ تیۆرەکە لەلایەن دەوڵەتانی دونیاوە پراکتیك کرا و تائێستا ئەلتەرناتیڤیان نییە، چونکە هەموو لایەنەکانی پێوەری خەملاٚندنی شاریان لەبەرچاو گرتووە، ئەوانەش ئابووری و فرەیی پێکهاتەی دانیشتوان و ئەدگار واتە (معالیم) و گەشتوگوزار و سەوزایی یین.

## سەرەتای دەسەڵاتگرتن

دەسەڵاتگرتنی شار لەسەرەتاوە وەکو دەسەڵاتی حازر نەبوو کە ئێستا حیزبێکی سیاسی دەسەڵاتی دەزگاکان وەردەگرێت و دەکەوێتە سەر حوکم، بەڵکو دەبوو ئەو هێزەی بەنیازی حوکمڕانی شار بوو، لەسەرەتاوە خەریکی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئاینیی و جوگرافیا بێت، پاشان ئابووری، لەوێشەوە جومگەکان لەسەرەتاوە بونیادبنێت و خەڵك رابهێنێ لەپەیوەندیبەو جومگانەوە و پەیوەندییە جۆراوجۆرەکان درووستبکات، (تالکوت پارسۆنز. 1902_1979) کۆمەڵناسێکی ئامریکییە خاوەنی تیۆری رەفتارگەرییە و بڕوای بەکاری خۆبەخشییە و دژی بەرژەوەندخوازی بوو تاڕادەی کاری کرێگرتە، لەمبارەیەوە کە لەسەر بنەمای بۆچونی تۆماس هۆبز قسە دەکات و پشت بەکاری هاوبەش دەبەستێت، ئەوەمان پێدەڵێت کە توانای گشتی بۆ بەستنەوە و توند و تۆڵکردنی بەشەکان و ناچارکردنیان بەکارکردن لەناو سیستەمی کاری هاوبەشدایە، لەکاتێکدا ئەم

پێکەوە بەستنانە یاسایین، بەهۆی سەرچاوەی پەیوەستبوونیان لەسەر ئامانجەکان، هەروەها لەو شوێنەدا مەسەلەی یاخیبون بەهۆی ڕێپێدانی دۆخی نەریییەوە دەبێتە گریمانەیەکی ناچاری. (9).

هەڵبەت ئەوە دەرکەوتووە کە هێز دەتوانێ بەهەمەلایەنە بیر لەدرووستکردنی شار بکاتەوە، لەڕوانگەی پارسۆنزە وە (هێز) توانایەکی گشتییەو بەو واتایەی کە لەوانەیە بۆ کۆمەڵێك مەبەستی زۆر جۆراوجۆر بەکارهاتبێت، بەڵام ئەمە فەرمانێکە لەهەموو بارودۆخەکاندا گونجاوە. ئەمە بەشێوەیەکی تایبەت دەرفەت دەدات بەپارسۆنز کە هێز لەزۆرلێکردن و لەیەکتر جودا بکاتەوە، یان رازیکردن و بەو هۆکارانەی تر کە لەوانەیە بەکارهاتبن بۆ بەدەستهێنانی ئارەزووی گونجاو لەناو ئاڕاستەی کاردا. ئەم مەسەلەیە رێنیشاندەر بووە بۆ پارسۆنز بۆ نیشاندانی ئەوەی چۆن بڕی هێزی بەدەستهاتوو لەکۆمەڵگەدا، لەهەرکاتێکدا بەدەستهاتبێت و پشتی بەتوانای مرۆیی کۆمەڵگە ببەستێت، بۆ گرەنتی دان و بەردەوامیدان لەنێوان کۆمەڵێك کەسدا کە باوەڕیان بەوەهەیە، کردارەکان لەم هێزەوە بەدەست هاوتوون، ئەمەش

لەناو ڕەوشەکانی دەسەڵاتدا یاسایی وەرگیراوە، ئەگەرچی ئەم ستایلە ڕەفتارە حوکمڕانییە لەتەواوی دونیادا ئامادە نییە، بەڵام لانیکەم لەڕێگەی دابەشکردنی کار و لەڕێگەی ڕەفتاری خەڵکەوە لێرەو لەوێ لەزۆربەی وڵاتانی دونیا بەرچاو دەکەوێت، جگەلەو وڵاتانەی کە ناجێگیرن و خۆیان دژی خۆیانن.

"بونیادی سەرەکی دەسەڵاتگرتنی دەوڵەتمەدارەکان وبەڕێوەبەرانی شار، بریتیین لە دادوەران و پارێزەرانی یاسا و پێگەی شارەوانی و ئەوانەی کە خەڵك و جوگرافیا دەپارێزن، ئەمە وادەکات کە خەڵك حەزیان بۆ ژیانی شار بچێت و ئینتیما بکات بۆ دامودەزگاکانی حکومەت، لەوێوە کار بکات لەخزمەتی شار و ببێت بەخەڵکی شار". (10). ئینتیما لەخۆڕا درووست نابێت و ناگونجێ لەگەڵ سایکۆلۆژیای خەڵك، بەڵکو بۆ ئەو فەزایە دەخولقێنێ کە کارەکتەرە چالاکەکانی هەم گوند و هەم شاری نوێ دەپارێزن، هەم بۆ خەڵك و هەم بۆ چوونە ریزی شارە ڕەسەنەکان هەوڵدەدەن، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی لەبری بەکارهێنانی ویژدانی سۆزداری ئاینی، ویژدانی هاونیشتیمانی بەرکاردەهێنن و دەبنە داینەمۆی درووستبوونی ڕەفتاری

چاکەکاری بۆ هەموو خەڵك کە ئەمە بەنیسبەت شارە مۆدێرنەکانی رۆژئاوا، ستایلێکی گوندیی کلاسیکییە و ئێستا یاسا و دەستوور چارەسەری کردووە و کردوویەتی بەئەرکی گروپە چالاکەکانی کۆمەڵگە.

"دیاردەی سەرۆکایەتی کردن و دەسەڵاتگرتن لە نێو وڵات لەکۆی کۆمەڵێك، دەرکەتووە نمودی شاربوون و شارستانیەتی کۆن لە 5 دانەیان هەیە، بۆیە ئەو جۆرە سەرۆکایەتییەی خەڵك بەژمارە بووە و بەناوی (ال) واتە بنەماڵە بووە، ئەمەش وایکردووە بەسیاسەتی سەرۆك خەڵکی رێژەی زیادی کردووە، زیادبوونی خەڵکیش واتە ویادبوونی پشتگیری خەڵك بۆ دەسەڵات و سەرۆك، لەوانەش سعودیە و کوێت و لیبیا و یەمەن و سوریا بوونە، لەبەریتانیای کۆن و هیندستان و وڵاتانی شانشینی ئێستای ئەوروپا بەهەمان شێوە رەفتار دەکەن، ئەم هۆکارە جوگرافییە مێژووی بۆ شار و دەسەڵاتگرتنیش تۆمار کردووە و لەسیاقی مێژوویی خۆیدا، شەرعیەتی پێداون، لەکاتێکدا بەشێکیان بۆماوەی خۆیانە و ئەوانی تر وەکو وەزیفەی نوێی سیاسی بوون".(11).

پرسیارێکی دیکە لەسەر شار درووست دەبێت، ئەویش ئەوەیە کە بۆچی زۆربەی کۆمەڵگە مرۆییە رەسەنەکان لەناوچوون و نەیانتوانیێ ئەو ئینتیمایە بۆ شاری خۆجێی و شاری رەسەنایەتی بمێنیێ، " چونکە لەژێر دەسەلاتی داگیرکاریدا بوون، دەسەلاتی بونیادنراویش لەسەر توندوتیژی دەسەلاتی سوپا هەمیشە لەژێر کاریگەری سەرکەوتندا بناغەکانی خۆی لەناو کۆمەڵگەدا دەچەسپێنیێ، واتە ئەوکاتەی هێزی خۆسەپێنی سەر دەسەلات، تەواو جومگەکانی ژیان لەپێناوی بەرژەوەندیی خۆیان قۆرخ دەکەن، هەموو شێوازەکان دەکەونە ژێر هەمان کاریگەریەوە".(12).

لێرەدا لێکچونێك لەنێوان هێزی داگیرکەر و ساماندا هەیە، هەروەك لەدەستچونی دڵنیایی لەناو مەسەلەیەکدا کە رێنیشاندەرە بۆ زیاتر پەنابردنەبەر ئاڵوگۆڕکردنی جوگرافیا و سیاسەت و حوکمڕانی، هەروەها لەدەستدانی بێدەنگبوون لەناو مەسەلەکانی تر رێنیشاندەرە بۆ زیاتر پەنابردنە بەر زۆر لێکردن و فشار. هەندێك لەوەی پارسۆنز دەیڵێت، بێگومان زۆر پشت بەئەرکگەرایی سۆسیۆلۆژی گشتی دەبەستێت. هەرچۆنێك بێت،

ئەمە دەروازەیەکە بۆ تێگەیشتن لەم بیرۆکەیە کە رازیبونی تاکەکانە، ئەمەش دەستەبەرکردنی دەسەڵاتە بەهۆی پێکهێنانی توانا لەبەکارهێنانی کردارەکانیاندا. هەروەها گەڕانەوەی کاریگەرترین بیرۆکەیە کە بریتییە لەبیرۆکەی مۆدێرنی رۆژئاوایی دەربارەی دەسەڵات، لەم ڕووەوە مامەڵەکردنی پارسۆنز لەگەڵ هێزدا، پاشماوەی میراتی درێژ ماوەی هزری رامیارییە. ئەم روانگەیەشی دەمان گەڕێنێتەوە بۆ ڕوانگەی هۆبز لەتاوتوێکردنی هێزدا".(13).

سیاسەت وەکو چەمکێکی نوێ لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە دەبێتە ئامرازێك بۆ بەڕێوەبردن، نەك بۆ رێگەپێدان بەمومارەسکردنی ئازادانە و بەشداریکردنی هەموو خەڵك و هێزی سیاسی و فکری جیاواز بۆ نێودەوڵەت، بۆیە باب مەزنی و پشتاوپشت وەرگرتنی دەسەڵات لەکوڕەوە بۆ باوك و درووستبوونی ئیمپڕاتۆریەت و پەیام وەرگرتن لەسیستمی کلێسا و قەشەسازی و هتد، دەبێتە ئەلتەرناتیڤ بۆ سیستمی پاشایەتی، وەکو پێشتر باسمان کرد، تا ئێستاش بوونی هەیە لەزۆربەی وڵاتانی رۆژئاوا و رۆژهەڵاتیش، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی شێوەی حوکمڕانی سەرەتا

دەسەڵاتدارەکان و پاشماوەی سیستمی دەرەبەگایەتی ناچار دەکات کە دەست بۆ کەسانی شەڕانگێز و ناشارستانی ناجۆر ببەن، تاکو بیانپارێزن لەناڕەزایەتی خەڵك، بۆ نموونە "پێشتر ئاسیا نوێنەرایەتی نێوانێکی لالْ و بێگانە و ناوێزەی دەکرد، بۆ ئیسلامیش بەرانبەر بەکرستیانیزمی ئەورووپی دووژمنێکی جەنگاوەر بوو بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەم بەرقەرارییە ترسناکە، رۆژهەڵات دەبوایە بناسریّ، پاشان هێرشی بکرێتە سەر و داگیربکریّ، پاشان سەرلەنویّ لەلایەن توێژەرە زانستییەکان سەربازەکان و دادوەرەکان کە لەناو مێژوودا بوون، نەژادەکان و کولتووری لەبیرکراو بەسەر لەنویّ پێشخستنی بۆ ئەودیو خۆناسینی رۆژهەڵاتی مۆدێرن، وەك رۆژهەڵاتی راستەقینە بتواندریّ بەکاربهێنرێتەوە و بونیادبهێنرێتەوە".(14). ئیدوارد سەعید خەریکە لەباسەکە دوورمان دەخاتەوە، بەڵام باسی دیوێکی نادیاری ئەوانی تر دەکات کە نهێنی شارە، یاخود بۆ شارە بزربووەکانە کە لەرووی جیۆسیاسییەوە لەهاوکێشەدا نین، چونکە لەسەرتای دەسەڵاتگرتنە دەستی خاوەنەکانیان بوون، واتە دەسەڵات بەسەرداگرتنی ئەو جوگرافیانەی کە لەدەست خاوەنەکانیانن و ناتوانن ئیدارەیەکی مۆدێرنی بدەن و بیکەن

بەخاوەن شوناس، بەوپێیەی بونیادنانەکەی لەدەسەڵاتی ئەواندا نییە، بۆیە ڕۆژهەڵاتناسەکان بەهۆی ئەزموونی خۆیانەوە، هەم ئاشکرایان دەکەن و هەم لەڕێگەی فکر و خزمەتگوزاری مۆدێرنەوە، تمووحیان تێدەکەن و داگیریان دەکەن، بەڵام لەپەنا ئەم پیلانگێڕییەش، دیاردەیەکی نوێیان پێدەبەخشن و ژیانێکی نوێیان بۆ نمایش دەکەن کە خەونیان پێوە بینیوە، لەکاتێکدا شار بەبێ ئەوەی سیستمی هەبێ، واتە بەبێ ئەوەی داهێنانی تێدا بکرێت، خۆی خاوەنی کولتوور و شوناسە ڕەسەنەکەی خۆیەتی، بەو مانایەی کە شارنشینی سەرەتا لە تاکەکانی ژیانەوە دەڕوانێ و لەکۆکردنەوەی کولتوور و زمان و دیاردە و هۆکارەکانی گواستنەوە و بایەخدان بە گونجاندنەوە دەست پێدەکات، پاشان سیستمێك بۆ بەرگریکردن دادەمەزرێنێت.

تێگەیشتن و قبولکردنی شار وەکو سیمای نوێ نەك ئەنترۆپۆلۆژی، بەر لەدایکبوونی خودی دیاردەکەیە لەڕووی شێوازەوە، بەومانایەی مرۆڤ لەدەرەوەی هەر شتێك بێت و بەجەستە تێکەڵی شار بێت، خاوەنی ئایدیای شارنشینی بێت و ئەو شوناسە وەربگرێت کە شار قبوڵیەتی، یان بەپێچەوانەوە،

بەناچار مانا شاراوەکانی دەبنە کولتووری هاوبەش بۆ پراکتیك کردن.

"نموونەی درووستکردنی شارێکی نوێی وەکو فەرانسە لەسەردەستی ناپلیۆن کە لەرێگەی چەقۆکێش و پیاوی شەڕانگێز و نامرۆڤانە و ملکەچ بۆ دەسەڵات و هتد، وەکو سەرەتایی درووستکردنی ئیمبراتۆریەتێك بناغەی دانراوە، کەچی لەدوای لەدوای جەنگی 1870 بۆ 1871 ناپلیۆن لەسەر شانۆ بزربوو، تاکو ئەوکاتەی کە بسمارك ئامانجەکانی یەکگرتنی ئاڵمانی بەدەستهێنا، پاشان سەرکەوتنی بیرۆکەی هەڵبژاردنی حیزب بۆ دەسەڵاتگرتن کە کۆمۆنەی پاریس شکستی بەم دەسەڵاتگەریە هێنا، ئەو دەسەڵاتەی کە لەپەیمانێکی موقەدەسدا لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا بەپێی هەلومەرجەکە خۆی سەپاند، ئیدی شار لەدوای شۆڕشی شوباتی ساڵی 1848 لەدەستی چاوچنۆك و بەرژەوەندخوازان پاك بووەوە"(15).

بەمشێوەیە حوکمڕانی تاماوەی دوو سەدە بەهەموو کێبەرکێکان و یەکتر سڕینەوەی ئەربابەکانیشەوە، هەروەکو لەدەسەڵاتدارێتی پاریسدا بەنموونە چنگمان دەکەوێت بەردەوام دەبێت، بەڵام

دوای ئەوەی پیشەسازی گەشەدەکات و خەڵك کەمێك چاوکراوەتر لەجارانی پێشوو دێنە نێو حوکمڕانییەوە، شۆڕش بەهەموو ماناکانی تەکنۆلۆژی و ئایدیۆلۆژی و چینایەتی دەستپێدەکات، بەتایبەتی لەرۆژئاوا کە هەمیشە لەشۆڕش دانەبڕاوە، بەڵام نابێ ئەوە لەبەرچاونەگرین کە تائێستا سیستمی پاشایەتی هەم لەرۆژئاوا و هەم لەرۆژهەلات لەئاستی دەوڵەتدا دیاردەیە نەك کۆماری، ئەمەش کاریگەری کردۆتە سەر بارودۆخ و دیزاینی ژیان و ماڵ و ستایلی دیموگرافیای رەگەزی و چینەکانیش، چونکە دوای ئەو هەموو شۆڕشە پیشەسازی و شۆڕشە سیاسییانەی بەسەر دۆخی سیاسەتدا هات لەهەموو کیشوەرەکان، جیاوازی لەستایلێ و دیزاینی نیشتەجێبوون نەگۆڕی، بگرە بەرچاوتر و دیارتر رەنگیدایەوە، هەر لەمەغریبی عەرەبییەوە بگرە کە دیزاینی ماڵەکانیان و ئەو شارانەی تێیدا دەژین وەکو ئەوەی لەموراکش هەیە و خانووەکان لەگوندێکی قوڕین دەچێت، تادەگاتە ستایلێ و دیزاینی نیشتەجێبوونی پاشایەتی لەئەسکەندەنافیا و بەشێك لەئەوروپا کە بریتین لەبەلجیکا و بەریتانیا و هۆڵەندا و ئیسپانیا و هەر چوار دەوڵەتی ئەسکەندەنافیا و هتد، ئەمە کاریگەری لەسەر دەماری مرۆڤیش

داناوه كه گرینگیان پێنادرێ و زۆنەكانیان لەئاستی ئەوان بەگوندی كۆن دەچێت، ئەلێرەوەیە كە مێژووی دەرفەتی هەر جوگرافیایەكی دا، ئەوا پێویستی بە ئەنترۆپۆلۆژیا نییە بیسەلمێنێت.

بەڵام بەهاتنی سەردەمێكی نوێ و لەژێر نانونیشانی پۆست مۆدێرنە، شاری نوێ بە نەخشەدانانی ئەندازەیی و دیزاین و سەربەخۆیی و ئاستی جیاوازی دەزگاكانی دەوڵەت و بازاڕەكانییەوە دەردەكەوێت، دەبێ لەرێگەی هۆكارەكانی خۆشی و جوانی و سەوزایی و سەنتەرەكانییەوە، خەڵك رابكێشێت بۆ ئەوەی ببنە دانیشتوانی، هەروەها ئەو دیموگرافیایەی كە لەشاری نوێ دەبێ هەبێت، جیاوازبێت لەگەڵ شارە كۆن و كلاسیكییەكان، چونكە لەشاری نوێ مەرج نییە زۆرینەی دانیشتوان سەر بە یەك ئاین و یەك نەتەوە و یەك عەشیرەت و ئایدیا بن.

بەسەرهەڵدانی شێوازێكی نوێ لەبڵاوكراوە و گەیاندنی دەنگی خەڵك و ناوەندێك بۆ كێشمەكێشی سیاسی و فەرهەنگی و یەكلایی كردنەوەی فكر و هتد، دەستی كار دەبێتە ئەو هێزە

بەرهەمهێنەرەی کە دەوڵەت لەسەر دەستی ئەوان چاو دەبڕێتە فراوانترکردنی شار، بەڵام ئەم دەستی کارە دواجار دەبێتە ملۆزم بەسەر سیستمی سیاسی و دەوڵەتەوە و ناڕەزایەتی بەرپادەبێت، هەروەك ئەوەی کە لەسەدەی 18 دواتریش بەچڕوپڕی لەسەدەی 19 کرێکار لەکارگەکاندا گەورەترین ناڕەزایەتی سیاسییان بەرپاکرد و میدیای ئەوکاتەی سەرقاڵ کردبوو جگە لەبیرمەندەکان و ئابورناسەکان، تاگەیشتە ئەو قەیرانە ئابوریەی کە لەسەدەی بیست و یەك دەرکەوت لە رۆژئاواو رۆژهەڵاتیش، ئەویش ناڕەزایەتی کرێکاران و فەمانبەران بوو لەهێڵی شەمەندەفەر و گواستنەوە و کۆمپانیاکان، وەکو ئەوەی لەخۆپیشاندانەکانی فەرانسە و هێلەگ زەردەکان لەساڵی 2018 بینیمان، ئەمە ئەو گۆڕانکارییە بوو کە کاریگەری لەسەر ژیانی شارنشینی کردبوو بە شێوەیەکی نیگەتیڤ، حکومەتیش نەیدەتوانێ بیگوازێتەوە شوێنی خۆی، تائەو کاتەی کە ئەوروپا جێگیری بەخۆیەوە دەبینێ و سیستمێکی نوێ بۆ ژیان و رێکخستنی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێنێت و خەڵکیش بۆ پشتیوانی لەدەوڵەت پابەند دەبن.

دروستبوونی شار بەر لەهاتنی قۆناغی سەرمایەداری، بەشێکی لەسەر دەستی ئاغا و شێخ و بنەماڵەی خۆجیاکەرەوە و پیاوە مەزهەبیەکان و خانەدان و عەشیرەتگەری و هتد بوو، هەڵبەت جێهێشتنی گوند لەلایەن ئاغاکانەوە بەرەو شار، پاڵنەرێکی دیکەشی هەبوو، بۆ ئەوەی بە گوندییەکان بڵێن ئەگەر گوندیش نەبێ، ئێمە لەناو شار بەهەمان شێوە لەرێگەی دەوڵەتەوە، خاوەندارین و زۆرینەین و سەردەستین و خۆشتر دەژین، بۆیە زیندووکردنەوەی ئەم ئاوەزپەرستییە کۆنەپارێزە، وەکو ژێرخانێکی کولتووری بۆ پاڵپشتیکردنی دەوڵەت و سیستمی حوکمڕانی، هەروەها بۆ بەرهەمهێنانی سەرخانێکی نوێ بوو لەدروستکردنی نموونەیەکی دیکەی شار بەپێی ویستی ئەوانی تر، نەك لاسایکردنەوەی ئەرسیتۆکراتەکانی ئەوروپا کە لەسەر دەستی ئەوان شار فراوان بووە و پێشکەوت، باشتر بڵێم لەدوای شۆڕشی فەرانسە لە ساڵی 1789 و بزووتنەوەی رۆشنگەری هەموو بەهاکان گەڕانەوە شوێنی خۆیان، کەچی ئەو سیستمی پاشایەتی و گوندپەرستییە نەریتخوازییە، بەجۆرێك لەلاسایی کردنەوەی وڵاتانی کەنداو بووە مۆدێل، تائەو رادەیەی خۆیان و رەسەنایەتی خۆیان لەپێناو شاری مودێرن لەبیر کرد.

بۆ نموونە دووبارەکردنەوەی جل و بەرگ بەپۆشتەتر و دیزاینێکی نویێ، هەروەها دیزان و ستایلی خانوو لەکەرەستەکانی وەکو قوڕ و دار و بەرهەمی شاخ بەبێ کارگە، بۆ مەرمەڕ و پەنجەرەی شوشە و کەرەستەی بیناسازی نوێی گرانبەها و گەرماو و سەراو بەتەرزێکی نوێ کە لەدونیای ئەوروپی باویەتی، هەروەها لەبری سەرین و بەڕە و دۆشەك لەلادێ، کورسی و قەنەفە و مێز و چای و قاوەخانە بەکەرەستەی نوێ ی ئەوروپی، هەروەها گەرماو و سەراوی نوێ بەلاَم لەدەرەوەی حەرەمی خێزان و جیاکردنەوەیان لەگەڵ میوان و پیاو و هتد، چونکە لێرە دیوەخان مەرامە ئەسڵییەکەیە و لەوێوە گوتارەکە بلاَودەبێتەوە و بەرهەمی دەبێت، ئێستا ئەم دیزاین و ستایڵە نەریتخوازییە لەلایەن پۆست مۆدێرنەکانەوە کراوە بەمۆدێلی ژیان، وەکو دیاردەیەکی دیکە بۆ خۆجیاکردنەوەیان لەخەڵکی ئاسایی، سەرەڕای دسەلاَتگرتنی شار لەلایەن دەسەلاَتی سیاسیەوە، بەکارهێنانی ئاین بوو وەکو قوتابخانەیەکی سەرەتایی بۆ دانانی بنەمایەکی پتەوی ئەو شارەی کە هەیکەلی دەوڵەتی بەپێی پێویست دەوێت، ئیتر چوونی منداڵ بۆ خوێندنی کتێبی قورئان و فەقێیەتی وەکو بڕوانامەی خوێندن، هەروەها پڕ چەك کردنی خەڵك لە

ڕۆشنبیرییەکی هەڵەی ئاین و چیرۆك و فەرموودەکان و هتد، لەزمانی مەلا و قەشەو پیاوە ئاینیەکانەوە، هەروەها وەبەرهێنانیان بۆ خۆیان و دەرەوەی خۆیان، بەشێکی ئەو بناغەیە بوو کە شار لەسەر دەستی ئەوان گەشەی کرد، بۆیە ڕۆژهەڵات و بەشێکی زۆر لەو وڵاتانەی گەشەیان نەکرد، لێرەوە بوو دەستپێکەکە، ئیدی تاك لەنێو گروپی بەکۆمەڵ و ژاوەژاوی خەڵك بەگشتی، نەیتوانی ئیستاتیکا بەمانای خۆی و ویستی خۆی و فکری خۆی بدات، چونکە هێزێکی فراوانتر و دڵڕەقتر ڕاوەستابوو کە ڕێگەی لەو گەشەسەندنەی تاك و ڕۆشنبیری تاك دەگرت، جگە لەمەش ئەو عەقڵە دواکەتووەی جوتیاری هێنا شاری پێ درووست کرد و لەسەر ئەو بنەمایە ئەوەی پێشتریش هەبوو بونیادنرابوو، هەم تێکشکا و هەم خۆی بەرهەمهێنایەوە بەعەقڵی دەرەبەگایەتی و جوتیاری گەرەك و کۆڵان بازاڕ و شێوازی ژیانی درووستکرد.

گومان کردن لەهەموو شتەکان و بوون وەکو ناونیشانی ژیانی مرۆڤ، نائامادەیی خۆی برەو پێداو بەگوناح پێناسەکرا، بۆیە ئەو ژیانەی کە لەگوندەکانەوە هاتبوون بۆ شار و دەیویست خۆی

بەرهەمبهێنێتەوە، پشتگیری لەدژایەتیی ئەو گومانە دەکرد کە ستایلێکی نوێیە بۆ ژیانێکی مۆدێرنی وەکو شارنشینەکان.

بەدەر لەم باسە پرسیار لەشاردا مانایەکی دیکەی هەیە وەکو ئەو پرسیارەی لە گوند دەکرێت، بۆ نموونە هەواڵ ستایلێکی دیکەی پرسیارە لەشاردا، بەڵام هەواڵەکانی گوند زۆر سنووردارن، هەرچی هەواڵی شاریشە بەردەوامە و بەشێکی زۆریشی کپ دەکرێت و نازانرێ، چونکە حاکمییەت و دەسەڵاتەکە جیاوازی هەیە، لەهەموو بارێکدا هەواڵ لەشاردا وڵامی ئەو پرسیارگەلەیە کە تەنها دەزگاکانی راگەیاندن دەتوانن وڵامی بدەنەوە، ئەویش بەهاوکاری کاربەدەستانی دەوڵەت و شاروانی، وەختێك ئەمە دەبینن شارنشینە نوێیەکانی گوند، تارادەیەك ئەم بەشەی ژیانیان پێ هەرز ناکرێت و بەدیاردەیەکی نامۆی دەبینن، بۆیە هەندێکجار کێشەی ئاڵۆزی تێدەکەوێت کە تائەو رادەیەی حکومەت و پۆلیس ناتوانن کۆنترۆڵی بکەن.

لەئێستادا پێناسەی نوێ هەیە بۆ چەمکی شار تاکو شێوازەکەی لەشێوازی پێشووتر کە کلاسیك بوو جیابکرێتەوە، هەڵبەت مەبەستم لەو شێوازە نییە کە جاران خەڵکی بەئەسپ و وڵاخ

کاریان دەکرد و شتومەك و کاڵایان ئاڵوویر دەکرد و دەبوونە هۆکاری پەیوەندیەکانی نێوان گوند و شار یان گەشتیان پێدەکرد، ئێستا گەشەی تەکنۆلۆژیا وای کردووە کە بە ئۆتۆمبێل و پایسکل و میترۆ و فرۆکە کار مەیسەر دەبێت، نەخێر پێکەوەژیانی نەتەوە و ئاین و کولتوور و رۆشنبیری جیاواز و یەکتر قبولکردن و هتد، کارپێکردن بەزیاتر لەزمانێك لەناوەندەکانی راگەیاندن و قوتابخانە و فەرمانگە خزمەتگوزارییە فەرمیەکان و نووسین و تادەگاتە ژیانی ئاسایی و ژینگەیەك، وەکو سیحر کە لەرۆژهەلات دەستەبەر دەکرێت و نەخودی کۆمەڵگەکانیش دەتوانن ئەو بەرهەمەیان هەبێت، بەڵکو مەرجێکی دیکەی سەروو مەرجە پیشەسازییەکانە، ئەمە پێوەرێکی سەرەکی هەنووکەییە کە پێناسە بۆ شاری نوێ دەکات، ئیتر ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت کە تەنها پەیوەندیشارو گوند لەوێدانییە کە بازرگانی بێت یان بەرزی باڵەخانە و شێوازی تەلارسازی بێت، یان ئەوەی ئەرشیف دەیسەلمێنێ کامە گوندە و کامە شارە لەرووی مێژووییەوە، بەڵکو سەلماندن ئەوەیە کە یەکەم شار ئەوەبوو کە دەستووری ژیان و یاسا و رێکخستنی ژیان هاتەپێشەوە.

بەغدا کە پایتەختی عێراقە و یەکێکە لە شارە هەرە کۆنەکانی ڕۆژهەڵات، یەکێك لەو ناوەندە شارنشینانەیە کە ناو و ناوبانگی هەیە لەمێژوودا، ئەو بونیادە شارستانییەی لەسەردەمی عەباسی لەبەغداد هەبوو، کاریگەری لەسەر ڕۆشنبیری هەبوو کە زۆرترین کتێب لەو سەردەمە چاپکراوە، لەهەمان کاتیشدا ڕۆشنبیری زۆر لەو سەردەمە لەخاچ دراون وەکو حەللاج. "لەبەغدا جگە لەگەشەی شار، بونیادێکی تاکێتی جێگیر و لەدەرەوەی چوارچێوەی کات و شوێنی داخراو نەبوو، بەڵکو وەکو هەر بونیادێکی دیکەی مێژوویی و شارستانی دەوڵەتانی پێشکەوتوو بوو کە سەیرورەی کۆمەڵگەی مرۆیی جیاواز لەچرکەساتەکانی ستایلێ و وێنەی هەموو گەلان بوو، کۆمەڵێك تەلار بونیادنرا و 12 جۆگەلە ئاو کە لەفورات و دیجلەوە سەریان هەڵدابوو بونیادنران، ئەمە بوو بەیەکەم شارستانییەت و شوناس بۆ ناوچەکە، هەروەها یەکەم قوتابخانە کە مەعریفەی بەرهەمدەهێنا لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە، کە ئەمە لەدوای ساڵی 539 بەر لەزاین کە بابل شکستی هێنا، کە دواتر لەسەردەمی جابری جارێکی تر لەڕێگەی عەقڵانییەت و عیرفانەوە بازنەیەکی دیکە بونیاندنرا". (16).

هیچ شارێك و هیچ شارستانییەتێك لەدونیا، لەدەرەوەی پرنسیپەکانی یاسا گەورە نەبوون و ناوبانگیان دەرنەکردووە، هەروەها هیچ شارێك بەبێ سیستمی تەندروستی و پەروەردە و عەقلّ و نووسین نەبوونە بەناو ناونیشان بۆ مێژوو، حامورابی کە خاوەنی یاسای کۆنی عێراقە، دەکرێت بەیەکەم کەس بناسرێت کە پێیوابوو شار لەوێوە دەستپێدەکات کە خاوەنی پرنسیپی خۆی بێت لەرووی یاساوە، هەروەها تۆما ئەکوینی و رۆسۆ و تۆماس هۆبز و هتد بۆ رۆژئاوا، پشتگیریان لەو چەمکە کردووە کە پێشتر مرۆڤی شاری بۆ خۆجیاکردنەوەی لەوانی تر هەوڵی شارنشینی داوە.

## دەسەڵاتگەری نادیار

سیاسەت وەکو چەمکێکی نویێ لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە دەبێتە ئامرازێك بۆ بەڕێوەبردن، بەتایبەتی ئامانج لە درووستکردنی شار وەکو سەنتەرێك، بۆ وەرگرتنی ستایلێکی تری دەسەڵاتگەری بووە، چونکە هیچ سەنتەرێك بەبێ ئیدیاڵی فکری مانایەکی بۆ شوێنەکە بۆ جوگورافیا نابێت، لێرەوە بەڕێوەبردن و دەزگاکان دەبنە ستایلێك بۆ برەودان بەدەسەڵاتێك کە سیاسەتەکەی لەرێگەی حیزبەوە ناتوانێ گشتاندنی بۆ بکات و خەڵك ناچاربن ئەو ئایدیۆلۆژیا قبولێ بکەن، بۆیە جاری واهەیە یان بەردەوامی بەو دیرۆکە داوە کە هەبووە، یان ئەوەتا نەخشەی بۆ کێشاوە، ئەمەش بووە بە ئایدیۆلۆژیایەکی نادیار، بەتایبەتی کە خەڵك ملکەچی بڕیارەکانی دەسەڵات دەبن، ئیدی بەناڕاستەوخۆ دەچنە سەر ئەو ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفە سیاسیەی کە لەپشت دەسەڵاتەکەوەیە، لایەنی پۆزەتیڤی ئەمەش، لەناوبردنی هەموو بەهایەکی سەربەخۆیی سیاسی یە لەپێناو نیشتەجێبوون و بەدەستهێنانی کار، بۆیە لێرەوە ئایدیۆلۆژیای ناڕوون

سەرهەڵدەدات، لەبەرامبەر ئەمەشدا گرووپە سیاسییەکانی تر لەرێگەی ئایدیۆلۆژیای جیاوازەوە، درێژە بەململانێی سیاسی دەدەن بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات". (17).

ئەم حاڵەتە نادیارە وا لەخەڵك دەکات لە شار دەربچنە دەرەوە و خۆیان لەو سیاسەتە رزگار بکەن، چونکە ئەو سیاسەتەی کە دەسەڵات لەرێگەی سیستماتیك کردنی ژیانەوە سیاسەت پەخش دەکات، نەك بۆ رێگەپێدانە بەمومارەسکردنی ئازادانە و بەشداریکردنی هەموو خەڵك و هێزی سیاسی و فکری جیاواز بۆ نێودەوڵەت، بەڵکو وەبەرهێنانەوەی ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی نادیار دەخوڵقێنێ وەکو ئالتۆسێر دەڵێ (دەزگاکانی حکومەت بەناڕاستەوخۆ دەبنە دەزگای ئایدیۆلۆژی و خەڵکیش بەناچار ئینتیمای بۆ دەکەن و بەناچار پەیوەست دەبن بەو ئەرکانەی بەسەریاندا دەسەپێنرێت). بۆیە دەبینین لەرووی ئاینی یەوە باب مەزنی و پشتاوپشت وەرگرتنی دەسەڵات لەکوڕەوە بۆ باوك و درووستبوونی ئیمپڕاتۆریەت و پەیام وەرگرتن لەسیستمی کڵێسا و قەشەسازی و هتد، دەبێتە ئەلتەرناتیڤ بۆ سیستمی پاشایەتی کە تا ئێستاش بوونی هەیە لەزۆربەی وڵاتانی رۆژئاوا و

ڕۆژهەڵاتیش هەیە، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی شێوەی حوکمڕانی سەرەتا دەسەڵاتدارەکان و پاشماوەی سیستمی دەرەبەگایەتی ناچار دەکات کە دەست بۆ کەسانی شەڕانگێز و ناشارستانی ناجۆر ببەن تاکو بیانپارێزن لەناڕەزایەتی خەڵك.

بەمشێوەیە حوکمڕانی تاماوەی دوو سەدە بەهەموو کێبەرکێکان و یەکتر سڕینەوەی ئەربابەکانیشەوە هەروەکو لەدەسەڵاتدارێتی پاریسدا بەنموونە چنگمان دەکەوێت بەردەوام دەبێت، بەڵام دوای ئەوەی پیشەسازی گەشەدەکات و خەڵك کەمێك چاوکراوەتر لەجارانی پێشوو دێنە نێو حوکمڕانیەوە، شۆڕش دەستپێدەکات، بەتایبەتی لەرۆژئاوا کە هەمیشە لەشۆڕش دانەبڕاوە. ئەگەرچی دامەزراندن و پەیڕەوکردنی لیبڕالیزم ناونیشانێکی دیکەی سیستمی سیاسییەکان بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی و تاك بەتایبەتی لە هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی پارلەمانی سوودی لێدەبینن، بەڵام (هێربرد مارکۆز) پێی وایە ئەمەش جۆرێکی دیکەی سەرکوتکردنە کە لەکایەکانی دیکەدا رەنگدەداتەوە و هەستی پێدەکرێت، بەبڕوای هێربرد مارکۆز "کولتووری لیبڕالیش کولتوورێکی سەرکوتکەرە و رێگە لە رەخنەگرتنی بنەڕەتی

دۆخی هەنووکەیی دەگرێت، لەم رووەوە لە روانگەی مارکۆزەوە جیاوازی چیەتیانە و بنەڕەتی لەنێوان رژێمە لیبڕاڵ و تۆتالیتارەکاندا نییە، هەموویان دەچنە خانەی شارە گومڕاکان، یان یۆتۆپیا گومڕاکان، لەهیچ یەکێك لەم شارانەدا هێزی رزگارکەر نەماوە کە ئێمە بەرەو جیهانە عەقڵانیە یۆتۆپیاکەی مارکۆز رێنمایی بکات".(18).

بەسەرهەڵدانی شێوازێکی نوێ لەبڵاوکراوە و گەیاندنی دەنگی خەڵك و ناوەندێك بۆ کێشمەکێشی سیاسی و فەرهەنگی و یەکلایی کردنەوەی فکر و هتد، دەستی کار دەبێتە ئەو هێزە بەرهەمهێنەرەی کە دەوڵەت لەسەر دەستی ئەوان چاو دەبڕێتە فراوانترکردنی شار، بەڵام ئەم دەستی کارە دواجار دەبێتە ملۆزم بەسەر سیستمی سیاسی و دەوڵەتەوە و ناڕەزایەتی بەرپا دەبێت لەنێو کارگەکانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتی و سەرقاڵی پۆلیس لەکۆنترۆڵی شەقامەکان و شوێنە گشتیەکان و پەکخستنی هۆکارەکانی گواستنەوەی مرۆیی و شتومەك و هتد کە بەرێگای ئاسن دەبێ، هەروەك ئەوەی کە لەسەدەی 18 دواتریش بەچڕوپڕی لەسەدەی 19 کرێکار لەکارگەکاندا گەورەترین

ناڕەزایەتی سیاسییان بەرپاکرد و میدیای ئەوکاتەی سەرقاڵ کردبوو جگە لەبیرمەندەکان و ئابوریناسەکان، ئێستاش هەر ئەو دەستی کارە یان ئەوەتا بێکار کراوە، یان ئەوەتا بێکارێکی رازی و قانیعە، یان ئەوەتا بۆتە بار بەسەر دەوڵەت و سیستمی کەرتی تایبەت و مافی کرێکار لەرێگەی سەندیکاکانەوە، کەواتە بەهاتنی شۆڕشی تەکنۆلۆژیا کە لەم ساڵانەی دوایدا کرێکارێکی بێشوماری بێگار کرد، هێشتا چارەسەری ئەو قەیرانەی بۆ نەکراوە کە بەقەیرانی ماتریالی هەمیشەیی ناوزەد دەکرێت.

دەسەڵاتگرتن لەسەدەیەکەوە بۆ سەدەیەکی دیکە جیاوازی هەیە، بۆ نموونە لەسەدەکانی رابردوو داگیرکاری جوگرافی لەلایەن هێزە باڵاکان، لەرێگەی هێز و سوپا و چەکداری بوو، تا ئەو رادەیەی کە ستەم لە نەتەوەو گەلانی بێهێز دەکرا، نموونەش وڵاتانی رۆژهەڵات و ئاسیا و ئامریکا لاتینی یە لەلایەن ئیسپانیا و ئامریکا و بەرتانیا و ئیتاڵیا و فەرانس و ئیمبراتۆریەتی تورك، ئەوەبوو زیاتر لە 50 ساڵی خایاند ئەم سیاسەتە ناحەزە، بەڵام دوای پاڵپشتی کردنی دەوڵەتانی بێهێز لەلایەن سۆڤیەتی کۆن و سەرهەڵدنی شۆڕش لەدژی ئەو دەوڵەتانە، ئیدی ئەم ستایلە

لەداگیرکاری و کۆلۆنیالیزەکردنی جوگرافیایی کۆتایی هات، نموونەی ولاتانی وەکو هیندستان و مالیزیا و رۆژهەلات بە گشتی و هتد. لەم ڕوانگەیەوە هێز ئاماژەیە، بۆ پێکەوە بەستنی هەر کەسێك بە کەسانی تر، یا پێکەوە گرێدانی کۆمەلێك شتی زۆرو پێکەوە نەگونجاو، راستی ئەم پێکەوە گرێدانە لەوەدایە لەوانەیە کۆمەلێك تایبەتمەندییان هەبێت کە پێکەوە گرێدانیان زۆر بەکەلك بێت، لانی کەم بۆ بەدواداچون و دەستخستنی مەبەستەکانیان. هەمان تێگەیشتنە کە (مان) ی فەیلەسوف، بەم شێوەیە دەریدەبڕێت "هێز لەگشتیترین واتایدا، توانایە، بۆ بەدواداچونو بەدەستهێنانی ئامانجەکان، ئەمەشی لەڕێگەی دەسەلاتێکەوە دەبێت کە لەژینگەی تاکە کەسیدایە".(19).

هەر لەم بارەیەوە (ئەنتۆنی گیدنز) پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی پشت بەستن بەتوانای تاك بۆ "پێکهێنانی جیاوازی" لەپێش بوونی بارودۆخەکان یا ئاڕاستەی رووداوەکانە. ئەمەش دانانی جێگرەوەیەکە بۆ ستوونەکانی دیکەی دەسەلاتگەری، ئەگەر کەسێك توانای لەدەستبدات بۆ "پێکهێنانی جیاوازی"، دیارە ئەم جێگرەوەیە، لەبەکارهێنانی هەندێ جۆری هێزەوە

بەدەست دێت) بەواتایەکی تر هێز مەرجێکە بۆ جێگرتنەوەی مرۆڤ".(20).

ئێستا ئەم سیاسەتە گۆڕاوە بۆ مانەوەی دەوڵەت وەکو جوگرافیا لەشوێنی خۆی و حوکمڕانی لەلایەن خودی گەلی خاوەن زمانەوە، بەلام لەپەنا ئەمەدا هێزێکی نادیار هەیە هەمیشە لەکەمیندایە بۆ داگیرکاری و کۆلۆنیالیزمی گەلان و جوگرافیا، ئەویش کۆمپانیا زەبەلاحەکانە کە لەبری دەوڵەت و سیاسەتەکەی بەئاشکرا ئەو گەمەیە بکات، بۆیە کە دەبینین هێزی تەکنۆلۆژی کۆمپانیایەکی بەرەگەز فەرانسی یان ئالمانی یان ئامریکی زاڵە لەهەر شوێنێك، هەستدەکرێت کە ئەو وڵاتە خاوەنی گوتاری ئابووری و سیاسی و تەنانەت سۆسیۆلۆژیشە، بەوپێیەی کە هەم زمان و هەم کولتوور و هەم سیاسەتی ئابورییەکەی، رەنگیداوەتەوە بەسەر تاکەکاندا، ئەمەش کاریگەری خۆی هەیە، ئەویش کۆچکردنی خەڵك ئەو وڵاتە کۆلۆنیالیزە کراوانە جێدەهێڵن و بەرەو وڵاتی زاڵ هەڵدێن، ئەمە دواجار بۆ هاوڵاتی کۆلۆنیالیست بیابان درووست دەکات، هەروەك لە رۆژئاوا و ئەسکەندەنافیا هەستی پێدەکرێت

وەکو رۆژهەڵاتناس و عەرەب ناسی ئامریکی (جینیفر سکیڕس) لەبارەی ئاشکراکردنی ناوەندی ماڵەوە و مانەوەی عەقلیەتی گوندی لەشاردا، بەتایبەتی لەوڵاتانی وەکو تورکیا و میسر و ئێران، کە لەمابەینی سەدەی شانزە و هەژدە کاری کردووە و دەڵێ " مانەوەی نەریتەکە و دابڕانیش لەو کلاسیکییەتەی گوند بەرەو ژیانی شار، سەرەتا بۆ بەرهەمهێنانی سەرخانێکی نوێ بوو لەدرووستکردنی نموونەیەکی دیکەی ژیانی شار، بەپێی ویستی ئەوانی تر نەك لاسایکردنەوەی نەریتە گوندییەکان، بەڵکو جۆرێك لەلاسایی کردنەوەی وڵاتانی کەنداو کە بۆ ماوەیی بوو، بۆ نموونە دووبارەکردنەوەی جل و بەرگ بەپۆشتەتر و دیزاینێکی نوێ، هەروەها دیزان و ستایلی خانوو لەکەرەستەکانی وەکو قوڕ و دار و بەرهەمی شاخ بەبێ کارگە، بۆ مەرمەڕ و پەنجەرەی شوشە و کەرەستەی بیناسازی نوێی گرانبەها و گەرماو و سەراوی شێواز نوێ کە لەدونیای ئەوروپی باویەتی، هەروەها لەبری سەرین و بەڕە و دۆشەك لەلادێ، کورسی و قەنەفە و مێز و چای و قاوەخانە بەکەرەستەی نوێ ی ئەوروپی، هەروەها گەرماو و سەراوی نوێ بەڵام لەدەرەوەی حەرەمی خێزان و جیاکردنەوەیان لەگەڵ میوان و پیاو و هتد". (21). بەڵام ئەم نەریتە تاکو

سەدەی بیستەمیش هەرمابوو، بەتایبەتی کاریگەری گوندنشینی لەسەر شارەکانی عێراق، چونکە دیوەخان مەرامە ئەسڵیەکە بووە و لەوێوە گوتارەکە بڵاودەبێتەوە و بەرهەمی دەبێت، ئەمە دیمەنە نادیارە گوندنشینەکەی شارە کە کارەکتەری شارسنشینی وەرگرتووە

دەستهەڵنەگرتن لەو خووەی کە خێل و بنەماڵەکان و شێخەکان لەکولتووری کۆن و گۆڕینی بۆ شار، ئەولیای چەلەبی کە مێژوونوسێکی کوردە و لەهەولێر بەچاوی خۆی دیاردەکانی بینیوە و یەکێکە لەسەرچاوە گرینگەکانی مێژوو لەسەر هەولێر، وەکو مەرجەعێکی کۆمەڵایەتی یە کە تائێستاش ئەو مۆرکەی هێشتۆتەوە لەهەولێر و رەنگە دوو قوناغی دیکەی ژیانی شارستانیش هەر مۆرکەکەی پێوە دیاربێت، هەڵبەت ئەم حاڵەتە کۆمەڵایەتییە لەدهۆك و هەندێ ناوچەی دیکەی شارەزوور و بنەماڵەیەی لەپشدەر و جافەکان بەتایبەتی هەیە و هەمان تەرزی ژیانە لەگەڵ سیاسەت و شارستانی یەتایبەتی کە خۆیان گونجاندووە.

## له ئەشکەوتەوە بۆ مۆدێرنە

بزرکردنی ئەو مێژووە راستەقینەیەی کە ئەنترۆپۆلۆیا خۆی لەسەر بونیادناوە، ئەو حاڵەتەیە کە شوێنەوارە کلاسیکیکیەکان بەساختە دروستکراون، بەخاتری ئەوەی ببن بە شوێنی گەشتیاری بۆ خەڵکی رۆژهەڵاتی، تاکو ئاسەوارەکە سیحرێکی تر لەزەینیان درووست بکات، ئەشکەوتە سەهۆڵیەکان و ئەشکەوتەکانی ئوردن و یۆنان و ئامریکای لاتین و ئەشکەوت و شاخەکانی هیندستان و پاکستان و ئەفغانستان و جۆرجیا و تەنانەت ئەهرامەکانی میسر و هتد، بەدەر لەشوناسی شار و وڵاتە ناسراوەکان لەرێکخراوی یونسێف، لەرووییەکی ترەوە وەکو کارتێکی سیحراوی بۆ سەرنجڕاکێشانی گەشتیار بەکارهات.

قورسترین کارێك کە سیستمی سەرمایەداری مۆدێرن دەستی پێکرد، ئەوەبوو کە خەڵکی لە نەزانینەوە بۆ زانایی بگوازێتەوە، لە ستایلی ژیانی ئەشکەوتەوە بگوازێتەوە بۆ ژیان شار، لە خورافیاتەوە بۆ زانستخوازی بگوازێتەوە، ئەمە ماوەیەکی یەکجار

زۆریی گەرەك بوو، ئەوروپا بە ئارامگرتن و باوەڕی سایکۆلۆژییەوە مامەڵەی لەتەك کەیسەدا کرد، تاکو لانیکەم ئەو عەقلیەتی عەشیرەت و خێڵ و بنەماڵە و کۆنەپەرستی رزگاریان بێت، چونکە ئاسان نەبوو لادێ نشین لەگەڵ هەلومەرجی شار ژیان بگوزەرێنێت، چ لەرووی پەروەردەیی و چ لەرووی تەندروستی و مەرجەکانی شارەوانی و دارایی تاك و هتد، لەوانەش قورستر ئەوەبوو لەگەڵ هەلومەرجی سیاسی هەڵبکەن، بۆ نموونە درووستکردنی حیزب بوو لەبری عەشیرەت.

"کۆنترین شار بەسرووشتی خۆی. ئەو جوگرافیایەیە کە بەزۆری لەژیانی لادێوە هاتووە، بەڵام بەقەوارە و بەژمارە بچوکن، چونکە هەر پێیان گوتراوە درووستکراوە سەرەتاییەکانی ئامانجی شار، بۆیە کۆمەڵگە نا دیموکراتیەکان بەر لەهەر شتێك گۆڕیان بۆخۆیان هەڵکەندووە، توێژەرە زانستییەکان و دۆزەرەوەی ئاسەواریش بۆ شار تەنها ئەو زانایانە بوون کە سەرەتا ئەریحایان دۆزییەوە کە لەپەیمانی کۆن واتە تەورات هەیە، بۆیە جیاوازی لەنێوان شار و لادێ هەر ماوە". (22).

لەکوردستان ئەگەرچی ئەو شارە دێرینەمان نییە جگە لەهەولێر و قەڵای چەمچەماڵ کە دروستکراوی کورد نین، یان ئەو ئاسەوارە گرینگەی نییە کە مۆری کوردی پێوەبێت، بەڵام دەیان شوێنەواری جێماوی مێژووی ئاشوری و ماد و عوسمانییەکان ماون و بوون بە موڵکی کورد، بەبابەتی ئەشکەوتی شاخ و ئەشکەوتی دروستکراو بۆ ژیانی دانیشتوانێکی کەم لەشوێنێکی وەکو گوندی زەرزی سەر بەناوچەی سورداش و دوکان کە ئەشکەوتی قزقاپانی لێیە، دەرکەوتووە کە دروستکراوی مرۆڤە و شوێنەکە کاتی بووە بۆ داگیرکاری ناوچەکە لەلایەن تورکەکانەوە، باشترین سەلمێنەریش کە ئەوە شار نەبووە، چونکە شارستانیەتی جێنەهێشتووە، "مرۆڤ لەکۆنەوە سەرقاڵی ئەوەیە شوێنێك بۆ ژیان بدۆزنەوە، بەناچار ئەشکەوتیان وەکو شوێنی سەرەتایی پەیداکردووە، ئەمەش بۆ بەرگریکردن بووە لەخۆیان و کارەساتە سرووشتییەکان، هەر بۆیە لەچەرخێکەوە بۆ چەرخێکی تر پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە و داهێنانی کردووە، تاکو دواجار تەلاری دروستکردووە، دواترماڵی دروستکردووە و لاسایی کراوەتەوە، هەموو گەلانی دونیا بەو قۆناغە سەرەتاییەدا تێپەڕیون، کورد یەکێك بووە لەو نەتەوانەی

که پشکی هەبووە لەبونیادنانی شارستانییەتی دوای داگیرکردنی، باشترین سەلمێنەریش ئەوەیە کە ئەشکەوتەکان شاهیدی دەدەن و دەغلۆدانیش لەچەرموو بۆ بەردەوامبوون بە ژیان لەبری راووشکار، بەڵام کورد لەگەڵ هاتنی ئیسلامەوە خانووی دروستکردووە، چونکە وەکو دەڵێن ئیسلام گرینگی داوە بە ماڵ، هەروەها جلوبەرگ بۆ خۆپاراستن و داپۆشینی جەستە لەئەوانی تر، بەتایبەتی ژنان و منداڵان". (23). بەڵام ئەو شارستانییەتەی کە باس دەکرێ وەکو بەرگرییەك لەکورد، گوایە پشکداری هەبووە لەبونیادنانی شارستانییەتی سەر رووی زەوی لەمێژوودا، بۆخۆی نەبووە و وەبەرهێنانی بۆ نەکردووە و کۆی نەکردۆتەوە، تەنها هۆکار بووە بۆ سەرکەوتنی شارستانییەتەکانی دیکە، یان تەنها سەلماندنی بوونێکی کاتی بووە لەو زەمەنەدا، چونکە ماتریاڵیکی باش بووە بۆ بەرگریکردن لەو هێزەی داگیرکەری خاك و موڵکەکەی بووە، بۆیە هیچ ئاسەوارێك دیارنییە بەناوی کورد، جگە لەو ئاسەوارانەی کە لەسەردەمی سۆمەری و فارسەکان و هاتنی عەرەب وەکو فتوحاتی ئیسلام و قاجاریەکان و تورکەکان و هتد، هەروەها سەرکەوتنی سەلاحەدینی ئەیوبی بەسەر خاچ پەرستانی

ڕۆژهەڵات و بەناو ڕزگارکردنی قودس کە دواتر ڕادەستی جووەکان کرا.

هەر ئەم هۆکارە مێژووییانەیە کە ناوی کورد هاتووە لە تەبەری و مێژووەکانی دیکە وەکو یاقوتی حەمەوی، وەکو عەرەبە فارسەکان ناویان هاتووە، یان پاشماوەی نەتەوەکانی دیکە، وەکو چۆن ئێستا تورکەکان بە کوردەکان دەڵێن (تورکە شاخاوییەکان). کەچی شۆڕشی شارستانی تەواو کە دەکەوێتە خاکی بەئاو، ئەو شوێنانەیە کە ئاویان لێیە و هیچ بەڵگەیەکیش دیار نییە موڵکی کورد بوبێت .

بەو پێیەی کە ژمارەی دانیشتووانی شار هەم لەگوند زۆرترن و هەم ستایڵی ژیانیان جیاوازترە، هەیکەلییەتی کارگێڕی شار و دەسەڵاتی شار، تەنها دەسەڵاتی سەرۆك نەبووە بەسەر خەڵکی گشتیەوە، بەڵکو دامەزراوەکان بووە کە پەیوەست بوونە بە دابینکردنی ژیان بۆ خەڵك، لەبەرامبەر ئەوەشدا خەڵك بەرلەوەی بەرگری لەخۆیان بکەن، بەناچار بەرگرییان لە قەوارەی شارەکە و دەسەڵات و سیستم و ئاینی زاڵی شارەکە کردووە، باشترین نموونەش 405 هیجری بەرامبەر 1014 زاینییە کە لەسەردەمی

توندترین دەسەڵاتی ئیسلامی بووە، بەتایبەتی دوای فتوحاتی ئیسلامی بەسەر ناوچەکانی وەکو موسڵ و دەوروبەری کە ناسراوترینیانە، ئەویش درووستکردنی قوتابخانەی ئاینی و مزگەوت و قەڵا و بازاڕی کڕین و فرۆشتنی کەلوپەل و پێداویستی بە ئاڵوێر، بەڵام مانەوەی کەنیسە و پەرستگاکانی تر لەو شوێنانە، بەهۆی بوونی بیروڕای ئازادانەوە نەبووە، بەڵکو بەرامبەر باج ئەستاندن بووە لەمەسیحییەکان و ئاین پەرستانی تر، بۆیە کە دەڵێن شاری کوردی هەبووە، راستەوخۆ باسی چەرخی هاتنی ئیسلام دەکرێت بۆ ناوچەکە، چونکە هێشتنەوەی کوردەکان لەبەرامبەر بەرگریکردن بووە لەو سیستمەی کە پێی دەگوترا ئیماراتی ئیسلام لەسەردەمی راشدی و دواتریش ئەمەوی. بەڵام ئەم شارستانییەتە نەیتوانیٚ خۆی بگونجێنیٚ و خۆی بپارێزیٚ، یان بەلانیکەمەوە ئەو شارستانیەتە نەیتوانیٚ شارێك بپارێزیٚ لەپەنا گوندەکان و ببێتە سەنتەرێك بۆ ناسنامە و شوناسە نێودەوڵەتییەکەی، هەر بۆ نموونە سەوزاییەکی دێرینی نییە شوێنێکی دێرینی نییە بۆ بەبازاڕکردنی شوێن، تەنها لەو دوواییانەی سەدەی 20 نەبیٚ کە دوای عوسمانییەکان جێماون، ئەویش ئەشەگ مەیدان و خانەکانی فرۆشتن و کڕین و سەنتەرێك

که پێی دەگوترێت قەیسەری و لەهەموو شارێکی بچووك و گەورەی کوردستان و ناوچەکەش هەیە، " کەوابوو پێویستە شارەکان خۆیان بگونجێنن لەگەڵ گوندەکان و پەیوەندییەکانیشان پتەوبکەن، بەوەی ناوچەیەك تەرخان بکەن وەك بازاڕ بۆ جوتیارەکان، ئەم بازاڕانەی کە لەناوچە چۆڵەکاندا درووست بوون، بوونەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ سەوزە و میوە و بەرووبوومەکان".(24). بەڵام بۆ بونیادێك کە ئەزموونی شار نییە و تەنها کات و شوێنی لە گوند بوو.

گرینگترین پێشەواکانی پلاندارێژی شار کە لەسەردەمی فیترۆس یۆلیۆس بوون لەرۆما بوون، ئەوان بنەمای چۆنایەتی هەڵبژاردنی شوێنیان بۆ شار دیاری کردووە، بەو تێڕوانینەی کە هۆکارەکانی سرووشت کە کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی شوێن و گواستنەوە دەکات لەکاتی روودانی کارەساتی سرووشتی، بۆیە دابەشکارییەکەش هەر بەو پێوانەیە کاری لەسەر دەکرێت.

یەکێکی تر لەو پلانانەی کە دەگمەنن لە دونیادا، درووستکردنی شاری باخچەکانە لە بەریتانیا، ئەم تیۆرە لەلایەن (ئەبنزو هیوارد) لە ساڵی 1805 تا 1928 دانراوە، ئەمە سەرەتای

پێوانەیی و نێوەندگیری بوو لەنێوان شار و گوند. چونکە کێشەی ئەوکاتە درووستکردنی دۆخێك بوو شارنیشینەکان، تاکو ژینگەیەکی نیمچە گوندیان هەبێت و خەڵك دووچاری نەخۆشی و دڵتەنگی نەبن لەرووبەرێکی تەخت ئەوانیش بریتی بوون لە شاری رایموند یونیۆن و لیۆرس و هۆمێستد بوون کە تائێستاش ئاسەواری ماوە.

ئەو بەرنامانەی لەسەر نەخشەو دیزاینی بنچینەیی دانراون، بەرنامەی ئەندازەیین، ئەمەش وەزیفەی چارەنووسازیی فراوانبوونی شارە، "پەیکەرەی پرۆژەکان و دیزاینی بنچینەیی گرێدراوی راستەوخۆیە لەگەڵ ژیانی گەشەسەندنی شار، وێنەی روونی شێوەی ئابووری شار و پەیوەندیتۆرەکانی هێزی کار، شیکاری مەرجەکانی سرووشتی بەرهەمە گرێدراوەکان بەناوچەی لەبار بۆ دانیشتوان کە زەمانەتی کۆمەڵایەتییان پێبدریٚ، ناساندنی دۆخی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی. توندوتۆڵی تەلارەکانی شار کە بۆ دوارۆژ بشێت. جۆری پیشەسازی و پشت بەستن بەتەکنۆلۆژیا، خزمەتگوزاری هەمەلایەن مەرجی سەرەکی پتەوبوونی بونیادی شارن".(25).

بەپێی تێڕوانینی (واڵتەر بنیامین) کە خوێندنەوەی بۆ تێڕوانینی (ئەنتۆنیا بیرنباوم) کردووە سەبارەت بەکتێبی (اصل الدراما الباروکیە) ئەم کتێبە باس لە تراژیدیای گریکی دەکات، ئەو پێی وایە "ریشەی شار لەسەرهەڵدانی شۆڕشەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەویش ویستی دادپەروەری و نەهێشتنی جیاوازی بووە لەنێوان گوند و شار، جیهانی بنیامین جیهانی رەشبینی تراژیدیی و رەشبینی بووە بۆ ئەو هێزەی کە بەکوێرانە گەرەکیان بوو ژیان سیستماتیك بکەن، ئەمە لەژێر شێوەی دەورەی تۆڵەسەندنەوەی خانەوادەیە کە لەشانۆییەکانی ئەسخیلۆسدا هەیە کە پاڵەوانەکەی ئۆرستیا یە و تۆمەتبارە بەخەتایەك بەر لەوەی کردبێتی، خەتاکەشی تەنها ئەو مافەیە کە بەشێکە لە قودرەتەکەی، بۆیە ئەو کارەکتەرە هەمیشە لەژیانی یاخێتیدا دەژی، بۆ نموونە یاخیبوون بەرامبەر بەخواوەندەکان و دەسەڵات، بۆیە هەمیشە لەدۆخی شۆڕشدا دەژی دژی تەم و لایەنگری دادپەروەری".(26).کێشەی ئەو هاوڵاتیانەی کە لەکەنارەوە دێن بۆ سەنتەر و بەو خەیاڵەی کە دادپەروەری و بەختەوەریان چنگ دەکەویٚ، دواتر نایبینن، ئەوەیە کە ناتوانن تۆڵە بکەنەوە لەو وەهمەی بەپیرییەوە چوونەوە و وەها دەرنەچوو، بۆیە کە

دەبینن وەکو بارمتە مامەڵەیان لەتەك دەکرێت و کاری سوخریات و گاڵتەجاڕیان لەگەڵ دەکرێت، تاکە شتێکە ئەویش یاخیبوونە وەکو تۆڵەکردنەوە لەخەڵکی شار و دەسەڵات و خواوەندەکانی شار، ئەم ململانێیە ئەگەر لەنێوان شاری بچوك و گەورەش نەمێنێ، ئەوا لەنێوان رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی هەر دەمێنێ، بۆیە ناتوانن پێکەوە هاوسەرگیری بکەن و کولتووریشیان تێکەڵ بەیەکتر بکەن و یەکتر قبوڵ بکەن.

"جۆهانسبێرغ کە بەشاری زێڕین و شاری جیهانی ناسراوە، کەوتۆتە خوارووی کیشوەری ئەفەریقای رەش، نیلسۆن ماندێلا بەبنەچە خەڵکی ئەم شارە ئەنتیکییە کۆنەیە، یەکێك لەو شارە کۆنانەی کە فرە رەگەزی و فرە ئاینی تێدا دەژی و لەچاو رووبەرەکەیەوە کە نزیکەی 1644 کم چوارگۆشەیە، ئەوان بەزمانی زۆلۆ قسە دەکەن، بەڵام 7 زمان و شێوەزاری جیای تێدا بەکاردێت، دانیشتوانەکەی کەمترن لەچاو خۆی، کۆمەڵێك جۆگەلەی ئاوی تێدا دەڕوات و رووبەرێکی فراوانتریشی هەیە کە وشکانییە، واتە شارەکە بریتییە لەدوو پارچە و دوو زۆن، ساڵانە بەدەیان هەزار گەشتیار رووی تێدەکەن، تەنها بۆ ئەوەی لەو

سیحره تێبگەن چۆن دۆزراوەتەوە و پێشتر چۆن مرۆڤ تێیدا ژیاوە، یۆنسکۆ ناوی ناوە (مهد مرۆڤی)، چونکە شارەکە زۆرترین پەیکەری ئاژەڵی تێدایە و بەتایبەتیش پڵنگ، لە هاوینە بارانێك دەبارێت کە پێی دەگوترێت بارانی زێڕێن، سەوزاییەکی بەردەوامی هەیە و زۆرترین رووبەرەکەی بەسەوزایی سرووشتی داپۆشراوە و ئابوریەکەشی لەسەر بەرد و زێڕ". (27).

دەوڵەت هەمیشە بەدوای بیرۆکەیەکی نوێوە بووە بۆ دارشتنی بەرنامە و پلانێکی کە شاری مۆدێرن درووست بکات، کاتێك ئەم پلانە بەکارهات کە ئامانجەکەی دروستکردنی فەزای ژیانێکی باشتر و لەبارتر بوو، بەڵام دەرکەوت ئەوانە بەر ئەو ژیانە خۆشگوزەرانییە کەوتن کە ئەریستۆکرات بوون، بۆ نموونە ئەو زەویانەی بەر کارگە و کۆمپانیا و جادەوبان کەوتن، قەرەبوویان کرایەوە، بەڵام ئەوانەی کە خاوەنی زەوییەکان نەبوون، بەهەرەمەند نەبوون لەو خۆشگوزەرانییە،"لەکاتێکدات شاری نویێ یەکێك لەمەرجەکانی ئەوەیە کە نابێت لە30000 دانیشتوو کەمتر نەبێت، رووبەرەکەی لە 60000 م2 کەمتر نەبێ، کەچی زۆربەی ئەو شارانەی درووستکران ئەو مەرجانەیان تێدانییە،

هەروەها لەرووی بیناسازیشەوە ئەو کوالێتییەیان نییە و لە کوالیتی کۆنترۆڵ دەرناچن، بەڵام دۆخەکەیان بۆ چووە سەر و خەڵکێکی زۆر زەرەرمەند بوون تێیدا".(28).

بەهۆی ئەوەی شار بریتییە لەکۆمەڵێك تاك، یەکێك لەوانە، رووبەر کە یەکەیەکی جوگرافییە و راستەوخۆ گرێدراوە بەیەکێك لەدەزگا و جومگەکانی دەسەڵاتی حکومی، ئەویش چارەسەرکردن و بەئەندازە کردنی ئەو شوێنانەی کە شار پێکدێنن، بۆیە لەسەر شارەوانییە کە ئەو کوالێتییە دابمەزرێنێ و لەوێشەوە دیموگرافیاکە رێکبخات.

## سەنتەرگەرێتی و کەنارگیری

شار تەنها ئەو سەنتەرە مۆدێرنە نییە کە خەڵك بەشێواز لە ستایلێکەوە بگوازێتەوە بۆ ستایلێکی دیکەی ژیان و لەپەنا ئەمەشدا کەنارگیری ببەخشێت بە گوند و پەراوێزەکانی، بەڵکو جەوهەرێکی قوڵتری هەیە، ئەویش بریتییە لە کۆمەڵێك تاکی جیاواز کە ئامانجی لە مۆزائیکێك دایە هەموو پێکهاتە و نەتەوە و رەنگەکان لەیەك قەوارەی جوگرافیدا کۆبکاتەوە، هەروەها بریتییە لە ستایلێکی دیکەی دەسەڵاتگەری سیاسی، بۆیە هەمیشە سەنگینی هەر دەسەڵاتێکی سیاسی بەشوێنەکەیەوە بەندە، نەك تەنها سیستمەکەی یان مێژووەکەی، بەڵام ئەمەش بەئەندازەیەکی جیاواز و بەشێوازێکی دیکە لەگەڵ گوندی کلاسیکی کە ئێستا بەهۆی گەشەوهەڵدانی تەکنۆلۆژیاوە، گوندو شار جودا ناکرێتەوە، مەگەر بە دەزگاکانی دەوڵەت و رێکخراوە ناحکومییەکاندا بناسرێنەوە و جودابکرێنەوە، بەتایبەتی بوونی کۆمپانیا و فراوانی و سەنتەری دەزگاکان و بەرهەمهێنان لەرووی پیشەسازییەوە، هەروەها بوونی فڕۆکەخانە و سەنتەری میترۆ و

سیستمی هاتووچۆ و نەخۆشخانەی گەورە و کۆلێژی خوێندن و هتد کە حەشامات دەخولقێنیٚ، لەکاتێکدا شار لەکۆندا پێناسەکەی بازاڕی کڕین و فرۆشتن بوو هیچی تر.

بەگشتی کەنارەکان چەمکێکی کۆمەڵناسی نوێیە کە پێشتر ئەم چەمکە کاری پێنەدەکرا، بەڵام شۆڕشی پیشەسازی کاردانەوە و کاریگەری درووست کرد لەوەی چۆن توێژ و چینەکان جودابکاتەوە، وەکو ئەریستۆکراتەکان کە ئەوان خۆیان بەدامەزرێنەری شار دەزانن، دواجار هەژارەکان کەوتنە خوارووی یان پەراوێزی شارەوە، یان بە هۆی باری کۆمەڵایەتییەوە خۆیان پەراوێزخست، ئەم هۆکارە وایکرد کە زۆر تێکەڵ بەیەکتر بوون، بووە هۆی خەسارخستنی خەڵك، ئەویش گواستنەوەی نەخۆشی بوو بەئاسانی، هەروەها گوێنەدان بە نەخۆشخستنی ئەو خەڵکە پەراوێزخراوە بوو، کەچی ئەریستۆکراتەکان وەکو چۆن ئێستاش هەمان رەفتاری نا مۆڕاڵیان هەیە، خۆشیان بەشێك بوون لەدرووستکردنی ئەو دۆخە و ئەو حاڵەتە، بەڵام ئەم دیاردەیە دەرهاویشتەی تیگەیشنی نوێی لەگەڵ خۆیدا بارهێناوە، ئەویش پەراوێزخستنی شارۆچکە و دەوڵەتە نووستووەکانن لەلایەن

دەوڵەتە پێشکەوتووەکانەوە، بۆیە هەمیشە ئەو باسەی کە پێی دەگوترێت سەنتەر و کەنار لەنێو فکر و لەنێو سیاسەتیشدا رەنگیداوەتەوە و گرێ دەروونییەکەی چارەسەر نەکردووە، بەپێچەوانەوە گرێیەکی دەروونی خوڵقاندووە و ماوەتەوە، هەڵبەت ئەم گرێیە لە ئاستی تاکیشدا بەرامبەر کۆمەڵگەی دلڕەقی وەکو کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی وەکو پاریس و رۆمای کۆن و مەدرید بەرامبەر بەرشلۆنە و کەتەلۆنیا و ستۆکهۆڵم بەرامبەر ئەسکەندەنافیای نوێ و بەغدای ئەرباب و خانەدانەکان، بەرامبەر بە شروگی، فارسە خاوەن شوناسەکان بەرامبەر بە تورك و کورد و پەشتووەکان، سپی پێستی ئامریکا بەرامبەر بە سوور پێست و رەش پێشت، بەریتانیای کۆن بەرامبەر بە ستکۆتلەندا و ئێرلاندا و هتد ماوە، کەوابوو باسێکی کراوە و هەمیشەییە کە لاپەڕەکانی ئەو دەفتەرە هەرگیز داناخرێت، رۆژهەڵاتناسەکان هەمیشە ئەوەیان دووپات کردۆتەوە بەکردەوە کە بەهەر کلۆجێك بێ رۆژهەڵات بەهۆی دەوڵەمەندی شارستانیەتەکەی، داگیربکرێ و ئەزموونی سیاسی و ئابووری لەسەر دووبارە بکرێتەوە.

ئەگەر چی شار پێشتر مانایەکی جیاوازی هەبوو، چەمکێکی حوکمڕانی بوو لەبری دەوڵەت و ویلایەت بەکاردەهات، ئەم مێژووە دەگەڕێتەوە بۆ پێش زایین و لەدایکبوونی مەسیح، دواتریش لە یۆنان و رۆما بوو بە موفردەیەك وەکو دیاردەیەکی سیاسی بەکارهات، بەڵام شار چونکە پێشتر شێوازێکی تایبەتی هەبوو، دواتر لەگەڵ هەر چەرخێکدا یان هەر سەدەیەکدا شێوازی گۆڕا و بوو بەسەنتەرێك بۆ بڕیاری سیاسی و بازرگانی و کۆکردنەوەی نەتەوە و ئاین و گرووپە کۆمەڵایەتیەکان و هتد، چونکە پێشتر پێوەر بۆ شار رۆشنبیری و فەلسەفە بوو، هەروەك لەدەوڵەت شاری یۆنانیدا دەبینین، شاری یۆنانی بۆ نموونە پایتەختەکەی کە ئەسینا بوو، بەحوکمی ئەوەی هەموو پێداویستی یاسایی و بڕیاری سیاسی و مەزنکردنی دەسەڵات بەهۆی دامودەزگای حوکمڕانیەوە، وەکو ئەرستۆ دەڵێ " رێگە بۆ ئەسینا رێگەیەکە خۆشی دەبەخشێت بەدڵ، ئەو کێڵگانە دەبڕێت کە لە یەکەمەوە تا کۆتایی تۆوکراون، بەڵام بەهۆی کەموکوڕییەك کە هەیە لە زۆربەی پێداویستییەکان، کەسێکی نامۆ و غەریب دەچێتە ئەسینا، ئەو دیاردانە نابینێ کە لەبارەیانەوە بیستوویەتی". (29). مەبەستی ئەرستۆ لێرە ئەوەیە

بیسەلمێنێت بۆ گەشتیار یان گەریدە، ئەوەی بەدەست هاتووە لە ئەسینا، هۆکارەکەی فەلسەفە بووە، بۆیە تائێستاش فەلسەفە و فکر بەگشتی دەبێ بگەڕێتەوە سەرچاوەکەی کە یۆنانە .

ناسینی شار و نهێنییەکانی بۆ شاری پۆست مۆدێرنی ئێستاش دەگونجێت، چونکە هەر داتایەك لەبارەی هەر شارێکەوە لەدوورەوە دەبیسترێت، لەنزیکەوە دەقاودەق وادەرناچێت و ئەو چێژە خەیاڵییەی نییە وەکو سەنتەرێك تەماشای بکەیت بۆ خۆشگوزەرانی تێیدا، تەنانەت بۆ ئەو کەسانەش کە گەرەکیانە نیشتەجێبن بەیەکجاری، مەگەر بەناچار بمێننەوە، دەنا ئاسان نییە قبوڵ کردنی مانەوە لەو شارە گەورانەدا بەو شێوەیەی کە یاسا و رێسای بۆ دانراوە و خەڵکەکەی خۆی هەم ئاشنایین و هەم راهاتوون لەسەر ئەو شێوە ژیانە .

پرسیارەکە ئەوەیە چۆن قسە لەسەر شاربوون و فراوانی چەمکەکە دەکرێت، لەکاتێکدا پێوەری پیشەسازی و فرە کولتووری و فرە زمانی و هۆکارە جیاوازەکانی گواستنەوەی مرۆڤ و شتومەك بوو، هەروەها گرینگترین لایەنی پۆزەتیڤیشی ئازادی

تاك و تاكگەرایی بوو كە پێشتر شوێن جەهەنمێك بوو بۆتاك و دواتر لەشاردا بزربوو .

لەسەدەكانی بەر لەزاییندا، نموونەی شێوازێكی یەك ئاستی چ لەدونیای عەرەب و چ لەدونیای رۆژئاوا هەبووە، بەو مانایەی كە شار بەپێی تێگەیشتنی كۆن دیاردەیەكی مێژووییە و بەر لەفەلسەفە و بیركردنەوە لەتیراز و دیزانی تەلارسازی هەبووە، "مێژووی شار، مێژووی دەزگا شارستانییەكان و مێژووی سەروەت و كاریگەرییە سیاسییەكانی ئەو سەروەتەیە، لەچوارچێوەی شیكارییەكی مێژووییدا تێك دەئاڵێن، ئەم مێژووە چینی سێیەمی درووست كرد كە بەبەرهەمی خۆی و وزەی خۆی و بازرگانی خۆی و یاسای شارستانی باشچنراوی خۆی بوو، لەیاسای رۆمانییەوە خواستبوویان".(30). واتە شار ئەوكاتەی كە بەو مانایە وەرگیراوە زیاتر لەكۆمەڵێك و زیاتر لەپێكهاتەیەك تێیدا ژیاون و حوكمیان كردووە بەسەر بوونی بازاڕ و شێوەی پێكەوەژیاندا، لەلایەكی ترەوە شار مانایەكی وەكو بابەتی چینایەتی هەبووە لەرووی مێژووییەوە، بەڵام لەدواجاردا بەناچاری دەرەنجامی جەنگی قۆناغەكانی سیستم و ژیان بووە،

ئیتر گەشەی کردووە هەموو ئەو روخسارو سیمایانەی گۆڕی کە پێشتر بینراون و ئێستا چوونە مۆزەخانەی مێژوویی ژیانەوە و بەناچار جیاوازی دژەکانیشی لەهەناوی خۆیدا کۆی کردوونەتەوە، "بۆ نموونە جەنگی نێوان سەرمایەداری و سیستمی دەرەبەگایەتی بووە کە بەتەواوەتی سەریهەڵدا و بوو بەدیاردەیەکی جیهانی و چاوی لێکرا، ئیتر سیحرەکانی شار لەوێوە دەستپێدەکەن کە گوندەکان دەخزێنێتە نێو یەك پنتەوە و دەبێتە ئەو سەنتەرەی کە کەنارەکان لەخزمەتیدا دەبن و هەر لەگوندەکانەوە خۆی بەرهەمدێنێتەوە، بەڵام ئەم دیاردەیە جەنگێکی تر بەرهەمدێنیّ، ئەویش پەیدابوونی چینە جیاوازەکان و جەنگی جیاوازی چینەکانە، جەنگێك هەر لەجیاوازی ژیانەوە بگرە تادەگاتە جیاوازی کولتووری و فەرهەنگی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و ستایلی ژیان و شێوەی جلوبەرگ و تەنانەت قسەکردن بەموفردەی کەرستە نوێیەکانی شار وەکو تەکنۆلۆژیا و کارەبای تایبەت و فەزای کۆمەڵایەتی جیاواز و هتد".(31)

گەشەکردن لەشکڵە جۆراوجۆرەکاندا هەبووە، ململانێی هێزەکان بەشێکی سرووشتییە نیسبەت بەدەسەڵاتگرتن، بەشەکەی دیکەی

گرەوکردنە لەسەر هێزەکانی بەرهەمهێنان، ئەگەر ئەو هێزە تەنها یەك مودەتێك راوەستێت، بالانسی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیش تێکدەچێت، چونکە مرۆڤ ئەو ماتریاڵەیە کە لەرێگەی کار و هۆشیارییەوە هەوڵی گۆڕانکارییە ریشەییەکان دەدات و دواتر دەسەڵات شانازی پێوە دەکات، مێژووی سەرکەوتنی هەموو پاڵەوانە مێژووییەکان، مێژووی سەرکەوتنی کۆیلەکان بووە بەسەر کۆیلەکانی ترەوە، هەروەکو چۆن سوپاکان لەژێر سایەی فەرماندە و سەرۆك کۆمار و سەرۆکی دەوڵەت سەرکەوتن بەدەست دەهێنن، ئاوهاش کرێکار بەشێکی ستوونییە بۆ سەرکەوتنی وەستاکار یان ئەندازیار یان خاوەن کۆمپانیا .

وەکو پێشتر باسمان کرد لەسەدەی نۆزدەدا شار لەئەنجامی خزانی گوندەکان بۆ سەنتەرێك، فراوانتر دەبێت و کاری دەستی دەبێتە مانیفاکتۆر و دواتر پیشەسازی گەشە دەکات و دەبێتە فاکتۆر، واتە ماشینی سەرەتایی و دواتر دەبێتە کارگە، بەڵام ئەم خزانە سۆسیۆلۆژییە ئابورییە، بەبارتەقای شۆڕشی پیەسازی بەهای نەبووە، لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری خەڵك نەکەوتنە ژێر

کاریگەری ئەو ستایله ژیانەی کە نەجیبزادەکان و خانەدانە ئەریستۆکراتەکان هەیانبوو، ئەم شۆڕشە وایکر دکە شار بەهۆی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و شۆڕشی فەرهەنگی و ئەندازەیی بوو بەسەر ئەو ستایله کۆن و کولتووره کۆنەی کە پێشتر خەڵك بەوە راهاتبوون، بەڵام ئەم شۆڕشە بەهۆی ئەوەی بەسیاسی کرا، دواجار ئایدیۆلۆژیە سیاسیەکان کەڵکیان لێوەرگرت.

وەختێك سیاسەت دەبێتە چەقی یەکلاکردنەوەی ململانێی نێوان هێزە سیاسی و مەزهەب و نەتەوەکان، چەمکی حیزب وەکو مامەڵەیەکی تر لەگەڵ کۆبوونەوەی خەڵکێك بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان لەسیاسەت و هتد، لەوێشەوە جارێکی تر لەدوای چەندین سەدە فکر گەشەدەکات و بیرۆکەی نوێ دێتە پێشەوە، ئیدی فکری ناسیونالیزم کە لەئەنجامی فراوانی عەشیرەت و بنەماڵە و خێڵەکان بووە وەکو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئاینی و هتد، لەئەنجاکی دەرکەوتنی جیاوازی و پێکەوەبوونی دژەکان، ستایلی ژیانیش گەشەی کردووە، بۆیە ناسیونالیزم وەکو چەمکێکی مۆدێرن و پراکتیکیست، بوو بە دەرکەوتەیەکی نوێ بۆ دەمارگیری نەتەوەیی و جەنگی نەتەوەکان سەریهەڵدا، واتە

خۆجیاکردنەوەی گرووپێك لەوانی تر کە ئەمە بەرلەوەی مەسەلەی رەچەڵەك بێت، بابەتێکە سەر بۆ ململانێی چینایەتی دەکێشێ، هەر دوابەدوای ئەو چەمکە سیاسیەش، رۆژئاوا قۆناغێکی دیکە بەخۆیەوە دەبینێ و مۆدێرنیتە بەشێکی زۆری لەفەزای شێوە ژیانی سیاسی داگیرکرد و جەنگی جیهانی بەخۆیەوە دەبینێ، چونکە ئەو دەمارگرژییە لەتێگەیشتن بۆ شار بەمانای ململانێی هەمە چەشن لەگەڵ یەکتر، ئەو دیاردەیەی بەرهەمهێنا، ئیدی لەدژی یەکتر دەمارگیری نەتەوە و دەوڵەت و سنوور پەیدابوو، ئەمە جگەلەوەی کێشەی ئاین گەورەتر لەقەوارەی خۆی حاڵەتی نێگەتیڤی بەخۆیەوە بینی کە شاری جووەکان و کریستیانی و ئیسلامی بەرهەمهێنا، ئەمەش بەشێك بوو لەو عەقڵانیەتەی کە پێشڕەوایەتی سیستمی سیاسی و دەوڵەتی دەکرد لەلایەك، هەروەها دەمارگیری فەرهەنگیش ململانێیەکی دیکە بوو لەلایەکی تر.

ئیبن خەلدوون لەکتێبی پێشەکیدا واتە (المقدمە) گوتوویەتی " مرۆڤ بۆ خۆی بەسرووشت شارنشین بوونە، کۆبوونەوەی مرۆڤەکان بەشێوەی کۆمەڵ، واتە شوێنی کۆبوونەوەی

نیشتەجێبوون کە بەزاراوە شاری پێدەڵێن، جیاوازە لەبادیە و حەزەر، (بدو) واتە گوند بناغەی ئاوەدانی یە، پێداویستییەك کە جێگەی قایل بوونی مرۆڤە و ژیانی پێوەبەرێوەدەچێت، بونیادی ژیانێکی نوێییە کە لەکەمەوە بۆ زۆر دەڕوات و شێوەیەکیشە لەخۆشگوزەرانی".(32). هەروەها قۆناغی کۆچەری کە لەلایەن هۆزەکان و گرووپەکانی بیابانەوە دەکرا، یان بەهۆی داگیرکاری یەوە دەکرا کە نموونەیان مەغۆل بووە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە ئەوان نەدەچوونە ژێر یاساوە، یان ئەو گرووپانەی کە لەژێر ناونیشانی قەرەج لەسەر تاسەری دونیادا هەبوونە و ئێستاش بەهەمان ستایڵ دەژین، بەڵام جیاوازی ئەوان لەگەڵ کۆچەر و مەغۆل و هێزەکانی تر ئەوەبووە کە ئەوان بەویستی خۆیان بەبێ بیرۆکەی داگیرکاری و بەبێ هێز کۆچیان کردووە، تا ئەوجێگەیەی کە هەندێکجار ئەوان ستایلێکیان داهێناوە کە شارنشینەکان کەڵکیان لێوەرگرتووە، وەکو مانەوەی کاتی لەناوچەیەك، یان پشتبەستن بەئیرادەی خۆیان، یان هەڵبژاردنی رەنگی جۆراوجۆر و ستایلی جلوبەرگی جۆراوجۆر پۆشین و بەکارهێنانی کەرەستەی ئاسان بۆ ژیان، هەروەك زانراوە کە قەرەج خاوەنی هیچ بستە زەوییەك و موڵکێکی دەوڵەتی نییە، خاوەنی هیچ کەرەستەیەکی

هەمیشەیی ماڵ نییە، خاوەنی هیچ دەسەڵاتێکی دەوڵەتی یان قەوارەیەی یان ڕێکخراوەیی سیاسی و ئابووری نییە، جگە لەو ویستەی خۆیان بۆ ژیان هەیانە، سابا لەهەر شوێنێك بن و لەگەڵ هەر زمان و کولتوور و کەشوهەوایەك بن.

## پێكدادانی ئەخلاقی

گوندییەكان كێشەیەكی دیكەی ئابوریشیان بۆ دێتە پێش وەختێك دەخزێنە نێو شارەوە، چونكە ئەوان دیاردەی پێشكەوتنی تاك و كرانەوە لەشاردا، بەكێشەی ئەخلاقی دەزانن، ئێستا ئیتر دەبێ بچینە سەر ئەوەی ئەم فەندە پێشتر لەرێگەی رەنجی جوتیار و بەرووبومی بۆماوەی باب و باپیران بوو، ئێستا گۆڕا بۆ ئەو پاڵپشتیە ماددیەكەی كە لەرێگەی دەسەڵاتداران و سەرمایەدارانەوە زیاتر گەشە دەكات و دەوڵەمەند دەبێت، "هەندێكجاریش دەوڵەت و لەوێشەوە بۆ وەبەرهێنان لەكۆمپانیا و سپیكردنەوەی پارە لەدەرەوەی وڵات هاتووە، هەروەها مامەڵەكردن بە گیانی هەزارەها خەڵكی دەربەدەر و بێدەرەتان و بێ نەوا و بێكار گەشەدەكات، ئەم هاندانە ناشەرعییە نا مرۆڤییە ئەجێندایەكی پاشاكانی ئەوروپا و خاوەن كۆمپانیاكانی رۆژئاوا بوون، دواتر لە شێخەكانی كەنداوە وە هات و پاشان لەكوردستانی باشوور لەنگەری گرت، ئەویش خێڵەكان و بنەماڵە دەوڵەمەندەكان پشتگیریان لێكرد بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر

لەرێگەی ئەمانەوە کەڵك لەو بەروبوومە نەوتییە وەربگرن کە لەژێر چنگی ئەواندایە".(33). دەستهەڵنەگرتن لەو خووەی کە خێل و بنەماڵەکان و شێخەکان لەکولتووری کۆن و گۆڕینی بۆ شار، دەستهەڵگرتن لە کولتوورێك دژ بەو دیاردە شازانەی ناو شار بوو، بۆیە شانازی پێوەدەکرا، ئەولیای چەلەبی کە مێژوونوسێکی کوردە و لەهەولێر بەچاوی خۆی دیاردەکانی بینیووە و یەکێکە لەسەرچاوە گرینگەکانی مێژووە لەسەر هەولێر، وەکو مەرجەعێکی کۆمەڵایەتییە کە تائێستاش ئەو مۆرکەی هێشتۆتەوە لەهەولێر و رەنگە دوو قوناغی دیکەی ژیانی شارستانیش هەر مۆرکەکەی پێوە دیاربێت، هەڵبەت ئەم حاڵەتە کۆمەڵایەتییە لەدهۆك و هەندێ ناوچەی دیکەی شارەزوور و بنەماڵەیەی لەپشدەر و جافەکان بەتایبەتی هەیە، هەمان تەرزی ژیانە لەگەڵ سیاسەت و شارستانیەت خۆیان گونجاندووە. لەبەرامبەر ئەو هاوکارییە ماددیەی دەوڵەت و حیزب بۆ شێخ و ئاغای کۆن و بنەماڵە و هتد، ئەو شێوە بەشدارییە سیاسییەیە کەهەم لەرووی ماتریالی مرۆییەوە و هەم لەرووی سەربازی و میلیشیاو و هەم وەچەکانیان ئینتیما بۆ حیزب زیندوو دەکەنەوە و دەوڵەمەندیان دەکەن، سەبارەت بەشێوەیەکی تری

بەشداریکردن لەخەباتی سیاسی شار کە خەباتی پارلەمانی یە، سیستمەکە پشت بەدەنگدانی خەڵك دەبەستێت بۆ شەرعییەتدان بەدەستەڵاتەکەی، ئەم خێڵانە بەهۆی ئەوەی خەڵكێکی زۆر و مورید و پیاوی خۆیان نزیك و خویان و هتد لەگەڵیان ئینتیما دەکەن بۆ حزبێك وەکو وەبەرهێنان و کەڵك وەرگرتن لەژیانێکی رەفا لەلایەن ئەو حیزبەی لەپارلەمان دەردەچێت، بەگەرەنتی بەکۆ دەنگ دەدەن بەحیزبێك کە هاوکارییەکەیان لێنابڕێ. هەڵبەت ئەم ئینتیمایەی شێخەکان بۆ دەوڵەت و سیاسەت و حیزب و بەو شێوەیە، لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەوان دەیانهەوێ وەکو ساڵی 1956 تا 1958 دوچاری سەرگەردانی نەبن وەختێك شۆڕشی جوتیاران بەهاوکرای حزبی شیوعی کرا، ئیدی ئاغاکان بەناچار روویان لەشار کرد و جارێکی تر بوونەوە بەپیاوی دەوڵەت و دەسەڵات و شێوە ژیانێکی شارستانییان دەستەبەر کردو و جارێکی تر خۆیان لەخەڵکی هەژار و تازە هاتوو بۆ شار جودا دەکردەوە جا بەجلوبەرگ بێت یان تەلار یان شێوەی کار و هتد.

هەتا ئەوکاتەی کە سیستمی قەشەسازی و کەنیسە و دەسەڵاتی مەزهەبەکانی کاسۆلیك و ململانێ لەگەڵ سەرهەڵدانی پرۆتستانت، نەمەسەلەی فکر بەوشێوەیە ئازادبوو، نەسیاسەت و نەژیانی کۆمەڵایەتی و نەئازادیەکانی تاك، هەروەك ئەرستۆ لەکتێبی میتافیزیك چییە دەڵێ (مەبەست لەبونیادنانی شار، ئەوەیە کە حورمەت بۆ تاك بگەڕێتەوە و ژیانی خۆی هەڵبژێرێ بەئازادی، جگەلەمەش فرەیی لەجۆری بیرکردنەوە لەلایەن خەڵك و تاکەکانەوە کەکاریگەری لەسەر شێوەی ژیان و ئەتەکێتی رۆژانە دادەنێ)، هەروەها رەنگدانەوەی ستایلی خواردن و سەرچاوەی خورادن کە بەفۆلکۆری نەتەوە یان کۆمەڵگە بەگشتی دادەنرێ، کارێك دەدات کە پێکدادان لەنێوان ئینتیك و تایەفەکان و مەزهەبەکان رەنگبداتەوە، بەڵام سەرەنجام ئەمە دەبێتە کولتوورێك کە شارنشینیش ناچار بێت بۆ پێداویستییە غەریزیە رۆژانەییەکانیان کشتوکاڵی پیشەسازی بکەن بەمۆدی کار، ئەمە لەئەوروپا مۆدێلی سیاسەتی دەوڵەتە لەسەدەی رابردووەوە، بەڵام ئەمە کاتێك پێکدادانەکە زەقتردەکاتەوە، ئەوکاتەی کە دانیشتوانی ناوچەکە بەر لەوەی بێن بەشار، بەرلەوەی چڕی دانیشتوان کاریگەری بخاتە سەر مۆدێلی ژیانی هەریەك لەنەتەوە

و تایەفە و مەزهەبی ئاینی، ئەوە قبول نەکەن کە پێکەوە بژین، مەبەستم لەشێوە قبول کردنی خواردن و خواردنەوە و شێوەی خوداپەرستی هەریەك لەو مەزهەبە ئاینیانەیە کە کێشەی بەردەوامییان هەیە .

مەسەلەی زەمانەتی کۆمەڵایەتی، گرینگترین باسێکە بۆ گشت و بۆ تاکیش، رەنگە بۆ تاك زیاتربێت، لەبەرئەوەی هیچ هێزێکی کۆمەڵایەتی دیکە نییە پارێزگاری لەئازادی و بەرژەوەندییەکانی بکات و بەتەنهاش ناتوانێ ململانێی کۆمەڵ بکات و گرەو لەسەر بردنەوە دۆڕاندن بکات، هەروەك ئەوەی بیرمەند و فەیلەسوفانی وەکو (دیکارت و مارکس و هۆسرێل) و دەیانی تر، لەژێر کاریگەری فشارێکی زۆری کۆمەڵگا و دەسەڵاتە دیار نادیارەکان، نەیانتوانیوە بژین بەئازادی و ئەوەی کە ئارەزوویانە وەکو فکر بیلێن، بۆیە ناچارکراون شارو زێدی خۆیان بەجێبهێڵن و بەرەو ئاوارەی و دەربەدەری سەری خۆیان هەڵبگرن و دەنگیان نەگات بەئەوانی تر و تاسەدەکانی 19 و 20 بیرۆکە و فەلسەفەکانیان نەگاتە کیشوەرەکانی تر و دەوڵەت و نەتەوەی ژێر دەستە و هتد.

قسەوباسێکی تر کە بیرمەندەکان زۆری لەسەر دواون مەسەلەی کۆمۆنیکەیشنە لەبورای عەقڵ و جێگەی بوون، عەقڵ لەنێو شار و هەروەها بزربوونیشی لەلایەکی تر، کێشەی بەعەقڵانیکردنی هەموو شتێکە بەسرووشتناسیشەوە، هابرماس یەکێك لەو بیرمەندانەیە کە باس لەئەگەرە کراوەکان دەکات و دەڵێ"مانای ئەگەری کراوەیی هەیە، زیاد لەوەی مانای دیفاکتۆ بگەینێت، ئەو گریمانەی بوونی دەکات، بەڵام گرەنتی ئەوە نادات بەشێوەیەکی بەردەوام لەسەر زەمینی واقیع بەرجەستەبێت، هەرلەبەر ئەم هۆیەش هابرماس باس لەیەدەکی عەقڵانیەتیان عەقلانیەتی شاراوە دەکات، ئەمەش دوو دەرەنجامی گرنگی لێدەکەوێتەوە، یەکەمیان ئەوەیە تێرمی کردەی کۆمینیکایشن بەمانا ئیجابیەکەی دەرفەتی ئەوەی بۆ دەرەخسێنێ تائەو عەقڵانیەتە شاراوەیە قوتار بکات، ئەو عەقڵانیەتەی مۆدێرنیتی لەهەناوی خۆیدا هەڵیگرتووە، دووەمیشیان ئەوەیە کە چەمکی عەقڵی کۆمۆنیکاشین بواری تازەکردنەوەی تیۆریای رەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرتی دەداتێ، ئەو تیۆریایەی بەشێوەیەکی تایبەت هەریەك لەئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر هێنایانە ئاراوە"(34). رەخنەگرتن لەعەقڵگەرایی لێرەوە لەم تێڕوانینە مرۆڤیانەوە

سەرچاوەی گرتووە کە کاریگەری نێگەتیڤەکەی لەپۆزەتیڤەکەی زیاترە، ئەویش دوای ئەوە دێت کە مارتن لۆسەر بەهۆی دوورخستنەوەی دەسەلاتی کەنیسە لەحوکمڕانی و دەسەلاتی سیاسی و دەولەت، ئاین و کاری دەولەتی جودا کردووە، ئیدی روحیەتی مرۆڤی و بەشێك لەئەخلاقیات لەبەین چوو، ئەویش بەهۆی بەمیکانیك کردنی ژیانەوە بوو .

کێشەی بە گوندکردنی شارەکان لەلایەن لادێ نیشینەکانەوە، لەوێوە دەستیپێدەکرد کە هەموو خێلێك و عەشیرەتێك لەکەنار شاردا جێنیشین دەبوون و خانوویان بەبێ دیزاین و ئەندازیاری و بەبێ هیچ خزمەتگوزارییەکی شاری درووست دەکرد، هەروەها ئەو کەنار شارەیان دەکرد بەگوندەکانی خۆیان و بەناوی لادێ و خێلّ و گوندی بچووکەوە ناودەنا، ئیدی ناوی هەر گەڕەکێك بەخەلّك و شوێنی پێشوویان دەناسرایەوە کە ئێستا بەشێکی زۆر لەشاری کوردستانی هەمان خەسلەتیان هەیە، هەر کۆلانێکیش بەناوی گوندێکەوە ناو دەنرا، ئەم حالّەتە نێگەتیڤە کاریگەری نیگەتیڤیشی درووست کرد، چونکە دەولەت یان حکومەت بەناچار دەکەوتە ژێر ئەو بارەوە و ناوی گەڕەك و کۆلانەکانیش بەهەمان

ناو لە شارەوانی تۆمار دەکرد، لەوەش ناخۆشتر ئەوەبوو کە دیموگرافیا و ئەندازەی گەڕەکەکان دەبوون بەگوندێك لەکەنار شاردا و دواتریش هیچ چارەسەرێکی ریشەیی ئەندازەیی و یاسایی بۆ نادۆزرایەوە، لەوەش مەترسیدارتر رێگەیان بە خەڵکی تر نەدەدا بچنە نێو ئەو فەزایەوە خانوو بکڕن و یان خانوو درووست بکەن، چونکە ئەوان وەکو گوندی تەماشای قەوارەی جوگرافی خۆیان دەکەن، تەنانەت ئەو دیاردە ناشیرینەشیان لەگەڵ خۆیان کردە باو کە حکومەت نەتوانێ بەیاسا رێگە لە ناشیرینیەکانیان بگرێت، ئەوان بەرپەرچی حکومەت و دەسەڵاتی یاساییان دەدایەوە، بۆ نموونە ئەو کەنارانە مەڕومالآت و ئاژەڵ و تەنانەت کشتوکاڵیان دەکرد، لەکاتێکدا سیمای شار ئەمە قبول ناکات، بەڵام ئەوان لەدەرەوەی یاسا و سیمای شارستانی شەرعییەتیان بەکارەکانی خۆیان دەدا.

سەرەکیترین کێشەی لادێیەکان لەگەڵ شاردا، دیاردەی بەکارهێنانی یاسایە لەلایەن دەسەڵاتی حکومەتەوە، چونکە لەلادێکان لەبری یاسا عورف و کولتووری ئاینی کاری پێدەکرێت، بەوپێیەی کە ماف بەخاوەن دەسەڵات و هێزە خێڵەکییەکانە کە

بەبیانووی ناموس ژن بکوژن و پیاو بکوژن لەسەر زەوی و بەراوی کشتوکاڵی و نەدانی باج بەدەسەڵاتی گشتی و داگیرکردنی زەوی ئەوانی تر بەبیانووی موڵکی باب و باپیرانیانەوە، بەڵام لەشاردا بەپێچەوانەوە بەپێی یاسا هەموو شتێك بۆ گشت وەکو یەکە و دەسەڵاتی بەناو ئاغا و شێخ و دەوڵەمەندەکان سنووردار کراوە، ئەمە بۆ گوندنیشینی کە لەنوێ دێتە نێو شار، یەکەمین شت لەگەڵ ئەم دیاردەیە تووشی بەریەك کەوتن دەبێت و هەزمی ناکات، بۆیە هەوڵ دەدات سنوورەکان بشکێنێت و دیسپلینی شار قبوڵ نەکات، یان ئەو نیمچە ئازادییە قبوڵ نەکات کە بۆ ژنان و منداڵان و چون یەکی مرۆڤەکان لەسەر رێگە و بان و سەرەگرتن لەدامودەزگاکانی حکومەت بۆ راییکردنی مامەڵەی یاسایی و هتد.

کەوابوو کە ئەم دیسپلینە یاساییانە، وەختێك دەبنە لەمپەر لەبەردەم سەرەڕۆیی پاشماوەی گوندی لەشارەکان، دەبێتە هۆکارێکی دیکە بۆ پێکدادانی ئەخلاقی لەگەڵ خەڵك و گشتی، پاشان پێکدادان لەگەڵ حکومەت، ئەم دیاردانەن کە رێگری لەپێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و یاسایی شار و شارستانییەتی هاوچەرخ دەکەن.

ئەگەرچی سەرەتای کۆمەڵگەی مرۆیی نەیاندەزانی چۆن میتاڵ و کانزایی دەربهێنن و لەرێگەی بەردەوە کارەکانیان مەیسەر دەکرد، بەڵام دواتر بە ئەزموون بۆیان دەرکەوت، بەردەوامیدان بەم دۆخە تاقەت پڕوکێنە و زەحمەتی دەوێ، ئەمەش بەبیرۆکەی پیشەیی دەکرێت نەك کشتوکاڵی، چونکە پیشەگەرێتی بەهەمان عەقلیەت نەدەکرا کە وەرزێرێك بۆ بەرهەمهێنانی خۆراك بەکاری دەهێنێت، چونکە وەرزێر ئەگەر بیر لەبەکارهێنانی کەرەستەیەکی پیشەسازی بکردابایەوە، تەنها یەك دانەی بەرهەمدەهێنا، یان بەبیرۆکەی لاواز کارەکەی خۆیان مەیسەر دەکرد، بەڵام ئەوانەی بیرۆکەکەیان وەکو پیشەسازێکی بەردەوام تەماشاکردو و کەرەستەی زیاتریان بەرهەمهێنا، ئیدی ئەمە وای کرد لەکاری تاکەوە، بگۆڕێت بۆ کاری دەستەجەمی و گرووپ بەندی، هەروەها بە گرووپ مامەڵە لەگەڵ دابەشکردنی کار بکەن، ئەوەش دیسان تەواو ژیانی رێکدەخست، چونکە پێویستی بە ئاڵوگۆڕ هەبوو لەنێوان کەرەستەی زۆر پێویست و کەرەستەی لاوەکی کە نموونەکەی ئەو میتاڵانە بوون، سەرەتا تەنها بۆ جوانکاری ژنان بەکار دەهات، ئەم هەوڵە سەرەتاکەی لەململانێی نێوان هۆزەکانەوە داهێنانی تێکەوت، ئەویش ململانێی نێوان خێڵ و

هۆزەکانی هیندستان بوو، بەشێکی لەسەر چینایەتی بوو، بەشەکەی تری لەسەر جیاوازی ئاینی و کولتووری بوو تەنانەت جوگرافیش بوو، دواتر گەیشتە دانیشتوانی کەنار دەریای رەش لە رۆژئاوا، چونکە سنووریان بۆ یەکتر کێشا و خۆیان لەیەکتر جودا کردووە، بەوپێیەی کە پێشکەوتن لەبواری پیشەسازی سەرەتایی مەرج بوو بۆ دەوڵەمەند بوونی کۆمەڵگە و دەوڵەتەکان، ئەمە وای کرد گەشەسەندن لەئاستی بەرهەمهێناندا بێتە کایەوە، ئیدی مرۆڤ سەرقاڵی کارێکی جیاواز بوو لەوەی پێشوو، چونکە چڕی دانیشتوان بەو چەندایەتییە بەرهەمە رازی نەدەبوو کە پێداویستی هەموو خەڵك دابین بکات، لێرەوە بەرەبەرە جیاوازییەکە لەنێوان گوند و شار لەستایلی ژیاندا کۆکرایەوە کە پێویستی بەرێکخستن هەبوو، ئەویش دەسەلاتی دەوڵەتی بوو، واتە دەسەلاتێك لەدەرەوەی رێسای گروپێکی تایبەت، ئەمەش نەزانراوە سەرەتاکەی لەکوێوە دەست پێدەکات، هەروەك چۆن وەکو فریدریك ئەنگڵس لەکتێبی بنەچەی خێزان و موڵکدارێتی تایبەت و دەوڵەتدا شیدەکاتەوە و دەڵێ (ناتوانین مەزندەی تەواو بکەین بە ژمارەی ساڵ کە لەچ وەختێکەوە مەڕومالات لە موڵکی هۆزەوە بوو بە موڵکی سەرۆك

خێزانەکان، کە ئەمە گواستنەوەی رێسا بوو) دواتر بەخێوکردنی مەڕومالآت بوو بەدەزگای پیشەسازی کشتوکاڵی و ئەوەش کەمایەوە، بوو بە ئارەزووی کارکردنی کشتوکاڵی .

لێرەوە شار سیستمی کۆمەلآیەتی و بەهای کاری بەرهەمهێنا کە پێشتر لە گوندنشینیدا ناوی نەبوو، ئیدی سامان جێگەی بەسیستمی سۆسیالیزمی ئەوکات لەق کرد، چونکە تایبەتمەندی موڵکیەتی وەرگرت، ئەویش بەدەستهێنانی دەسەلآتی فراوانتر و یاسادانان بوو .

ئەخلاقی شار بەشێکە لەو شێوازەی کە دەبێت لە نووسینەوەی هەر بابەتێکی ئەدەبیدا رەنگبداتەوە کە تۆمارکردنی یادەوەری، کانت فەیلەسوفی ئالْمانی کە فەلسەفەکەی لەسەر رەخنە بووە و بەرلەوەی پرسیار ئاراستەی خەڵك و خوێنەر بکات، پرسیاری لەخودی خۆی کردووە و گوتوویەتی بۆم هەیە هیوام بەچی هەبێت، ئەمە لەکتێبی رەخنە لەعەقڵی پەتی (ئەمانوئێل کانت) هەیە.

گاستۆن باشلار لە کتێبی (جدليه الزمن) باسی ئەوەدەکات کە لەرێگەی ئێستاوە دەتوانین لەکارەساتەکانی رابردوو بگەین،

چونکە ژیان بەردەوامە و بەردەوامیەکەشی لەهەر وێستگەیەکدا شاهیدی ئەو خاڵە شاراوە و پشتگوێ خراوانەیە کە مرۆڤ بەبیانووی لێدان لەئایدیۆلۆژیاوە، ئەدەب و هونەری دوور خستۆتەوە لەو وێستگەیە، "بۆیە لە ئاستی زەمەنیشدا بەهەمان هەستەوە مامەڵە دەکات و سڵ لەرەخنە دەکاتەوە کە کودێتایەکە بەسەر فەرهەنگی جێکەوتەی سیستمی بەڕێوەبردنی شار و شارنیشینیشە، هەروەها ئەو یۆتۆپیایە لەمێشکدا دەخولقێنێ کە هەمیشە ئەدیب و هونەرمەند و سیاسییەکان خەونی پێوە دەبینن". (35).

سەرباری ئەوەی کە ئەدیب خەیاڵی خۆی بەسەر خوێنەردا دەسەپێنێ و بەشێوەیەك لە شێوەکان دیکتاتۆرێکی جوانیشە، بەڵام ئەدەب و هونەر زادەی ئەو خەیاڵەیە کە واقیع لەهۆشیاری مرۆڤدا جێگیردەکات، لەراستیدا ئەمە تاکڕەهەندی بیرکردنەوەیە لەمەوداکانی ژیان کە ئەدەب وەك بەشێك لەفەزایەی بیرکردنەوە دوور بخەینەوە لەرەخنە، رەخنەیەك کە هێندەی دەستوور بۆ شار و یاساکانی شارەوانی دەبێتە سەرچاوە، ئەلبێر کامۆ یەکێك لەو ئەدیبانە بوو کە لەرێگەی تێکستی مرۆڤی یاخیەوە ستایلێکی

نویٚ و جیاوازی بەخشی بەخوێنەرەکانی کە رەخنەبوو لەچەپ و کۆمۆنیستەکان، هەڵبەت ئەو کاتە سیستم ئایدیۆلۆژی بوو، بەڵام خولْقاندنی جۆرە ئاژاوەیەك بوو کە ئەومانایەی نەبوو بۆیان داتاشی بوو، بەڵکو کامۆ دەیویست ئەو واقیعە سەپاوە لەرێگەی نووسینی رۆمان و بیرکردنەوەوە رەتبکاتەوە و خوێنەر درکی پێبکەن، ئەم تێگەیشتنە پێشتریش لەزەمەنی زاڵبوونی گوتاری ئاینی هەبووە، بۆ نموونە (عەلی ئەلوەردی) لەکتێبی واعیزەکانی سوڵتان، باسی دەکات کە چۆن واعیزەکان کرداری چاك بەخراپ لەقەڵەمدەدەن و خراپیش بەچاك، ئەم تێگەیشتنە تائێستاش کاریگەری نیگەتیڤی لەسەر تاکی کورد هەیە کە رەخنە چەکێکی مەترسیدارە، لەکاتێکدا رەخنە ئەو کودێتا سپییەیە کە مەعریفە بەرهەمدەهێنیٚ بۆ شار و شارنیشینی، بەبیٚ ئەم کەلێنە فەرهەنگییە، شار مانای مۆدێرنی خۆی لەدەستدەدات .

خەسڵەتێکی دیکەی شاری مۆدێرن و پاش مۆدێرن کە جیاوازی لەگەڵ گوند و شاری کۆن هەیە، ئەویش درووستبوونی ئاکتی منە بۆ تاك و ویست و حەزو خۆپەرستییەکانی، لەجیاتی ئێمە کە بۆ کۆ بەکاردێت و کۆش بۆ کاری دەستەجەمی و خەباتی

سۆسیۆلۆژی بوو لەرابردوودا، واتە دابینکردنی ژیان بۆ تاك، مارشالڵ ماکلۆهان دەڵێ" شارستانییەت لەجیاتی گوێ، چاوی بەخشی بەهەمەجییەکان، ئێمەش دەتوانین بۆ شارستانیەتی نوێ، من لەجیاتی ئێمە وەکو ئەلتەرناتیف وەربگرین، چونکە ژیان لەنێو شاردا وایکرد کە چاو کاریگەری هەبێ لەجیاتی منێك کە لەگوندەکاندا گرینگی هەبوو، ئەو دۆزینەوەیە مەعریفەیەکی بەرهەمهێنا کە چاو ئاکتیڤترە لە گوێ کە هۆکاری بیستنە، بۆیە راهێنانی چاو بۆ جیاکردنەوەی جیاوازیەکان بەوشە و پیت، وردترە، چاو ژمارەی زیاتر و وردەکاری زیاتر قبوڵ دەکات، بۆ نموونە ئەوەی لەشار هەیە دروستکردنە لەرێگەی پیشەوە کە نازانرێ لەکوێوە دێت و بۆ کوێ دەڕوات، لەوانەش بەکارهێنانی رەنگ بۆ خانوو و ئۆتۆمبێل و پەرستگاکان بە هەموو شێوەکانییەوە بەبێ ئەوەی چێژی لێ ببینرێت، چونکە کەس بڕوای بەهیچ نامێنێ هەتا شتێك بەچاوی خۆی نەبینێ، کەچی لە گوند هەموو ئەوانە چونکە دەگمەنن، چێژی خۆیان هەیە".(36).

گواستنەوەی ئەو سوبێکتەی کە نازناوی من بوو بۆ ئێمە، تەنها حاڵەتێکی پۆپۆلیستی پیشەسازی نەبوو، بەڵکو لەم دواییە دەرکەوت وەکو ئالان بادیۆ دەڵێت، بوو بەئایدیۆلۆژیا و گوتاری

سیاسیش خۆی لەوشەی ئێمەدا بەرهەمهێنایەوە و خۆی دەوڵەمەند کرد، ئەو گەمە بازاڕییەی لەدوای هاتنی دیجیتاڵەوە گەشەی کردوو و خەڵك بوون بە بەشێك لە گەرمکردنی ئەو بازاڕە، هەروەها بون بە کاڵای بازاڕەکەش کە لەوەهمی بەشداریکردنی سیاسەت و وەرزش و جەنگی ئایدیۆلۆژیای سۆسیۆلۆژی و سەربازیدا دەردەکەون، سەلمێنەری ئەوەن کە ئیلیمێنت لەبری یەکسان بوونی مرۆڤ لەشتە مۆراڵییەکانەوە، گۆڕا بۆ ئیلیمێنتی بێ بەها و گاڵتەجار، ئەمە دەرەنجامی ئەو جەنگە وەهمییە بوو کە لە منەوە گوازرایەوە بۆ ئێمە، واتە لە ویستی تاکو بۆ هەموو کۆمەڵگە، گوایە وشەکە دیموکراسی تر و سۆسیالیستی ترە، ئەمەش ئایدیۆلۆژیای سەردەمی دوای دیجیتاڵە کە مانای شاریشی گۆڕی بۆ گوندی بچووك، یان گوندی سەربەخۆی پیشەسازی و شارستانی و سیحراوی، ئەم حاڵەتە نەك هەر لە وڵاتانی رۆژئاوا، بەڵکو لە خۆرهەڵاتیش بەدی دەکرێت کە رۆژهەڵات هەمیشە لەو وەهمەدا دەژی کە هێشتان ئەوان لەچاو رۆژئاوا خاوەنی شار نین.

هەموو گوندەکانی دونیا بەپێی گەشەی شار بچوك دەبنەوە، "لەولاتانی عەرەبی بەپێچەوانەوەیە گوندەکان لەپەراوێزی شارەکان گەشە دەکەن و سرووشت و بیچمە گوندیەکەی دەپارێزێ کە بەپێچەوانەی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی شارەوەیە، بۆیە قورسە جیاوازی لەنێوان ژینگەی گوندەکان و شارە میللییەکانی بکەین، یان لەو شوێنانەی کە پەیوەندیخەڵك لەگوندە دوورەدەستەکان و بکرێن، بەڵکو زۆربەی شارە عەرەبییەکان ناگەڕێنەوە بۆ کۆمەڵگە گوندییەکان، چونکە هەژاری ئەتەکێتیان کارێکی کردووە، چەمکی شاریان بەسەردا ناسەپێنرێت، بۆیە توێژەرەکانیش تیاماون کە چۆن ئەو جیاوازییە لەنێوان گوندەکان و شارە نوێیەکان بکەن". (37).

هەتا ئەوکاتەی کە سیستمی قەشەسازی و کەنیسە و دەسەلاتی مەزهەبەکانی کاسۆلیك و ململانێ لەگەڵ سەرهەڵدانی پرۆتستانت، نەمەسەلەی فکر بەوشێوەیە ئازادبوو، نەسیاسەت و نەژیانی کۆمەلایەتی و نەئازادیەکانی تاك، هەروەك ئەرستۆ دەڵێ (مەبەست لەبونیادنانی شار، ئەوەیە کە حورمەت بۆ تاك بگەڕێتەوە و ژیانی خۆی هەڵبژێرێ بەئازادی، جگەلەمەش فرەیی

لەجۆری بیرکردنەوە لەلایەن خەڵك و تاکەکانەوە کە کاریگەری لەسەر شێوەی ژیان و ئەتەکێتی رۆژانە دادەنێ)، هەروەها رەنگدانەوەی ستایلی خواردن و سەرچاوەی خورادن کە بەفۆلکلۆری نەتەوە یان کۆمەڵگە بەگشتی دادەنرێ، کارێك دەدات کە پێکدادان لەنێوان ئیتنیك و تایەفەکان و مەزهەبەکان و زمان و فەرهەنگەکان رەنگبداتەوە، بەڵام سەرەنجام ئەمە دەبێتە کولتوورێك کە شارنشینیش ناچار بێت بۆ پێداویستیە غەریزی یە رۆژانەییەکانیان کشتوکاڵی پیشەسازی بکەن بەمۆدی کار، ئەمە لەئەوروپا مۆدێلی سیاسەتی دەوڵەتە لەسەدەی رابردووەوە، بەڵام ئەمە کاتێك پێکدادانەکە زەقتردەکاتەوە، ئەوکاتەی کە دانیشتوانی ناوچەکە بەر لەوەی ببن بەشار، بەرلەوەی چڕی دانیشتوان کاریگەری بخاتە سەر مۆدێلی ژیانی هەریەك لەنەتەوە و تایەفە و مەزهەبی ئاینی، ئەوە قبولْ نەکەن کە پێکەوە بژین، مەبەستم لەشێوە قبوڵکردنی خواردن و خواردنەوە و شێوەی کولتوور و خوداپەرستی هەریەك لەو مەزهەبە ئاینیانەیە .

خەڵکی لادێ کە بەهۆکاری فرۆشتنی بەرووبوومی خۆماڵی دەهاتنە شار، تووشی بەریەك کەوتنی ژیانێکی دیکەی نیمچە

مۆدێرن دەبوون کە بریتیی بوو لەموفردەی پێویستیەکانی ژیان، بەتایبەتی ئەوکاتەی کە بەرووبوومیان دەفرۆشت و دەڕۆیشتنەوە بۆ لادی، ئیدی ئەو وێنانەیان لەلا دەبوون بەخەیاڵ و هەمیشە ئەم خەیاڵە لەلای کارەکتەری لادێیی دەمایەوە و بەوهێوایەی رۆژانێك ببێتە کارەکتەری چالاکی شاری، چونکە شاری سیحرێکی هەبوو بۆ ژیانێکی نوێی دەرەوەی لادێ، بەڵام نەیاندەزانیّ ئەم بەریەککەوتنەی هەردوو دەبێتە هۆی لەدەستدانی کولتوور و ئەخلاقی رەسەن، بۆیە وەختێك کە پێکەوە لەیەك شار و لەیەك گەڕەك و یەك کۆڵان و یەك خانوودا ژیاون، ئەوکات تێگەیشتوون کە کێشە لە ستایلی ژیانە، نەك پێشکەوتنی گوند بۆ شار. هەر ئەم پەیوەندییەش بوو کە لەئاستی بازاڕەوە گواسترایەوە بۆ ئاستی زمان، بۆ نموونە گوندییەکان کە دەهاتنە شارەوە خاوەن پیشەسازەکانیان فێری زمانی خۆیان دەکرد، چونکە دەستی کاری هەرزان بوون، ئیدی ئەوان ناچار بوون فێری زمانی کوردی یان زمانە لۆکاڵییەکان بن، بەڵام پەرچەکردارەکە ئەوەیە کە دواجار هەر گوندییەکان فێری ئەو شێوە قسەکردنە دەبوون کە ئەوانی تری عەرەب و تورکمان و فارس فێری ببون، واتە زمانێکی رەنگیدەدایەوە لەشێوەی قسەکردنی گوندییەکان کە زمانێکی

نیوه بوو، واتە زمانەکە تێکدەچوو ئیدیۆمی بۆ درووست دەکرا و کاری پێدەکرا .

خەڵکی لادێکان بۆیە نەیانتوانی لەگەڵ فەزای شاری نوێ تەماهی بکەن، چونکە وەکو فارابی دەڵێ" ئەوان نەزان بوون، شاری نەزانینیش ئەو خەڵکەیە کە بەختەوەریان نەناسیوە و بە خەیاڵیشیاندا نەهاتووە، ئەگەر رێنماییش بکرێن بۆلادێ نە تێیدەگەن و نە باوەڕی پێدەکەن، بەڵکو هەندێ چاکەیان ناسیوە کە لەرواڵەتدا چاکەیە، ئەوان گومان دەکەن کە ئامانجیان بریتییە لە لەش ساغی و ماڵ و سامان و سوود و خۆشی و هتد، وایان دەوێ ئارەزووەکانیان بەربەڕەلابێ".(38). بابەتێکی دیکە پێکدادانی لادێی و شاری، لەدەستدانی ئەو کولتوورە بوو کە لەنێو خانەوادەکانی خۆیان هەیانبوو، ئەویش بەکارنەهێنانی کەرەستەی میوانداری بوو کە بریتی بوو لەدەستشۆر و سینی نان خواردن و سینی و سەماوەری چای بەردەوام و رایەخی سرووشتی و ئێوارانی سەر سەکۆی ماڵ لەدوای هاتنەوەی مەڕو ماڵات و شوان و شیردۆشین و هتد، ئەم حاڵەتە لە ئێران تاکو ئەمدواییەش بەردەوام بوو، بەتایبەتی لە گوند و شارە بچوکە

دووره دەستەکان، " چێژوەرگرتن لەو کەرەستانە تەنها بریتی نەبوو لە بەکارهێنانی، بەڵکو بریتی بوون لەکوالێتی ئەو کەرەستانەی وەکو سینی چای کە بەزیو یان زەردەیەکی رەسەن درووسکرابوو، هەروەها وێنە و نەخشی جوانی تێدابوو کە ژنان چێژیان لێدەبینی کاتێك نان یان چایان تێدا پێشکەش دەکرد بەمیوان، خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو دەبینین لەماڵی فیرعەون هەمان ستایل و کەرەستەی زیوین هەبوو، بەتایبەتی لەو بادانەی کە شەرابی تێدا دەخورایەوە، هەڵبەت ئەم کەرەستانەی ماڵ کە نەمان و لەبری ئەوانە کەرەستەی بێ روح و بەرهەمی کۆمپانیا هاتن، بەشێك بوون لە هۆکاری ملنەدانی لادێییەکان بۆ شارستانی کە ئەو فەزایەیان لەدەستدا، لەبەرامبەردا تەنها ژیانی تێکەڵیان وەرگرت یان فەزایەکی فراوانتریان دەستکەوت کە ئەمانە بۆ ئەوان یەکسان نەبوو". (39).

مەسەلەی زەمانەتی کۆمەڵایەتی، گرینگترین باسێکە کە بۆ گشت و بۆ تاکیش، رەنگە بۆ تاك زیاتربێت، لەبەرئەوەی هیچ هێزێکی کۆمەڵایەتی دیکە نییە پارێزگاری لەئازادی و بەرژەوەندییەکانی بکات و بەتەنهاش ناتوانێ ململانێی کۆمەڵ بکات و گرەو لەسەر

بردنەوە دۆڕاندن بکات، هەروەك ئەوەی بیرمەند و فەیلەسوفانی وەکو دیکارت و مارکس و هۆسرێل و دەیانی تر، لەژێر کاریگەری فشارێکی زۆری کۆمەڵگا و دەسەڵاتە دیار و نادیارەکان، نەیانتوانیوە بژین بەئازادی و ئەوەی کە ئارەزوویانە وەکو فکر بیلێن، بۆیە ناچار کراون شارو زێدی خۆیان بەجێبهێلن و بەرەو ئاوارەی و دەربەدەری سەری خۆیان هەڵبگرن و دەنگیان نەگات بەئەوانی تر و تاسەدەکانی 19 و 20 بیرۆکە و فەلسەفەکانیان نەگاتە کیشوەرەکانی تر و دەوڵەت و نەتەوەی ژێر دەستە و هتد. چونکە گەرای کۆنی داناوە و ئەمە لەسەرتاسەری دونیا هەبووە، "رق و کینە لە نیۆیۆرکی ئامریکا بەرامبەر بەوانەی کە لەرێگەی دەریاوە لە ئالمان ئێرلاندا و ئیتالیا و جووەکان، نێردرابوون، ناوو و ناتۆرە و شوهرەتیان لێدەنرا، پێیان دەگوتن (کروت و میك و شینی و ووپ) هەموو ئەمانە لە ساڵی 1930 وە دەستپێکرد". (40). ئەم حاڵەتە واتە ناردنی خەڵك بۆ دەرەوەی خۆیان، لەولاتانی رۆژهەلاتیش هەبوو، بۆ نموونە کاتێك کۆلۆنیالیزمی فەرانسی و بەریتانی و ئیتالی گەیشتنە رۆژهەلات و بەشێکی زۆری ولاتانی ئاسیاو ئافریقایان داگیر کرد. بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو داگیرکارییە و دەربڕینی رق و کینەی

نیشتیمانی، هەمان دیاردە سەریهەڵدایەوە و ئەوروپا پڕ بوو لەرۆژهەڵاتی، لەبەرامبەریشدا ئەوروپییەکان کە پێی دەگوترا کۆچی بەکۆمەڵ بەرەو ئەوروپای خاوەن سیحر و بەهەشت، ئەمە لەدوای هاتنی هەزارەی سێیەمەوە بوو، واتە لەدوای ساڵی 2000 وە زیاتر گەشەی کرد، لەئاستی لۆکاڵیشدا لە رۆژهەڵات دیسان دووبارە بووەوە. بۆیە هەموو ئەو نێردراوانە ناوو ناتۆرەیان لێدەنرا و سوکایەتییان پێدەکرا .

من وەکو گەشتیارێك ئەو دۆخە نا ئاساییەی نێوان دانیمارك و هۆڵەندام بەرچاوکەوت کە هۆڵەندییەکان بەگاڵتەجارییەوە بەدانیمارکییەکانیان دەگوت هاووڵاتی نووستوو و خاوو و خلیچك، چونکە هۆڵەندییەکان زۆر لەبزاوتدا بوون بۆ سەر کار و بۆ نێو فاکتۆر و سینتراڵەکان و هتد .

ئیبن خەلدوون لەکتێبی (پێشەکی) دا نووسیویەتی "مرۆڤ بۆخوی بەسرووشت شارنشین بووە کۆبوونەوەی مرۆڤەکان بەشێوەی کۆمەڵ، واتە شوێنی کۆبوونەوەی نیشتەجێبوون کە بەزاراوە شاری پێدەڵێن، کە جیاوازە لە (بادیە و الحڤر)، بدو بناغەی ئاوەدانییە، پێداویستیەك گەنجییەکەی قایل بوونی مرۆڤە و ژیانی

پێوە بەڕێوەدەچێت، ئەمەش بونیادی ژیانێکی نوێییە کە لەکەمەوە بۆ زۆر دەڕوات و شێوەیەکیشە لەخۆزگوزەرانی بۆ گشت". (41). باسێکی تر هەیە کە هەر پەیوەندیبەئاکارەوە هەیە و ئەو ئاکارەی کە بەرهەمهاتووی سەرهەڵدانی شار و شارنشینی یە، ئەویش مەسەلەی کڕین و فرۆشتن و کاڵا کڕینە لەلایەن کڕیارەوە و فرۆشتنی لەلایەن فرۆشیارەوە کە هیچ ئەخلاقێکی تیانییە، جگە لەبەرژەوەندی و قازانج نەبیٚ، ئەمە لەسیستمی لادیٚ نییە و ئەوکات پێش هاتنی ئەو سیستمە تەنها ئاڵویۆڕ هەبووە، ئیدی گەنم یان ساوەر و گەنمەکوتراو و بەروومی زستان بۆ هاوین و بەپێچەوانەوە، یان هەر جۆرە بەروبوومێکی تر بەو پێداویستانەی کە لەلادیٚ نییە، وەکو چا و شەکر و سابون و بابەتی جوانکاری ژنان و پێداویستی ژیان دەگۆڕایەوە، بەهاتنی ئەو دیاردەیەش ئیدی دیاردەی سواڵکردن کە هەم رەهەندێکی چینایەتی هەبووە و هەم رەهەنەدێکی ئەخلاقی کە بۆ کەسێکی نەناس واتە خەڵکی شارەکە نەبووبێت، تادەهات ئاسایی دەبوو، تاکو کەسەکە سواڵ بکات و خەڵکیش هاوکاری بکەن، ئەمە دواتر بووە بەخەسڵەتێکی کۆمەڵایەتی و بوون بەگروپێك کە پێیان دەگوترێت سواڵکەر و دۆم و قەرەج و هتد، بەڵام شار لەهەموو

حاڵەتەکاندا جوگرافیا درووستکراوەکەی خوی و کەشوهەوا و مێژووەکەی رەتدەکاتەوە، ئەمە حاڵەتە ئەگەرچی شازە و جەنگی چینایەتییەکە تەنها لە شار هەیە، بەڵام جەنگەکەی تر دەروونییە کە رۆماننوسانی میسر زیاتر تەوزیفیان کردوە و گفتوگۆیان کردووە، چونکە کێشەی نێوان پۆر صعید و قاهیرەی پایتەخت گەورەتر بوو لەو دیاردانە، "رۆماننوسێکی میسری هەیە بەناوی (فکری الخولی) لە رۆمانی (کۆچ) دا باس لەکۆچکردنی خەڵك دەکات بە وڵاخ و دواتر دەگەنە وێستگەی شەمەندەفەر، ئیدی ژیان دەگۆڕێت، لەبری هاتن بۆ وێستگەکانی لادێ، ئێستا کارگە و کۆمپانیایە، هەروەها مامەڵەی خەڵك جیاوازتر دەبێ، هەروەها لەبری نامە ناردن بەدەست، بەڕێوەبەرایەتی پۆست هەیە کارەکە دەکات، لەبری کاری دەستی بەڕە درووستکردن، کارگەی رستن و چنین هەیە، هەروەها هەموو شتێك لە هاوکاری مرۆڤیەوە دەگۆڕێت بۆ پارە، چونکە هەموو شتێك لەبەرامبەر پارەیە، ئەم حاڵەتە ستایلێکە لەجەنگی دەرونی کە خەڵکانی نەشارەزا دووچاری جەنگێکی دەروونی دەبن".(42).

ئیبن خەلدون لەبارەی مەسەلەی لەشفرۆشی یەوە بەدیاردەیەکی شاز تەماشای ناکات، چونکە ئەو وەکو جۆرێك لەکاسبی و بازاڕ و جۆرێك لەگروپی کۆمەڵایەتی ناساندووە و بەجۆرێك لەکاولکاری ژیانی پێناسەکردووە، ئەویش نەمانی مۆراڵە کە سەردەمانێك پێوەر بووە لەنێو خەڵکدا، بۆیە لەشفرۆشی دەبێتە هۆکارێك بۆ نەهێشتنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کە ئاین زەمینەی بۆ خۆشکردووە، تائەو جێگەیەی کە باس لەو تێکدانە دەکات کە هەم شار، لادێی تێکدا و هەمیش شار خۆی تێکداوە، یەعنی مرۆڤ لەهەردوو بوارەکەدا کە دابڕانێکی ژیانی کۆمەڵایەتی لەرێگەی جوگرافی و پەیوەندییە هەمە چەشنەکانەوە درووستکردووە، بەخەیاڵی خۆی خۆشبەختی هێناوە بۆ خۆی کە پارە یەکێك لەهۆکارەکانە، کەچی بەزیانی خۆی گەڕاوەتەوە و دەڵێ " رێڕەو و شێوازی ژیانی شارستانی لەئەنجامی پارە و ئاسودەیی، ئەم دووەش خۆیان دەرەنجامی شێوازی ژیانی شارستانین، هەریەکەیان رێگە بۆ ئەوەی تریان خۆشدەکات، وەڵێ نائاسایشی لەبارودۆخی ژیانی مەدەنی، ئافرەتان، خۆشگوزەرانی تەرەفی لەڕادەبەدەر، لاوازی کاریگەری ئاین، نەبوون یان لاوازبوونی دەمارگیری، پشتبەستن بەخەڵکانێکی نامۆ بۆ خۆپاراستن،

ئەمانە فاکتەرگەلێکن لەگەڵ یەکتریدا بۆ تێکدان و کاولکردنی شار هەماهەنگن". (43). ئەم دیارەدەیە و دیاردەی دیکەش کە تەشەنەی سەند و بوو بەهۆکاری ئەو پێکدادانەی لەنێوان لادێ و شاری ئەوکات هەبوو، هەڵبەت ئەمە هەم کردار و هەم پەرچەکردار بوو، واتە ئەوانەی کە لەلادێ وە دەهاتن بۆ شار بەنیازی ئەوەی کار بکەن، لەلایەن شارنشینەکانەوە گاڵتەیان پێدەکرا، بۆ نموونە وەستاکارەکان بە لادێیەکانیان دەگوت، بە 3 دینار روبعێك کەم کار دەکەی کە ئەم نرخە نییە لەبازاڕ، ئەوانیش چونکە نەیانبیستووە، تووڕە دەبوون، یان پێیان دەگوتن دەشتەکی هۆقە 16 و رەشە عەشایەر و هتد.

بەڵام بەپێچەوانەشەوە هەمان دیمەن بوو، وەختێك شاری دەچوونە گوند بەهۆی ئەوەی دەست و پەنجەیان لەگەڵ موفردە و ژیانی لادێ نەرم نەکردبوو، لادێییەکان گاڵتەیان پێدەکردن و بە بێجامە لەپێ و پانتۆڵ لەپێ و لاق رووت و سفوور و شارستان و دەیان ناو و ناتۆرەی دیکەیان لێدەنان، یان گەرمیانی بە کوێستانیان دەگوت بەفر فرۆش و کوێستانیش بە گەرمیانیان دەگوت، ئەوە ئەگەر ساڵێك گا گوی نەکرد بەچی ئاگر دەکەنەوە

و هتد، هەڵبەت ئەم کردار و پەرچەکردارە تا ئێستاش لەهەندێ شوێن ماوە .

قسەوباسێکی تر کە بیرمەندەکان زۆری لەسەر دواون مەسەلەی پەیوەندییە لەبورای عەقڵ و جێگەی بوون، عەقڵ لەنێو شار و هەروەها بزربوونیشی لەلایەکی تر، گفتوگۆیەکی دیکە ژیانی کۆمەڵایەتی بوو، بۆیە بوو بەکەرەستەی سۆسیۆلۆژیستەکان، هابرماس یەکێك لەو بیرمەندانەیە کە باس لەئەگەرە کراوەکان دەکات لەبەردەم ژیاندا و دەڵێ" مانای ئەگەری کراوەیی هەیە، زیاد لەوەی مانای دیفاکتۆ بگەینێت، ئەو گریمانەی بوونی دەکات، بەڵام گرەنتی ئەوە نادات بەشێوەیەکی بەردەوام لەسەر زەمینی واقیع بەرجەستەبێت، هەرلەبەر ئەم هۆکارەشە، باس لەیەدەکی عەقڵانیەتیان عەقلانیەتی شاراوە دەکات، ئەمەش دوو دەرەنجامی گرنگی لێدەکەوێتەوە، یەکەمیان ئەوەیە تێرمی کردەی پەیوەندی بەمانا پۆزەتیڤەکەی، دەرفەتی ئەوە بۆ دەرەخسێنێ تائەو عەقڵانیەتە شاراوەیە قوتاری بێت، ئەو عەقڵانیەتەی مۆدێرنیتی لەهەناوی خۆیدا هەڵیگرتووە، دووەمیشیان ئەوەیە کە چەمکی عەقڵی پەیوەندیگەراییە، بواری

تازەکردنەوەی تیوریای رەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرتی داوەتیٚ، ئەو تیۆرانەی بەشێوەیەکی تایبەت هەریەك لەئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر هێنایانە ئاراوە".(44). لێرە مانای پەیوەندیگەرایی بەو شێوەیە هاتووە کە مرۆڤەکان لە رێگە بەیەکگەیشتنەوە لەرووی کۆمەڵایەتییەوە شاری هاوبەش بونیاد دەنێن، ئیدی ئەم تێکەڵبوونە دەبێتە هۆکاری تێکشکاندنی قەیدوبەندە درووستکراوەکان کە لەرێگەی ئاین و کولتووری داخراوەوە بەرهەمهاتوون و کاریان پێدەکرێت .

عەقڵ لێرەدا کاریگەری خۆی دەسەلمێنیٚ، ئایا چەند دەتوانیٚ ئەگەری کرانەوەی کۆمەڵگە لەهەر کایەیەکدا بۆچی دەبێتە هۆکارێك بۆ پێشکەوتن و فراوانبوونی تیۆرەکانی فەلسەفەی کۆمەڵناسی، بەتایبەتی تیۆرەکە واقیبین بێت، نەك خەیاڵێك کە بەرجەستەبوونەکەی مەحاڵ بێت، وەکو چۆن کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵات نەیانتوانی لەرێگەی چەمکە فکریی و ئەدەبیەکانی رۆژئاواوە کۆمەڵگەیەکی نویٚ بەرهەمبهێنن، یان لانیکەم بەئاسانترین شێوە دەرگا داخراوەکانی کۆمەڵگە بکەنەوە، یان کۆمەڵگە تێبگەێنن کە هەموو شیتێك پیرۆزە وەکو ئاین و ئەخلاق

و نەریت و ئالاو سیمبولە نەتەوەییەکان و هتد، کە نەتوانرا مانای ئەوەبوو کە کۆمەڵگەکە لەبنەمادا بەو ئاراستەیە پەروەردە نەکراوە، هەروەها ناتوانێ ئەو کولتوورپارێزی و سوونەتگەراییە لەخۆی دوور بخاتەوە و کەمێك لەگەڵ ئەوانی تر بگونجێ.

هەڵبەت هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و عەشائیرییەکان سەرەتا لەگوندەوە گەورە بوون و دواتر هاتنە شار، پێشتر شار شوێنێکی نامۆ بوو بۆ تایەفەکان، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەت و گەورەبوونی خێزانە دەسەڵاتدارەکان پێویستیان بەشوێنی گەورەتر هەبوو بۆ دیوەخان و بارەگاکانیان، ئۆرگانە خێزانییەکانی چین، گۆڕان بۆ کۆمەڵەی دانیشتوانی حەزەری، تاکو خۆیان ببینن کە هاوڵاتی سەربەخۆن و خاوەنی عیززەت نەفس و بەرپرسیارێتین بەرامبەر شارەکەیان، بەلەبەرچاوگرتنی قەبارەکەی، بنەمایەك بوو بۆ شوناسی سەربەخۆ و بەشێوەیەك لە شێوەکان وەکو دەرکەوتەیەك لەناو شار و دەوڵەت و چینە بازرگانەکان، ئەوانەی کە زۆرترین خەڵك بوون بۆ ئازادکردنی قەیدبەندی خێزانی گوندی".(45). بەپێی قسەی ماکس فیبەر بێت سەرەتای رێگەی هاتنی گوند بۆ شار و دەسەڵات

گرتنەدەست و بەدەستهێنانی شوناس و هاوڵاتی بوون، لێرەوە و بەم ستایڵە دەستیپێکردووە، ئەگەرنا هەموو دەرکەوتنی کۆمەڵگە کۆنەکان لەبنەماڵە و عەشیرەتەوە بووە، هەروەك چۆن سەرەتای شاری کوردی و عەرەبیش لەعێراق و کوردستان، بەخزانی بنەماڵە ناودار و عەشیرەتەکان دەستی پێکرد، هەر ئەوان توانیان وەکو ئەرستۆکراتی شوناس بۆ شار دابین بکەن، ئەمەش دوو رەهەندی هەیە .

رەهەندی یەکەم ئەوەبوو کە ئەوان لەترسی شۆڕشی جوتیاری گوندیان بەجێهێشت و زەوییەکانیان رادەستی جوتیارەکان کرد، چونکە هێزی کۆمەڵایەتی گوندنیشینەکان فراوانتر بوون و دەستکراوەتربوون لەجاران، بەوپێیەی کە حیزبی شیوعی عێراقی پشتگیری جوتیارەکانیان دەکرد .

رەهەندی دووەم ئەوەبوو کە بنەماڵە و عەشیرەتەکان چوونە شارەوە، لەوێوە جارێکی تر دەسەڵاتیان گرتەدەست و جوتیارەکان کە خزانە شارەکانەوە، جارێکی تر بوونەوە بە کۆیلەی ئاغاو سەرۆك خێڵەکان، نموونەش عەشیرەتەکانی جاف و زێباری و دزەیی و خۆشناو و هەمەوند و جبوری و بەیاتی و هتد

بوون. چونکە ئەوان توانیان لەگەڵ سیستمی حوکمی دەوڵەت و ستایڵی شار خۆیان بگونجێنن و بەکەمترین کات ببن بەشارستانی. بۆ نموونە ژیانیان دابەشی سەر دوو سێکتەر کرد، سێکتەری خوێندن و خودا پەرستی، لەمزگەوتەکان و کەنیسەکان وەکو ئاکرۆپۆڵ و رۆم، ئەمانە بۆ بۆنەکان و خوێندن و چارەسەری عورف لەبری یاسا، هەرچی سێنتەری شار بوو، بۆ ژیان و کارگێڕی و کاسبی و بازاڕ بوون، لەهەردوو سێکتەرەکەش سەرکەوتوون، بۆیە حکومەت و یاسا پشتیان گرتن .

لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی ئاغا و پیاوە خانەدانەکان دەستووری خۆیان نەگۆڕی، مەبەست لەدەستوور ئەوەیە کە ژنان و منداڵانیان هەم بۆ خزمەتی خۆیان و هەم بۆ میوانانی دوور بەکاردەهێنا، بۆ نموونە کە پیاوان لەدەرەوەی ماڵ دەهاتنەوە بۆ نانخواردن، یان لەکاتی دەستنوێژ شووشتن، دەبوایە ژن و کچ و کوڕی ماڵەوە دەستشۆریان ئامادە بکردایە بۆ دەستشووشتن و ئەوانیش ئاویان بەدەست و پێیاندا بکردایە و پاشان خاولییان رادەگرت بۆ دەست سڕینەوە، ئەمە دابونەریتێکی بۆ ماوەیی و گشتگیرکراو بوو بەسەر زۆربەی ماڵە هەژارەکانیشدا، تائەو

رادەیەی تاکو هاتنی بەلوعەی ئاو بۆ ماڵەکان، هەر خانەوادەیەك ئەم نەریتەی بەکار نەهاهێنابایە، وەکو شێوەیەك لەبێڕێزی بەرامبەر بە پیاو یان میوان دەزانرا، بەشانازیشەوە ژنان دەستشۆری بەویقار و جوانی مسیان دەکڕی و ئەگەر ڕەنگی بگۆڕایە، دەیانبرد بۆ لای وەستای مەنجەڵ پاکەرەوە و مسشۆر کە ئەگەر لەلادێکان نەبوایە، دەیانبرد بۆ شار، بۆیە لەشارەکان تا نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمیش ئەو پیشەیە هەر مابوو، لەکەرکوك بە قازان پاککەر ناسرابوون.

(فێردیناند تونێز) کۆمەڵناسێکی ئاڵمانییە و توێژینەوەی تایبەتی لەسەر جیاوازی بنەماڵەکانی گوند و شار کردووە، ئەو باس لەلایەنێکی دیکەی ئەو جیاوازییە کردووە کە بنەماڵەی شاری ئەگەر لەتەنیشت یەکتریش بن، واتە هەمان ڕەفتاری گوندی بکەن، بەڵام سرووشتێکی تایبەتیان هەیە کە بەهۆی گۆڕینی شوێنەوە نایگۆڕن، واتە لەشاریشدا دەست بەو هەڵسوکەوتەی خۆیانەوە دەگرن، واتە حەرەم کە سەرایان هەبووە لەگوند، هەمان ستایلی ژیان بۆ ژنەکانیان دابین دەکەن، بەڵام لەشار بەهۆی دیزاینی ژووری ماڵەکانەوە جیاوازی دەکەوێتە

نێوان پەیوەندی ژنەکانەوە، دەنا ئەو حەرەم سەرایە هەر دەمێنیٚ، هەروەها ناتوانن رێگری لە کچ بکەن لەگەلٚ کورِەکان لە قوتابخانەی تێکەلٚ بن، بۆیە ئەم ستایلە لەگوندنیشینی بە نەشاز لەقەلٚەم نادرێت، بەپێچەوانەوە لەشارستانی باشتر سیمای شار جوان دەکەن، چونکە لە ئاغاواتەوە دەبن بە ئەریستۆکراتی و بونیادنانی شیوەیەکی دیکەی ژیان.

ئینکارکردنی گوندییە تازە شارنشینەکان، تەنها لە رەفتاری گوندی و شێوەی کارەکەیان نییە کە کشتوکالٚ و بەخێوکردنی مەرِو مالاٚتە. بەلٚکو لەو رەهەندانەیە کە تایبەتن بەبینینی شارەوە کە سەرەتایەکی نوێیە لە شێوازی خۆی کە ئەمە شێوازێکی دیکەی یاخیگەرێتی و پێکدادانی لادێی و شارنشینە. "بەلٚی هەژاری شاری بەختیار رەنگە بەردەوام نەبێت، چونکە لەزەوییەوە دەردەچیٚ، بەبیٚ ئەوەی رەگورِیشەی هەبێت لە زەویدا، ئەمە وەکو لێکچوونی نێوان شاری تازە پێگەیشتوو و گوند وایە، چونکە شێوە ئەندازەییەکانیشی لە گوند دەچێت، بۆیە خەلٚك و دانیشتوانەکەی ناتوانن دەستبەرداری ئەو خەسلٚەتە گوندییە بن".(46). بۆیە تائێستاش کۆمەلٚێك لەشارە نوێیەکان

جەوهەرێکن لە گوند، واتە تەنها کەڤەرەکەیان شارەو لەناوەوە گوندیین، چونکە بەعەقڵێکی بۆماوەیی گوندییەوە تەماشای دیمەنە نوێیەکان دەکەن، ئەمەش خەڵکی تازە شاری و کۆنە گوندی ئازار دەدات، چونکە سەرەتایەکی ناخۆشە گوندی کە نازانێ مامەڵە لەتەك تاکەکانی شار بکات، دەکەوێتە بەردەم گاڵتە پێکردنی شارستانییەوە، ئەمەش پەرچەکرداری سایکۆلۆژی بەرهەمدێنێتەوە کە دەبن بەدژە شار.

لەسەرەتادا وەکو چۆن لە رۆژئاوا لەسەر دەستی خانەدان و ئەریستۆگرات و خوا پێداوەکان شار و ئەتەکێتی شاریان درووستکردووە، ئاوهاش لەسەرەتادا درووستبوونی شاری رۆژهەڵاتی بەشێکی لەسەر دەستی ئاغا و شێخ و بنەماڵەی خۆجیاکەرەوە و پیاوە مەزهەبیەکان و عەشیرەتگەری و هتد درووستبووە، کەوابوو نەریتی لادێیی ئاسان نەبوو فڕێبدرێت و دابڕان لەگەڵ شاردا سەرەتایەکی قورس بوو، بۆیە زیندوکردنەوەی ئەم عەقڵیەتە وەکو ژێرخانێکی کولتووری بۆ پاڵپشتیکردنی دەوڵەت و سیستمی حوکمڕانی هەر مابوو، ئەمەش دوای ئەوەبوو کە دەرەبەگ و ئاغاکان و پیاوانی کلاسیکی

گوندەکان، بێئومێدبوون لەوەی چیتر ژیانی خۆشگوزەرانی رەها بۆ ئەوان ببێت، بەشێوەیەکی تر رویانکردە شار و لەگەڵ دەوڵەت دەستیان تێکەڵ کردوو لەشاردا بەشێوەیەکی تر لەدەزگاکانی حکومەتدا جێگەی خۆیان کردووە، بەڵام لەناوماڵەوەدا رەفتار و هەڵسوکەوتیان، هەمان دەستووری کۆنی گوندی بوو کە کاریگەرییان لەسەر ماڵە هەژارنشینەکانیش دانابوو، تاکو لاساییان بکەنەوە، ئەمەش وەکو رۆژهەڵاتناس و عەرەب ناسی ئامریکی (جینیفر سکیرس) لەبارەی ئاشکراکردنی ناوەندی ماڵەوە و مانەوەی عەقلیەتی گوندی لەشاردا، بەتایبەتی لەوڵاتانی وەکو تورکیا و میسر و ئێران، کە لەنێوانی سەدەی شانزە و هەژدە کاری کردووە و دەڵێ "مانەوەی نەریتەکە و دابڕانیش لەو کلاسیکییەتەی گوند بەرەو ژیانی شار، سەرەتا بۆ بەرهەمهێنانی سەرخانێکی نوێ بوو لەدرووستکردنی نمونەیەکی دیکەی ژیانی شار، بەپێی ویستی ئەوانی تر نەك لاسایکردنەوەی نەریتە گوندییەکان، بەڵکو جۆرێك لەلاسایی کردنەوەی وڵاتانی کەنداو کە بۆ ماوەیی بوو، بۆ نموونە دووبارەکردنەوەی جل و بەرگ بەپۆشتەتر و دیزاینێکی نوێ، هەروەها دیزاین و ستایلی خانوو لەکەرەستەکانی وەکو قوڕ و دار و بەرهەمی شاخ بەبێ

کارگە، بۆ مەرمەڕ و پەنجەرەی شووشە و کەرەستەی بیناسازی نوێی گرانبەها و گەرماو و سەراوی شێواز نویٚ کە لەدونیای ئەوروپی باویەتی، هەروەها لەبری سەرین و بەڕە و دۆشەك لەلادیٚ، کورسی و قەنەفە و مێز و چای و قاوەخانە بەکەرەستەی نویٚ ی ئەوروپی، هەروەها گەرماو و سەراوی نویٚ بەڵام لەدەرەوەی حەرەمی خێزان و جیاکردنەوەیان لەگەڵ میوان و پیاو و هتد". (47). بەڵام ئەم نەریتە تاکو سەدەی بیستەمیش هەرمابوو، بەتایبەتی کاریگەری گوندنشینی لەسەر شارەکانی عێراق، چونکە دیوەخان مەرامە رەسەنەکە بووە و لەوێوە گوتارەکە بڵاودەبێتەوە و بەرهەمی دەبێت، ئەمە دیمەنە نادیارە گوندنشینەکەی شارە کە کارەکتەری شارسنشینی وەرگرتووە "ئێستا ئیتر دەبیٚ بچینە سەر ئەوەی ئەم فەندە پێشتر لەرێگەی رەنجی جوتیار و بەرووبومی بۆماوەیی باب و باپیران بوو، ئێستا گۆڕا بۆ ئەو پاڵپشتییە ماتریاڵیەی کە لەرێگەی حیزب و هەندێکجاریش دەوڵەت و لەوێشەوە بۆ وەبەرهێنان لەکۆمپانیا و سپیکردنەوەی پارە لەدەرەوەی وڵات". (48). ئەم هاندانە ئەجێندایەکە نەك لەکوردستان بەڵکو سەرەتا لەخێڵەکان و بنەماڵە و شێخەکانی کەنداوەوە هات و ئینگلیزەکان پشتگیریان

لێکرد، بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر لەرێگەی ئەمانەوە کەڵك لەو بەرووبوومە نەوتیە وەربگرن کە لە ژێر چنگی ئەواندایەدەستهەڵنەگرتن لەو خووەی کە خێڵ و بنەماڵەکان و شێخەکان لەکولتووری کۆن و گۆڕینی بۆ شار، ئەولیای چەلەبی کە مێژوونوسێکی کوردە و لەهەولێر بەچاوی خۆی دیاردەکانی بینیوە و یەکێکە لەسەرچاوە گرینگەکانی مێژوو لەسەر هەولێر، وەکو مەرجەعێکی کۆمەڵایەتییە کە تائێستاش ئەو مۆرکەی هێشتۆتەوە لەهەولێر و رەنگە دوو قوناغی دیکەی ژیانی شارستانیش هەر مۆرکەکەی پێوە دیاربێت، هەڵبەت ئەم حاڵەتە کۆمەڵایەتییە لەدهۆك و هەندێ ناوچەی دیکەی شارەزوور و بنەماڵەیەی لەپشدەر و جافەکان بەتایبەتی هەیە و هەمان تەرزی ژیانە لەگەڵ سیاسەت و شارستانی یەتایبەتی کە خۆیان گونجاندووە .

بزاوتنی رۆڵی بنەماڵە و عەشیرەت لە نێو شار و سیستمە کارگێڕکییەکەی، زیاتر پەیوەندی بەمانەوەی وەچە خستنەوەوە هەبووە، ئەمەش لەکوێوە سەرچاوەی گرت و دەستی ئاوەڵاکرا، ئەوکاتەی کە بەیاسا و بەزمانی ئاینی، رێگەدرا کە هەموو کەس

مافی ئەوەی لەگەڵ بنەماڵە و ڕێسای کۆمەڵگەکە و قەوارە نەتەوەیی و ئاینیەکەی خۆی بژی، ڕێگەدرا هەموو زۆنێك یان گەڕەکێك هەڵگری ناوونیشانی عەشیرەت و بنەماڵەکەی خۆیان بن و بەوەش بناسرێن، چونکە بەبڕوای دەوڵەتە بندەستەکان کە لەلایەن کۆلۆنیالی نوێیەوە بەڕێوەدەبرێن، بەهەمان ستایلی کۆنی گوندی خۆیانەوە بەردەوامی بەسیستمی شار بدەن، هەروەها ئەو واقیعییەتە لەبیر نەکەن کە ئەوان پێکەوە گرێدەدات و لێناگەڕێ ئەو ماتریاڵە بلاوبێتەوە کە دواتر دەوڵەت نەتوانێ کۆیان بکاتەوە، بۆ مەرامی سەربازی و جەنگی جیاواز. هەروەك ئەوەی ئەم ستایلە لەهەرێمی کوردستان لەبەشێك لەولاتانی عەرەبی و ولاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوایی هەیە، کە پێیان دەگوترێت ولاتانی پاشماوەی سۆڤیەتی کۆن .

لەبەرامبەر ئەو هاوکارییە ماتریاڵیەی دەوڵەت و حیزب بۆ شێخ و ئاغای کۆن و بنەماڵە و هتد، ئەو شێوە بەشدارییە سیاسیەیە کە هەم لەرووی ماتریالی مرۆییەوە و هەم لەرووی سەربازی و میلیشیاو و هەم وەچەکانیان ئینتیما بۆ حیزب زیندوو دەکەنەوە و دەوڵەمەندیان دەکەن، سەبارەت بەشێوەیەکی تری

بەشداریکردن لەخەباتی پارلەمانی، ئەم خێڵانە بەهۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر و مورید و پیاوی خۆیان نزیك و خومان و هتد لەگەڵیان ئینتیما دەکەن بۆ حیزبێك وەکو وەبەرهێنان و کەڵك وەرگرتن لەژیانێکی رەفا لەلایەن ئەو حیزبەکەی لەپارلەمان دەردەچێت، بەگرینتی بەکۆ دەنگ دەدەن بەحیزبێك کە هاوکارییەکەیان لێنابڕێ .

هەڵبەت ئەم ئینتیمایەی شێخەکان بۆ دەوڵەت و سیاسەت و حزب و بەو شێوەیە، لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەوان دەیانهەوێ وەکو ساڵی 1956 تا 1958 دوچاری سەرگەردانی نەبن، وەختێك شۆڕشی جوتیاران بەهاوکرای حیزبی شیوعی عێراقی کرا، ئاغاکان بەناچار روویان لەشار کرد و جارێکی تر بوونەوە بەپیاوی دەوڵەت و دەسەلات و شێوە ژیانێکی شارستانی یان دەستەبەرکرد و جارێکی تر خۆیان لەخەڵکی هەژار و تازە هاتوو بۆ شار جودا دەکردەوە، جا بەخۆجیاکردنەوەی لەرێگەی بەجلوبەرگەوە بێت، یان لەرێگەی گۆڕینی دیزاینی ماڵ و تەلار یان شێوەی کار و هتد، ئەمە بەشێکی جەنگی فکری پێشکەوتووخوازی و چەپگەرایی بوو لەلایەن نەوەی ئاغا و

گوندنشینەکانەوە بەرەو ژیانێکی نوێی شارستانی، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەسەردەمی شۆڕشی کلاسیکی دوای سۆڤیەتەوە هات کە زەوی جوتیارە بەناو ئاغاکان ئازادکران و دران بەجوتیارانی بێدەرامەت، ئەمە پەرچەکرداری درووستکرد، بۆیە ئێستاش پاشماوەی قینەکە ماوە و بەرهە نرخێك و ستایلێك بێت خۆیان لەخەڵکی ئاسایی جودا دەکەنەوە، بۆ نموونە بەگەکانی جاف لەگەرمیان و دزەییەکانی هەولێر و زێبارییەکانی ئاکرێ و سندییەکان و دۆسکی یەکانی دهۆك و دەرەبەگەکانی پشدەر و هتد، تائێستاش وەکو خەڵکی دیکە دەژین، هەروەکو چۆن ئاغاکان دوای هاتنیان بۆ شارە تازەکان، دەستیانبرد بۆ پیشەسازی و منداڵەکانیان خستە بەرخوێندن و بەشێوەیەکی دیکە ژیانیان کۆنترۆڵ کردەوە.

لەکاتێکدا کە ئەم هەموو خاڵە ناکۆکە لەنێوان شارنشین و گوندنشینیدا هەیە و دەبوو کۆنترۆڵ بکرێت، "ساڵی 1945 نەتەوە یەکگرتووەکان نووسراوێکی ئاراستەی غانا کرد کە ئەوکات ناوی بیابانی زێڕ بوو، بەهۆی بوونی ئەو هەموو عەشیرەت و بنەماڵە و ئاینە جیاوازانەوە کە کێشەی درووست

کردبوو، دانیشتوانەکەشی 4333000 کەس دەبوون، لەکاتێکدا ساڵانەش زیادیان دەکرد، کەچی کێشەکانیان هەر مایەوە و خەڵکەکەش لەترسان دەخزانە نێو شارەکانەوە، بەڵام دواتر گەشەی کردوو و قەبیلەکان و بنەماڵەکان ئەو شوێنانەیان جێهێشت کە بۆ فرۆکەخانە و وەزارەت و چارەسەرکردنی قەیرانی نێشتەجێبوون دەبوون، بۆیە ئەو ململانێیە نەما لەغانا". (49). بەڵام لەشارە دواکەوتووەکانی بەشێکی زۆری وڵاتانی رۆژهەڵات، تائێستاش ئەو ململانێیە هەر ماوە.

## تایبەتمەندی دیمۆگرافیا

مێژووی دامەزراندنی شار ئەوەمان بو دەگێڕێتەوە کە ژماەری دانیشتوان پێشتر لەڕووی کەم و زۆری و رێژەییەوە سەبارەت بە بەشداریکردنی مرۆڤ لەدرووستکردنی شار پەیوەندی بەژمارەوە هەبووە، بەڵام دواتر بوو بە موخەییەماتی پەناهەندەکان، چ ئەو گوندنیشینانەی کە ئاوارەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بوون، چ ئەو پەناهەندانەی لە ئەنجامی جەنگەوە هاتبوونە شار، بۆیە ژمارەی راستەقینەی شارنشینی بوو بەوەهم و واقیعیەتەکە دیار نەما، ئەمەش وای کرد کە سەرچاوەکانی وەکو خەستەخانە و پۆلیسخانە و دەزگاکانی میدیا، ناوجەرگەی شاریان وەکو جەنگێکی نادیار وەسف دەکرد، چونکە ئەوان بەو ژمارە زۆرە رانەهاتبوون لەگەڵ خەڵکێکی زۆری هەمە کولتوور و ئاین و نەتەوە و زمان و شێوەزار بژین،"ئەوکاتەی کە ژمارەی دانیشتوانی شار لە 100 کەس تینەدەپەڕی لەنیوەی یەکەمی سەدەی شانزەهەمی پێش زانینی بوو، ئەمە لەساڵی 1872 لەنێوان (32 تاکو 65 ) هەزار کەس گەشەی کردوو لەساڵی

1890 و هتد لەرۆژئاوا". پێنج زاراوەی ستراتیژیەتی دەوڵەت سەبارەت بەگەشەسەندنی شار رێگەی نموونەیەیی هەیە، ئەویش لەشوێن و کاتدا دیاری دەکات، بۆ ئەوەی بتوانێ هێزی شەڕکەرەکان لەدەستکەوتی خۆیدا بەرهەبهێنێتەوە، بەتایبەتی ئەو هێزە دژەی کەرێگەی بەپەناهەندە داوە، نیشتەجێ بن لەو شارانەی کە دەوڵەت بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیاکەی هەنگاو، یان پلانی ستراتیژی هەبووە بۆ گۆڕینی، ئەمە بیرکردنەوەی ساڵەکانی (1780_ 1831) کارل فۆن کلاوزڤتز بوو، ئێستا ئەمە وەکو نموونەیەکی نوێ لەرۆژهەڵات شتێکی نوێیە بۆ دیاریکردنی وەسفێکی نوێ بۆ شاری مۆدێرن کە دیمۆگرافیا مەرجی سەرکەوتنی شارە، بەڵام بۆ هەندێ نەتەوە شتێکی مەترسیدارە، مەسەلەی گۆڕینی دیمۆگرافیا بۆ هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو نموونانە کە دیمۆگرافیا خەریکە توشی شۆکی دەکات، نموونەش ئەو شوێنانەیە کە لەڕووی زمان و کولتوورەوە ململانێی تیاکردووە و ماوە و لەرووی جوگرافیاوە مەترسی لەدەستدانی هەیە، هەڵبەت مەبەست لەو شوێنانەیە کە لەباری سیاسی و مێژووییەوە سەر بەجوگرافیای کوردستانن و لەرووی یاسایی و دەستووریەوە هێشتا دەستنیشان نەکراون و

چارەنووسیان دیارنییە چۆن دەبێ، ئەمە جگەلەوەی کە شوێنێك هەبێت تایبەت بەکولتوور و ئاینێکی وەکو مەسیحیەکان، خەریکە دەکەوێتە بەردەم مەترسیدارترین کارەسات، ئەویش چۆڵکردن و پەرتەوازەبوونی مەسیحیەکانی بەرتللە و ترکێف و هەندێ ناوچەی شارەکانی موسڵ وبەغداد و خوارووی عێڕاقن کە ئاسەواری مێژوویی کریستیانی و کلدان و ئاشوریەکانن و ئێستا ژیان سیاسەت دیاری دەکات، ئەوان ناچارن یان کوردستان هەڵبژێرن، یان سەربە بەغدا بن، ئەمە بەشێکە لەمەسەلەی دیمۆگرافیا .

دۆرکهایم بوارێك بۆ فەزای پارچەیەك زەوی رەخساندووە کە هەر نەتەوەیەك، یان عەشیرەتێك یان بنەماڵەیەك جێگەی خۆیان کرۆدتەوە، هەریەکەیان بەپێی چڕی دانیشتوانی ناوچەکە دیموگرافیایان قبول کردووە، ئەمە رەنگدانەوەی بەسەر روحییەتی ستایلێك لە شارنشینی هەیە، رێکخستنی ئەم ستایلە کۆمەڵایەتییە بەرهەمهاتووی پێداویستییەکانی شارنشینییە یان هەمان ستایلی گوندی رابردووە، ئەمە پرسیارەکە نییە، بەقەد ئەوەی پرسیارەکە گرێدراوی بڵاوەپێکردن و مانەوە و گەیاندنی

کۆمەڵایەتییە، بەڵام بەلانیکەمەوە دیموگرافیایەکی نوێ دەنەخشێنێت کە برتییە لەگروپێکی کۆمەڵایەتیی.

ئەگەرچی چەمکی شاری نوێ کە مانایەکی جیاوازی وەهای نەبوو لەگەڵ شاری کۆن، تەنها ئەوەبوو کە ستایڵی کولتووری و دیموگرافیا و سیستمی حکومڕانی گۆڕا، لەسەرەتای سەدەی 19 هەمە سەریهەڵدا و بەتایبەتی ئەوروپا دەستپێشخەر بوو، "پانتایی شارە نوێیەکان دەتوانێ بگۆڕێت: لەچەند هەزار کەسەوە وەکو شارە سەرچاوەییەکانی کەنەدایی بەهارستانی 500 هەزار کەی فولادشاری و 300 هەزار کەسی لەدەوروبەری ئەسفەهاندا تا زیاتر لەیەك ملیۆن کەس لە پایتەختەکان یان لە شارە نوێیەکان گەشە بکات". (50). ئەمەی خوارەوە ئامارێکە لەنێوان 12 ساڵ لە کەنەدا و فەرانسە و بەریتانیا و هۆڵەندا، شاری مەزن خولّقاوە کە دانیشتوانەکەی سەرەتا 100 تاکو 500 هەزار کەس بوونە، دواتر زۆر فراوان بووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی زاوزێ لەئەوروپا کەم بووە، رێژەکەیان دابەزیوە، بۆیە سیستمی ئەوروپا دەستی برد بۆ زیادکردنی رێژەی دانیشتوانەکەی لەلایەن بیانییەوە، هەروەها رێگەیان پێدان

خۆسەری بژین و خاوەنی ئەنجومەنی پارلەمانی و شارەوانی خۆیان بن، هەروەها شارە نوێیەکان لەباری ئابورییەوە میکانیزمی تایبەتیان هەیە بۆ گەشەسەندنی ئابووری شارەکەیان، هەروەها تایبەتمەندی ژیانی هاولاتیانی، رێگەدان بەکڕینی ئەو زەویانەی کە موڵکی حکومەت، یان بەخشینی بەتوێژو چینەکانی کۆمەلگە .

شاری نویێ کەلکوەرگرتنە لەو زەوییانەی کە لەدووری شاری مەزنن و لەپەراوێزی شارە پیشەسازییەکانن، ستایلێکی ناحکومەتییە کە کۆمپانیاکان بەهاوکاری دەوڵەت بونیادی دەنێن، بۆیە هەموو دیموگرافیای جیایە و فرە نەتەوەیە و بەئاسایی وەردەگیرێت، هەم فرە ئاین و مەزهەبە و کولتوورە، هەموو پاراستنی تاکەکەسە و رێگەپێدراوە بەبێ خێزان بژی، بەبێ ئەوەی هیچ سانسۆرێکی کۆمەلایەتی لەسەر بێت، بۆیە هاوسەنگییەکی تەواو لەرووی کۆمەلایەتی و هێمنییەکی فرە لەفەزای شارەکە بەرقەرارە، ئەم تایەتمەندیەش لە گرێبەستی ئاسایی نێوان هاولاتی و کۆمپانیا نووسراوە، بۆیە چالاکی هاولاتییەکانی ئەم شارە نوێیانە فراوانتر و بەرچاوتر لەشارە

مەزنەکان، بەوپێیەی توخمە سەرەکی و جێگر و جێگەوتەکانی کولتووری سڕاونەتەوە، بەبێ ئەوەی هاوڵاتی سادە کاری بۆ بکات، هیچ نەبێ سرووشتی ئەو شارە نوێیانە لەبارتر و گونجاوترن لەشارە سەنتەرییەکان کە قەرەباڵغن، هەروەها بوونی سەنتەری خوێندنی باڵا، واتە زانکۆی بەناوبانگ. بوونی ئەو جیاوازیانەی کە دەبێتە جێگەی سەرنج راکێشانی گەشتیاران، یان هیچ نەبێ بوونی دیاردەی زۆنی تایبەت بەنەتەوە و کولتووره جیاوازەکان، تاکو هەم ببێتە جێگەی گرینگیدانی خاوەن ناسنامە بیانییەکان، یان ببێتە جێگەی سەرنجدانی گەشتیار، بۆ نموونە لەهەردوو وڵاتی فەرانسە و بەلجیکا، شوێن هەن تایبەت بەچینیەکان و پاکستانی و هیندییەکان، یان عەرەبەکانی وەکو جەزائیر و مەغریب و میسری. ئەم حاڵەتە ئەگەرچی رەخنەی لێگیراوە کە دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی ناسنامەکان و ناسیونالیستە توندڕەوەکان، یان دەبێتە هۆی پەیوەست نەبوونیان بەسیستمی دەوڵەتەوە، بەڵام دەوڵەت بەبێ گوێدان بەرەخنە لۆژیکییەکان لەلایەن بیرمەندانەوە، بەردەوام بووە تاکو سەدەی بیست و یەك، بۆیە لێرە بەدواوە کە ئەم سیستمە لەگەڵ

لۆژیکی دەوڵەتی فرە ناسنامە و کولتوردا ناگونجێت، دوورنییە هەڵبوەشێتەوە .

هەڵبەت ئەو گروپانەی کە خەریکن لەرێگەی سیاسییەوە شار فراوان دەکەن، زۆرن و نهێنین، لەوانەش نووسینگەکانی کڕین و فرۆشتنی زەوی و زار و خانوو و خزمەتگوزارییەکانی ترن کە پەیوەندییان بەشارەوە هەیە، پلاندانان یەکێکە لەو هۆکارانەی کە شار بەپێی پلانی ئەندازەیی فراوان دەکات و هەموو ئەو رەگەزە کۆنانە لەناو دەبات کە سیستمی کۆن بەرهەمیهێناوە، وەکو پێکەوە دروستکردنی خانوو و زەوی و زار و بازاڕ لەلایەن چەن بنەماڵەیەکەوە و دروستکردنی شارۆچکەیەك، یان گەڕەکێك لەلایەن هۆزێکەوە، کۆمەڵێك خزم و دۆستی نزیك لەیەکتر کۆمەلگەیەك پێکدەهێنن بەبێ ئەوەی دەوڵەت بزانێ ئەمە تێکچوونی دیموگرافیایە بەرووە شارستانییەتەکەی، ئەمە تەواو لەئێستادا دیمۆگرافیای شاری کۆڕیوە، نموونەش ئەو گوندانەیە کە کۆمپانیاکان وەکو شاری ستاندار لەروی بیناسازییەوە دروستیان دەکەن و بۆ هەر کەسێکە کە دەتوانێ بەشداری بکات و لەوێ نیشتەجێبێت، بەبێ ئەوەی بزانێ کێ جیرانیەتی و کێ

بەشداری لەو شارۆچکەیە دەکات، ئەمە جگەلەوەی بەهۆی بێ پلانی کولتوورییەوە بۆ پاراستنی ئاسەواری کۆنی شار، هەموو ئەو شوێنەوارانە تێکدەدرێن و دەکرێن بە شاری مۆدێرن کە لەدوو رووەوە زیان بەکوردستان دەگەێنێ، یەکەم شوێنەوارێکی مێژوویی لەناو دەبات وەکو سیمبولێکی شارەکە کە دەکرێت بۆ بەدەستهێنانی باج کەڵکی لێوەربگیرێت، لەلایەکی دیکەشەوە سیمای کۆنی شارەکە تێکدەدات .

پێکەوەژیانی نەتەوەکان و مەزهەبەکان لەهەموو روویەکەوە مەسەلەیەکە لەلایەن مەزهەب و ناسیونالیزمەکان و راسیزمەوە گفتوگۆی توندی لەسەر دەکرێ، تائەو شوێنەی کە جاری واهەیە لەشوێنەوار و عەلامە و دیمەنە سرووشتی و دەستکردەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و نیشانی خەڵکی بیانی دەدات، لەکوردستان و عێراق، خەریکە زۆربەی شوێنەوارەکان دەشێوینرێ و سیمبولە کۆنەکانی سەردەمی عوسمانلی و عەباسیەکان سەرهەڵدەدەنەوە، درووستکردنی گومەت و تەلاری سەر بەکۆنی دەرەوەی کولتووری کوردی و کلدانی و تەنانەت ئاینەکانی تر. ئەم حاڵەتە لەکاتی خۆیدا " لەپاریس لەسەدەکانی 17 و 18

هەبوو دژبە یەهودیەکان، وەختێك بەیاساش چارەسەر نەکرا لەپاریس و تەنانەت تەلارسازی و ئاسەواری ئاینەکانی تر و نەتەوەکانی تر هەبوو کە دەمارگرژی ناسیونالیزمی فەرانسایی بوو" (51).

شوێن یەکێکە لەو هۆکارانەی کە مرۆڤ شار وەکو ماڵی خۆی تەماشا نەکات، چونکە شوێن گەورەترە لەدەسەڵات و ئیرادەی تاك دەردەچێت لەلایەك، هەروەها دەوڵەت و سیستم و حکومەت هەیە بۆ پارێزگاریکردنی لەئەمنیەت و پاکوخاوێنی و رێکخستن لەلایەکی تر، بۆیە رەنگە لەژوورێکی وەزیفەی کاردا لەبەرێوەبەرایەتیدا فەرمانبەرێك ژوورەکەی خۆی خۆشبووێت، بەڵام هێشتا وەکو ماڵەکەی نییە، "سرووشتی ماڵی رۆژهەڵاتی یاخود ماڵی وەزیفی یان سرووشتی ماڵی بەکۆمەڵ، ئەو سرووشتەیە کە هەمان ئەو ماڵانەی لەسەرە و لەکولتووری خۆرئاوایی و ئەفریقی و چینی و ژاپۆنی و هیندی، کە هەموو ماڵێك هەڵگری تایبەتمەندێتییەکی جیاوازی ژیارییە، سیمای جیاوازیش ئەوەیە کە وادەکات لەسەرجەم کولتوورەکاندا زیندوو بێت، بەڵکو گەرموگوڕ و هۆگرانە بێت، تەنانەت لەجیاوازترینی

کۆمەڵگەکاندا لەنموونەی کۆمەڵگە پیشەسازیە سەرەتاییەکاندا، بەڵام شتێکی گرینگ هەیە پێویستە ئاگامان لێی بێت بریتییە لەرەهەندی میتۆلۆژیانە لەهەموو یەکێك لەشێوەکانی ماڵ و کار و بەشداریدا هەیە، بۆیە یەکێك لەئەرکە بنەڕەتییەکانی لێکۆڵینەوەکانی شار، بریتین لەشیکاری سرووشتی ئابوریانەی کارێکی نێوان ماڵ و کەسی نیشتەجێی، بەوپێیە شار لەگوندەوە هاتووە، پەیوەندیگەلی ماڵیانەی هاوشێوەش بونیاد دەنێت، بەڵام هەر فاکتەری ئابوریە گۆڕاوەکانی کار دەچنە ناو ئەم بونیادەوە، یەکسەر چەمکی ماڵ گۆڕانی بەسەردا دێت، ئیدی ماڵ تەنها دەبێتە شوێنی نیشتەجێبوون، ئەرکەکانی بەسەر شوێنی کار و قاوەخانە و یانە و شەقامەکاندا دابەشدەبن، ئیتر گوندیبوون ماڵ کۆتایی پێدێت".(52). لێرەوە لەو تێگەیشتنەوە تێدەگەین بۆچی شارنشین گوندیبوون ماڵ وەکو شوێن تێکدەدات و هێواش هێواش دەبێتە کائینێکی شارنشینی و هەموو پەیوەندییەکانیشی دەگۆڕێ، چونکە شوێنی کاری جیایە کە پێشتر لەنێو رەزو و باخ و شینایی و کشتوکاڵ بووە، ئێستا لەنێو وەزیفە ئەگەر حکومەتی بێت، لەنێو قاوەخانە و چێشتخانە ئەگەر لەکەرتی تایبەت کار بکات، بەڵام ئەرکی ئەمجارەی قورستر دەبێت کائینی

شارنشینی، چونکە شوناسێك وەردەگرێ لەزۆر لایەنەوە دەبێت بەرگری لەو شارە بکات کەپێشتر قەوزارەیەکی بچووك و کولتوورێکی بچووك و شوێن و سنوورێکی بچووك و خەڵکێکی کەم بوون لەقەوارەکەدا، ئێستا قەوارەکە گەورەتر بووە، دەبێ لەبەردەم بیانییەك بەرگری لەپاکوخاوێنی و رێکخستنی شار و کولتووری شارەکە بکات، ئەمەی جیاوازی نێوان دوو کارەکتەر، یەکێکیان گوندنشینی و ئەویتریان شارنشین، بەڵام بۆ خەڵکی شارنشینی کوردستان کە تازە خەریکە دارە دەکات بەرەو شارنشینی هەنگاو بنێت، هێشتا جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، لەبەرئەوەی هێشتا ماڵی جودا نەکردۆتەوە و لەوەزیفەشدا کە بەشی زۆری خەڵك لەحکومەتدان بەموڵکی خۆیانی نازانن، پاك و خاوێنی شار بەلای تاکی کوردییەوە مەسەلەیەکە سپێردراوە بەکەسانی تایبەت کە کرێکاری شارەوانییە، کەواتە دەبێ ئەو کرێکارە هەمیشە بەدوای کارەکتەرەکانی ترەوەبن، بۆ ئەوەی شار پیس نەبێت و پاشەڕۆی ئەوان هەڵبگرنەوە، باشترین نموونەش پیسکردنی ئەو ژینگەیەیە کە سەیرانکەر و خەڵکی لەکاتی وەرزی بەهاردا چی بەسەر سرووشتدا دەهێنن و چۆن پیسی دەکەن، ئەمە دەلیلی ئەوەیە کە ستایلی شارنشینی

کوردی بەماڵی خۆیانی نازانن، هەڵبەت ئەمە لەسەرانسەری عێراقدا هەر بەو شێوەیەیە، کەچی بۆ جوانکردن و ڕێکخستنی ماڵی خۆیان، زۆر گرینگی بەپاکوخاوێنی دەدەن و دیزانی ماڵەکە ناوبەناو دەگۆڕن بۆ شێوەیەکی تر کە لەبنەڕەتدا دیزانەکە خۆماڵی نییە .

سەبارەت بەڕێکخستنی شار لەئەمنیەتەوە تابەرپرسیارێتیەکانی تر، دراوە بەپیاوانی ئەمنی، کەواتە هەموو ئەمنییەتێك لەئەستۆی ئەو پیاوانەیە و شارنشین پەیوەندی بەو بەلایەوە نییە، لەکاتێکدا ئەمە ئەرکی کۆمپانیایە، سیکۆریتی بپارێزێت وەکو موڵکی گشتی، ئەم وەزیفەیە بۆ پیاوانی ئەمنی، تەنها بۆ ئەوەیە کە موچەی مانگانە وەربگرن و کەلێنێك پڕ بکەنەوە، نەك خزمەتکردنی خەڵك و موڵکی گشتی، ئەمە عەقڵیەتێکە کە پەروەردەی شاری وەکو فلتەر نەبینیوە، بۆیە بەماڵێکی تری گەورەی لەدەرەوەی ماڵەکەی خۆی نابینێ، بۆیە ئەمە باس دەکەم، چونکە پەیوەندی بەدیمۆگرافیای کۆمەڵناسییەوە هەیە.

"دیاردەیەکی دیکەی دیموگرافیای شار هەیە کە بەپێی چینەکان دابەشکراون، ئەویش دانیشتوانی ئەو قەزا و گەڕەکە

دەوروپشتانەی شارن کە هەم دوورە دەستن و هەم دانیشتوانەکەی هەژار نشینن، ئەم خەڵکە هەم بەبێ تاوان سزای یاساییان بەسەردا سەپێنراوە، هەم سزای گەشەسەندنیان لەرووی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنەکانی دیکەی ژیان، چونکە کەمترین خزمەتگوزاری مۆدێرنی تێدانییە، هەمیشەش لەبەردەم هەڕەشەی دەرکردنن لەو شوێنانە، لەکاتێکدا لێژنەی شارەوانییەکان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو زەمەنەی کە رابردووە بە خراپی لەرووی تەندروستی و خوێندن و سینترۆمی بازاڕی و ئاوو کارەبا و پاکوخاوێنی و پارك و هتد، بەپێی یاسا دەریان دەکەن و قەرەبووی ئەو زەمەنەشیان بۆ ناکەنەوە".(53).

ئەگەرچی ئەم باسە پەیوەندی بەزامنی کارەوە هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی یاساکانی حکومەت کولتوورێکی یاسایی و دەستووری لەمێشکی دانیشتوانی شاردا نەچەسپاندووە، بۆیە کرێکار نەك هەر خاوەنی ئەو زەمانەتە کۆمەڵایەتییە نییە، بەڵکو خاوەنی ئەو هۆشیارییەش نییە کە دانیشتوانە نوێیەکەی شاریش نیانە کە ئەمە دیمۆگرافیای شار تێکدەدات، وادەکات ئەو کرێکارانەی سەر بەچینێکی دیاریکراون، جارێکی تر بەخۆیاندا

بچنەوە و لەو شوێنانە نەژین کە ئەو خەڵکە بێ کولتوورە لێی دەژین.

## لەئاسۆییەوە بۆ ستوونی

چەمکی ئاسۆیی و ستوونی کە لەئەندازەدا بۆ شار مانایەکی هەیە و لەگوتاردا مانایەکی دیکەی هەیە، شار وەختێك کە لەئاسۆییەوە شێوازی خۆی دەگوازێتەوە بۆ ستوونی، تەنها لەوێوە نییە کە تەنها شێوازی خۆی دەگۆڕێ و سیحرێك دەخولّقێنی کە تەنها چاو دەیبینیٚ، واتە تەلار و خانوو لەسەر زەوی و تەختەوە بۆ باڵەخانەی بەرز و هتد، بەڵکو لەوێوەیە کە سەرەتا دەوڵەت دەبیٚ ئەو سیحرە نیشانبدات کە خاوەنی پلان و ئەجێندای بیناسازی و تەلارسازی و پرۆژەی ستراتیژی نەتەوەیی و نیشتیمانییە، هەر لەوێشەوە ئەوە بخاتە زەینی هاوڵاتیانەوە کە ئیتر دەبیٚ خۆیان رابهێنن وەختێك دەوڵەت و حکومەت پێویستی بەشوێنێك بێت پلانی ستراتیژی لەسەر بینا بکات"، هەنووکە پلاندانانی شار پرۆژە و سەرمەشقی وەك زانستە پەتییەکان لەخۆ دەگریٚ، لەمبارەیەوە جەلیل القازی پرۆژەی بەدەستڕاگەیشتن بە بنەماکانی رێکخستنی فەزا واتە (رادەی خەیاڵی شارە)، بەلۆکاڵی کردنی شاریش لەچاو مەترۆپۆلەکان و چالاکییەکانی ئابووری

لەگەڵ دانیشتوانی ئەوان پێکدێت، بۆیە دەبێ سیستمەکان لەبەرچاو بگرین، لەراستیدا هەر سیستمێك ئەو پێداویستییانە دابین دەکەن، ئەوانەش یارمەتیدان بەسیناریۆگەلی جۆراوجۆر و هەڵسەنگاندنی ئاکامی کردەوەکان و پۆلێنبەندی کردنیان دەدەن کە بەپێی پێوەرەکان و بایەخدان بەهەڵبژاردنە سیاسییەکان و ناساندنی شێوازی فامکردنی ئاکامەکان و هاوشێوازەکان".(54).

"کۆمەڵێك تیۆر هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لەچەمکی شار، ئەوانیش بریتین لەتیۆری بەڕێوبەرایەتییە سەنتەرگەریەکان کە (ئەرنست بیرگسی) تیۆریستینی ئامریکایی لە شیکاغۆ پراکتیکی کردووە و بریتین لەناوچەی بازرگانی سەنتەرگەری و گواستنەوە و دەوری کرێکار و ئەریستۆکراتەکان، هەروەها تیۆری کەرتەکان کە (هۆمر هویت) کە ئامریکییە و تایبەتە بەگەشەسەندنی کاریگەری بەکارهێنانی ناوچە نیشتەجێکان، هەروەها تیۆری رەهەندی فرەیی کە ئەم تیۆرە لەسەر گواستنەوەی ژیانی تاکگەرایی و گواستنەوە کار دەکات، ئەم تیۆرە بۆ ماوەیەکی درێژ کاری لەسەر کرا، ئەویش پشت بەستن بوو بەیەکتر، هەروەها چالاکییەکانی نەتەوە و مەزهەب و پێکهاتەکانی دیکە". (55).

سەرباری ئەو تیۆرانەی کە پەیوەندییان بەخەڵکەوە نییە و تەنها بۆ خوێندنەوەی رەهەندە جۆراوجۆرەکانی شارەوە هەیە، ئەرکی هاوڵاتی ئەوەیە پابەندی ئەو پلانانە بێت کە لەرێگەی ئەکادیمییەوە تەماشای ژیانی نوێ کراوە بۆ رێکخستنی ژیانی شار، هەروەها دەبێت حکومەتیش لەبری ئەو ئارام گرتنەی خەڵکیش، خزمەتگوزاری و قەرەبووی هاوڵاتیان بکاتەوە و شار بەرەو شێوەیەکی تر بچێت کە پێشتر خەڵك هەستی بەبارە خراپەکەی نەکردووە، هەروەها ئەو ئامادەسازییەش بکات کە ئەگەر پێشتر هاوڵاتیان لەکۆمەڵگەی بچوکی خێزانیدا دەژیان و یەك زمان و کولتوور و بنەچەی عەشیرەت و بنەماڵەیی بوونە، ئیتر لێرە بەدواوە تێکەڵ بەکۆمەڵگەیەك دەبن کە فرەیە لەکولتوور و زمان و رەفتار و هتد، هەروەها لەیەك دەرگاوە یان لەیەك ئاسانسێرەوە بۆ ماڵ دەچنەوە کە پێشتر هەرکەسێك جۆرە سەربەخۆییەکی هەبوو لەخانوو و دیاریکردنی دراوسێی کولتوور و زمان و شێوەی خزمایەتی و هتد.

شەڕی نێوخۆی هەر وڵاتێك کە دواجار دەبێتە هۆی ماڵوێرانی و هەڵتەکینی ژێرخانی ئابووری، هەروەها ئاوارەبوونی هەزاران

بنەماڵە و خێزان و کەس لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر کە هیچ شارەزاییەکیان لەشێوەزار و کولتوور و یەکتر ناسین و پەیوەندیکۆمەڵایەتی یەکتر نییە، هەروەها رەوانەوەی ترسی دوورە دەستی لەزێدی خۆیان کە بیانووەکە جەنگ بوو، شێوەیەکی ئەرێنیی تێدابوو، ئەویش درووستبوونی شاری نوێ بوو، بەوەی کە لانیکەم تیکەڵ بەیەکتر بوون و شارەزاییان لەجوگرافیا و کولتووری یەکتر پەیدا کرد و یەکتریان قبوڵ کرد بەهەر نرخێك بێت، ئەم یەکتر قبوڵکردنە بەشێك بێت لە جوانکاری شار کە تەواوی کۆمەڵگە و کولتوورەکانی لەخۆیدا جێکردۆتەوە، ئەویش تێکەڵ بوونی کولتوورەکانە لەرێگەی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە. بۆیە" درووستکەرانی تیۆری ئیستاتیکی بۆ شار، شتێکی خۆڕسك نییە تاکو بەپێچەوانە دژایەتی بکرێ، یان بۆ قەرەبووکردنەوەی گۆڕینی جوگرافی بێت کە ئەندازەی تەلارسازی هاوچەرخ دراوە، دەبینین هەولێك هەیە بەهەموو تواناکانەوە بۆ گرێدانی کێشەی ئەندازەیی تەلارسازییە لەگەڵ یەکتر".(56). چونکە کێشەی بەرز و نزمی تەلارەکان، بەشێکی فراوانە لە کێشەی کۆمەڵایەتی خەڵکی نێشتەجێی شوقەکان، بەوپێیەی کە گەڕەك و کۆڵانەکانی شاری کلاسیك،

بریتین لەنزیکییەکی جوگرافی و هیچی تر، بەڵام تێکەڵبوونی دانیشتوانی شوققە برتییە لەتێکەڵبوونی کولتوور و بەریەککەوتنی هەمیشەیی.

هەموو ئەوانە لەرێگەی تێکەڵ کردنی خەڵکی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بوو لەنێو یەك باڵاخانەی روخاو و پاشماوەی جەنگ و داگیرکراو، ئیدی لەوێوە چەمکی شار لەنێو نەتەوە دواکەوتووەکاندا، وەکو سەرەتایەك چەکەرەی کرد تا گەیشت بەوەی گەشە بکات لەرووی کۆمەڵایەتی، کە فەزا جێگەی هەڵسەنگاندنی تێدا نەبووەوە، ئەوە مانای ئەوەیە کە پلانی دەوڵەت، یان کۆمەڵگەکە لەبارودۆخێکی ناسرووشتی و ناجێگیری ئابوریدا دەژی، بۆیە ئەو پێدراوە ئابوریانە ناتوانن ئاسۆیەك بۆ شار دابین بکەن کە سیمای شارە گەورەکان هەیانی وەکو شیکاگۆ و بەرلین و پاریس و هتد هەیانە، لەکاتێکدا پلان پرۆسەیەکە تەنها بەفلتەری کارگێڕیدا تێناپەڕێت، بەڵکو بە فلتەری کۆمەڵایەتیشدا تێدەپەڕێ و دەچێتە نێو سیستمی حکومەت و بەڕێوەبردنەوە، لێرەوە فەزا گریمانەکان پێکەوە لەیەك کەیسدا تۆمار ناکات، بەڵکو کەیسی دیکەی ئیستاتیکی

دەکاتە ئەولەوییەتی کار، کەوابوو جوگرافیا لۆژیکێکی هەمەلایەنە بۆ شار دەوخولقێت، تاکو بگوازرێتەوە لەستوونییەوە بۆ ئاسۆیی.

لەبارەی ئەوەش کە پۆلینکردنی خەڵك لەسەرەوە بۆ خوارەوە مەبەست لەجیاوازی ژیانی تاك و کۆمەڵگە "جیهانبینی ئاسۆیی بۆ تاکەکان بوونێکی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێ کە دروشمی یەکسانی تاکە پرنسیپی قبوڵکراو و دروشمی گونجاوە بۆ بوون و کار، لەبری ئەو جهانبینییەی دەسەڵاتی سیاسی و پیرۆزی لەلایەکەوە و ئەو دەسەڵاتە و باوکسالاری لەلایەکی دیکەوە، ئەمانە هەموو لەگەڵ رەهاییبوون و نەبوونی سانسۆر کاریان کۆنترۆڵکار کرد لەلایەنی سێیەمەوە، بۆیە جهانبینیەکی جیاواز یاخود تەواو ناکۆك سەریهەڵدا کە پێچەوانەی هەموو ئەوانە دەردەبڕێت، لەراستیدا ئەم گۆڕانە واقیعییە یان شێوازی تێڕوانینە بۆ ژیان، یان راگەیاندنی لەدایکبونی شتێکی تەواو نوێ بوو، ئەویش ئەوەیە کە جان جاك رۆسۆ لەرستەی یەکەمی کتێبە بەناوبانگەکەی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) نووسیویەتی (دەمەوێت بگەڕێم بەدوای ئەوەدا داخۆ لەسیستمی شارستانیدا بنکەیەك بۆ

فەرمانڕەواییکردن هەیە، ئەو لەسەر بناغەیەك بەوجۆرە مامەڵە لەتەك مرۆڤەکان دەکات کە هەن، بەو جۆرەش مامەڵە لەتەك یاساکان دەکات کە پێویستە هەبن". (57). هەڵبەتە مامەڵەکردنی یاسا وەکو دەرکەوتەیەکی نوێ لەسەرهەڵدانی شارنشینی مۆدێرن، مامەڵەیەکی نوێ یە بەنیسبەت مرۆڤەوە، مێژووەکەشی دیارە لەکوێوە سەریهەڵداوە و لەکەیەوە ریشێوازی تێداکراوە و خەڵك ئاشنا بوونە پێی و کراوە بەپەیوەستکاری لەرێگەی ئەرك و مافەوە، هەر بۆیە تا ئێستاش هەرزناکرێ هەندێ مافی بنەماڵەیی و مافی هاوڵاتی بوون لەلایەن دەوڵەتەوە فەراهەم بکرێت، هێشتا دەوڵەت وەکو چەمکێکی یاسایی وەرنەگیراوە کە مافی هەموو کەسێك لەسەر ئەم زەمینە دەپارێزێ، بۆ نموونە دەیان هەزار کەس خاوەن دەوڵەتیشن و مافیان نەپارێزراوە، چونکە لەدەرەوەی وڵاتی خۆیان بەناچار دەژین، دەیان هەزار کەسیش بەبێ ئەوەی دەوڵەتییان هەبێت، مافیان لەسەرووی ئەوانەشەوەیە کە دەوەڵەتیان هەیە، تەنها لەبەر ئەوەی جیاوازی چینایەتی کەوتۆتە نێوانیان، یان پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی شۆڕشی جیاوازیان بینیوە بەمێژووی خۆیانەوە، بۆیە بۆتە مەعریفەیەك لەسەرتاوە کە لەدایك دەبن، بەو ریتم و ویستە

ئەخلاقییە گۆش دەکرێت و ئامادە دەکرێت بۆ داهاتوو، لەوانەش ناسراوتر کە هۆملێسن، قەرەجەکان زۆرترین دانیشتوانی سەر زەوین کە شوناسی نیشتیمانیان نییە و بەهاوڵاتی هەژمار ناکرێن لەزۆربەی وڵاتان، بەوپێیەی کە هەموو دونیا بەموڵکی خۆیان دەزانن، ئازادی سەر گۆی زەوی بە داهێنانی خۆیان دەزانن کە ئەم تێگەیشتنە لەلای سیستم و خەڵکیش بەگشتی جێگەی نابێتەوە و ناباوە.

"پۆست مۆدێرنیزم ئەو دەرفەتە بۆ توێژەکان پێکدێنێت کە لەراستای پرۆسەی گۆڕاندا لەکاتە جۆراوجۆرەکاندا بتوانن لایەنە جیاکەرەوەکانی شارەکان لەبواری جۆراوجۆردا بخەنە بەر لێکدانەوە و ئایدۆلۆژیا و بونیادە سیاسییە نوێیەکان، تاکو باشترین پلاندانانی شار پێك بهێنیٚ، ئەمەش بۆ پێشکەوتنی سەرمەشقە گشتی و جۆراوجۆرەکانە کە بەشە لۆکاڵییەکان دەخاتە بەردەست".(58). روخساری بنەڕەتی شاریش نەخشەی لەپەیوەند بەدەسەڵات و کۆمەڵگە دیاریدەکات، چونکە ئەزموونەکانی پلاندانان لە ستراکتۆری ئەزموونە سەرەتاییەکانەوە هاتووە، بۆنموونە بەرگەگرتنی شار

لەبوارەکانی چڕکردنەوەوە بگرە تا دەگاتە پێداویستی نیشتەجێبوون و پۆلیس و کەرەستەی گەیاندنی گشتی و شوێنی گەشتیاری و هتد. مەرجی سەرەکین بۆ شاش ڕاگرتنی شار، تاکو سیمای خۆی لەدەستنەدات، وەکو سیمای شاری موراکش لە مەغریب کە تائێستاش ڕەنگی دیوارەکانی قوڕین و بەرزی باڵەخانەکانیش بەپێی ستراتیژی یاسایی شارەوانییە و نابێ لە 3 چین بەرزتر بێ، هەروەها لەعەممانی پایتەختی ئوردنیش هەمان ستایلێ هەیە کە دەوڵەت و شارەوانی ئەندازە و بەرزی و ڕەنگی دیواری دەرەوەی باڵەخانەکان دیاری دەکەن وەکو دیاردەیەکی سێنترالی، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە شارەکە یەك سیمای یەکگرتووی هەبێ و دیزانەکەی نەگۆڕێت، ئەم دیاردەیە لە ئوردنیش هەیە بەڵام بەڕەنگی سپی بۆ باڵەخانە و خانووەکانی شار دیزاین کراوە، مەرجەکەش بۆ هاوڵاتیان ئەوەیە بەپێی دیسپلینەکانی دەوڵەت و شارەوانییە، ئەم ستایلە لە ڕۆژئاوا بەدەستی دەوڵەتە و خەڵك خۆی دیزاینی خانوو دانانێت، کۆمپانیا و حکومەت بەو کارە هەڵدەستن، بۆیە تەواوی ئەوروپا، سیمای شارەکانیان لەیەکتر دەچن.

ئەم حاڵەتە واتە پەیوەست بوون بەیەك ستایلی و یەك دیزاینی شارەوە. واتە بینین و ناسینی شار، تەنها لەسەر بنەمای یاسا نییە، یان لەو شوێنانەی هێشتا نەگەیشتوونە بەو ئاستە، بۆیە لەکوردستان نەلەئاستی حکومی و نەلەئاستی جەماوەری و هاوڵاتیان وەکو خەیاڵیش ناتوانن سەر بەو چەمکە مەعریفییە بن کە شاری لەسەر بونیاد دەنرێت، رەنگە هەم حکومەت نەتوانێ لەشوێنی پێویست دەست بۆ دیاریکردنی شوێن بەرێت، بۆ ئەوەی پلانی خۆی دابڕێژێت و دیمەنی شار بگۆڕێت و لەبەرامبەردا قەرەبوو بکاتەوە، هەم هاوڵاتی ئەو پابەندیەی بەپلانی حکومەتەوە نەبێ کە هاوکاری بیناسازی و پرۆژەی حکومەتەوە هەبێت، یان لە گۆڕینی سیاسەتی بەڕێوەبردندا دیاردەیەکی نوێ نیشان بدات، چونکە هێشتا کوردستان نەگەیشتووە بەو ئاستە فەرهەنگییە شارستانییە یاسایی و فەرهەنگییەی کە هاوڵاتی هەست بەبوونی خۆی بکات وەکو خاوەن مافێکی شارنشین.

کەوابوو لەرووی ئاسۆیی و ستوونییەوە شار هەیبەتێکی تر وەردەگرێت لەرووی شێوازەوە، بەوپێیەی بەناچار دەچێتە نێو سیستمەوە و پێداویستی سیستمیش دەستەبەر بکات، رەنگە

لەرووی ستوونیشەوە ماهیەتێك و سیحرێكی جیاوازی هەبێت، هەروەكو ئەوەی كە لەرۆژئاوا هەیە و كولتوورێكی جیاجیای پاراستووە و كولتوورێكی دیكەی یەك نیشتیمانی و یەك ئینتیمایی بەخشیوە خەڵك كە پابەند بوونە بەیاسا و كولتووری گشتی، وەكو ژیانی شوققە كە دابونەریت و یاسای خۆی هەیە و هەموو كەس لەسەریەتی ئارامی و ئازادی و ژیانی ئەو باڵەخانەیە بپارێزێ و تێكی نەدات، بەپێچەوانەوە دووچاری یاسا دەبێتەوە.

مەسەلەی رێژەی دانیشتوان بەپێی عەقڵیەت و پەروەردە دەبێتە شارنشینی و لەیەك تەلاردا چەندین نەتەوە و كولتوور و رەنگی جیاواز و زمانی جیاواز پێكەوە لەسەر ژن و توێژی جیاواز، هەروەها بەئاسایی وەرگرتنی كاری جیاواز دەژین و كەسیش مافی ئەوی تر ناخوات و دەستكاری ژیانی ئەویتر ناكات، بەومانایەی كە چیتر خەڵك لەو ئاستە كۆمەڵایەتیەی كە پێشتر خوڵقی پێوەگرتبوو، دەبوایە خێزان زیاتر لەچەند ئەندامێكی هەبێ و ئەوانەش دابەشبن بەسەر نێرو مێ و یەكسان بن، ئیتر جێگەی لەنێو ئەو تێرم و ئەو شێوازە نەمایەوە كە بتوانێ لەئاستێكی ستوونیدا، شوناسی خۆی وەكو تاك وەربگرێت كە

بەشێك بوو لەخێزانی ئارەزوومەندانە و خێزانی پێکەوەژیانی نێرو مێ و منالێ و دەنگێکی زیاتر لەتاکێك، بۆیە دەبوو ئەو ژیانە قبول بکات کە لەجوگرافیایەکی دیاریکراوی پێویست، کەڵك وەربگرێت، ئەمە سەرەتای گۆڕینی دیموگرافیای شێوازی کۆمەڵایەتی بوو، بەڵام ئەم شێوازە لەلایەن دەوڵەتەوە نەخشەی بۆ داڕێژرا کە مانا و شوناسی لەرێگەی حکومەت و دەوڵەتەوە دیاریکرا و هەر حکومەتیش بەرپرسە لەو پلانە، دواتر لەلایەن کۆمەڵگەوە قبول دەکرێت، بۆیە وەختێك ئەم چەمکە دەچێتە نێو سیستمەوە، ئیدی یەکەم هەنگاوی دەچێتە بواری پەروەردەوە کە ماڵ یەکەمین کۆمێنیکەیشنی کۆمەڵگەیە قبولی دەکات، هەندێکجاریش سەرپەرشتیار ئاگادار دەکاتەوە کە ئەمە شارە و دەبێ بەپێی پرنسیپی شار و سیستمی شار مامەڵە لەگەڵ چەمك و دیاردەکانی شار و هەڵسوکەوتی شار بکەین، لەوێوە دەستپێدەکات چۆن شار دەبێتە مۆدێلێك و دەبێت بەماددەیەکی کۆمەڵایەتی. بۆیە لەئاسۆییەوە خۆی دەگوازێتەوە بۆ ستوونی، چونکە لەگەڵ ماناکانی تری ژیان و کەرەستەو پێداویستیەکانی تر دەبێتە نەریت، هەرئەمەش وەکو شێوەیەك لەسۆسیالی وڵاتانی رۆژئاوا، لەبری موڵکداری تایبەتی بەشێوازە کلاسیکیەکەی موڵکداری

کشتوکاڵی نامێنێت و دەبێتە پەروەردەیەك بۆ نەوەکان و سیستم دەیکات بەیاسا، ئەم دیاردەیە تاڕادەیەك لەشارەکانی کوردستان تاکو سەدەی رابردووش کە 15 ساڵ لەمەوبەرە، نەك هەر قبولکراو نەبوو، بگرە دانیشتوانی شوققە و تەلاری بەرز بەشوێنی نامۆ و خەڵکی غەریب و خەڵکی بەدوور لەئەخلاق دەناسێنرا، چونکە هێشتا چەمکی شار تەواو جێگەی خۆی نەگرتبوو، بەومانایەی هێشتا پێکەوەژیانی هەموو کولتوور و شێوەزار و تەنانەت زمانی جیاواز و هەڵبژاردنی تاکایەتی جیاوازیش جێکەوتە نەببوو، بۆیە ئەو کۆمێنیکەیشنە بۆ ژیانی ئاسایی، تەنها قەرەباڵغییەك بوو هیچی تر، بۆیە تائەو جێگەیەی کە شار فراوان دەبێت و دەوڵەت و ئیدارە و حکومەت بیر لەستوونی دەکەنەوە و وەبەرهێنان لەلایەن کۆمپانیاکانەوە دەکرێت، ئیدی کڕینی موڵکداری و جێگەیەك بۆ حەوانەوە دەگۆڕێت، ئەوکات بەناچار و لەرێگەی قبوڵکردنی سیستمەوە قبوڵدەکرێت.

ئەگەرچی لەرابردووی کۆندا مەبەستم لەسەدەکانی بەر لەزایینە، نموونەی شێوازێکی یەك ئاستی چ لەدونیای عەرەب و چ لەدونیای رۆژئاوا بوونی هەبووە، بەو مانایەی کە شار بەپێی تیگەیشتنی

کۆن پلانی بۆ دادەڕێژرا، بۆیە وەکو هۆکاری مانەوەشی وەکو دیاردەیەکی مێژوویی و بەر لەیۆنان و میسرەوە کە سەریهەڵدا و بەر لەفەلسەفە بوونی هەبووە مایەوە، واتە شار ئەوکاتەی کە بەو مانایە وەرگیراوە زیاتر لەکۆمەڵێك و زیاتر لەپێکهاتەیەك حوکمی کردووە بەسەر بوونی بازاڕ و کۆمەڵگە بەگشتی و شێوەی درووستکردنی بیناسازی و شێوەی پێکەوەژیاندا، چونکە مانایەکی وەکو خۆی و ئەو مێژووەی هەبووە، بەڵام لەدواجاردا بەناچاری دەرەنجامی جەنگی قۆناغەکانی سیستم و ژیان بووە، بۆیە بەپێی پلان دۆخە جیاوازەکانی گواسترایەوە بۆ دۆخێکی لەبارتر لەهەموو کایەکاندا، "بۆ نموونە جەنگی نێوان سەرمایەداری و سیستمی دەرەبەگایەتی بووە کە بەتەواوەتی سەریهەڵدا و بوو بەدیاردەیەکی جیهانی و چاوی لێکرا، ئیتر سیحرەکانی لەوێوە دەستپێدەکەن کە گوندەکان دەخزێنێتە نێو یەك سەنتەرەوە و دەبێتە ئەو سەنتەرەی کەنارەکان لەخزمەتیدا دەبن و هەر لەگوندەکانەوە خۆی بەرهەمدێنێتەوە، بەڵام ئەم دیاردەیە جەنگێکی تر بەرهەمدێنیٚ، ئەویش پەیدابوونی چینە جیاوازەکان جەنگی جیاوازی چینەکانە، جەنگێك هەر لەجیاوازی شێوەی ژیانەوە لەماڵ و کەرەستە و ناوچەی جوگرافیا و بازاڕی

جیاواز و مامەڵەی شەوو و ڕۆژەوە بگرە، تادەگاتە جیاوازی کولتووری و فەرهەنگی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و ستایلی ژیان و شێوەی جلوبەرگ و تەنانەت قسەکردن بەموفردەی کەرەستە نوێیەکانی شار و هتد". (59).

وەکو پێشتر باسمان کرد لەسەدەی نۆزدەدا شار لەئەنجامی خزانی گوندەکان بۆ سەنتەرێك فراوانتر دەبێت و کاری دەستی دەبێتە مانیفاکتۆر و دواتر پیشەساز گەشە دەکات و دەبێتە فاکتۆر واتە ماشینی سەرەتایی. هەروەها سیاسەت دەبێتە چەقی یەکلایی کردنەوەی ململانێی نێوان هێزە سیاسی و مەزهەب و نەتەوەکان و چەمکی حیزب وەکو مامەڵەیەکی تر، لەگەڵ کۆبوونەوەی خەڵکێك بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان لەسیاسەت و هتد، لەوێشەوە فکری ناسیونالیزم وەکو دەرکەوتەیەکی نوێ بۆ دەمارگیری نەتەوەیی و جەنگی نەتەوەکان سەریهەڵدا، کە بووە هۆی جیاوازی لەنێوان خەڵك بەبێ ویستی خۆیان، هەردوابەدوای ئەو چەمکە سیاسیە، ڕۆژئاوا قۆناغێکی دیکەی بەخۆیەوە بینی و مۆدێرنیتە بەشێکی زۆری لەفەزای شێوە ژیانی سیاسی داگیر کردوو و جەنگی جیهانی

بەخۆیەوە بینی، چونکە دەمارگیری نەتەوە و دەوڵەت و سنوور پەیدابوو، ئەوەبوو لە فەرانسە دەوڵەت دوای درووستوونی وەکو قەوارەیەکی نویٚ لەسەر دەستی ناپلیۆن، ئیدی شار بوو بەیەکێك لەبیرۆکەکانی ئەوان بۆ جیاکردنەوەی خۆیان لەوانی تر، واتە لەدەوڵەتانی تر بەتایبەتی پایتەختی فەرانسە کە پاریس بوو، ئەوەبوو پاریس بوو بەنموونەی پێشکەوتنی شار لەدونیای رۆژئاوا بەتایبەتی چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون و تێکەڵکردنی خەڵك و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری وەکو زێراب و هێنانی کارەبا و فراوانکردنی بازاڕ و درووستکردنی شەمەندەفەر لەنێو شاردا و دواتریش درووستکردنی زۆنەکان بەپێی جیاکردنەوەی خانەوادەکان و هتد، لەوانی دیکەی وەکو ئاڵمان، نموونەیەکی تریان پێشکەش کرد، ئەویش بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی شپرەزەیی خەڵك بوو لەو قەرەباڵغییەی لەناکاو دوچاری بوون، لەرۆماش بەهەمان شێوە ئەم حاڵەتانە لەهونەردا زیاتر خۆی بینییەوە و کاریگەری خستە سەر بازاڕ و شێوەی ژیانی خەڵك، بەڵام دوای سەرکەوتنی سەرمایەداری بەیەکجارەکی و ئاڵۆزبوونی ژیانی سیاسی و تێکەڵبوونی فکر لەگەڵ سیاسەت و دەسەڵات و حوکمڕانیدا، ئیدی تمووحی گروپە دەستەبژێرەکان

بەبیرمەند و سیاسییەوە زیاتر بوو، بۆ ئەوەی بیر لە جوگرافیای دراوسێی یەکتر بکەنەوە، بۆ نموونە هیتلەر کە بیر لەنەمسا و هۆڵەندا دەکاتەوە و بیر لەداگیرکاری دەکاتەوە لەرێگەی بیرکردنەوە و هونەر بووە، ئەوەبوو لەدوای خۆی ئەو بەرهەمەی هەبوو کە رۆژئاوا سەرەنجام لەژێر هەژموونی فکری کۆلۆنیالیزمدا، هیتلەر و نازیەت و لەئیتاڵیا مۆسۆلۆنی و شۆڤێنیەت و لەروسیاش ستالینی بەرهەمهێنا وەکو سیستم، ئەمە جگەلەوەی کێشەی ئاین گەورەتر لەقەوارەی خۆی حاڵەتی نێگەتیڤی بەخۆیەوە بینی، بەڵام ئاین لەئەوروپا ئاین کولتووریشی درووست کرد کە هەندێکجار زمانی چەسپاند لەدەستووردا، هەروەها گەشەی بەنووسیندا و بووە پەیامبەخشی هونەرێکی ئاینی، کە دواتر سیکۆلاریزمی بەرهەمهێنا و گەلێك ئاوێتەی ئەو ئاینانە بوون کە نیمچە نەزاژدی بوون، وەکو لای هەندێ کەنیسەی ئەرسەدۆکسی رۆژهەڵاتی ئەوروپا هەیە تا ئێستاش". (60).

هەموو ئەو داتایانەی کە لەپەرەگرافی پێشوو باسمکردن، نیشانەی ئەوەیە کە تاکو نیوەی دووەمی سەدەی 19 شار

بەپێی پلانی ئەندازەیی لەزۆربەی کیشوەرەکان دانەڕێژراوە، لەدەوڵەتە گەشەسەندووەکاندا دیاردەیەکی نویٚ هەیە کە لەپایتەختەکاندا زیاتر دەبینریٚ و هەستی پێدەکرێت، بۆ نموونە لەشاری دلهی پایتەختی هیندستان تاکو ساڵی 1962 پلانی بنەڕەتی گشتی دەستیپێکردووە، لەنێجیریا یەکەم هەوڵی ڕێکوپێککردنی پلانڕێژی ساڵی 1971 هەوڵی بۆدراوە، شاری لاگۆست تاکو ئێستاش حکومەتی تایبەت و دیاریکراوی خۆی نییە، تاکو ئێستاش سنووری ناوچە شارنشینەکانی دیاری نەکراوە".(61).

یەکێك لەهەوڵە هەرە گرینگەکانی کاربەدەستانی شار و یەکە کارگێڕییەکان، ئەوەیە کە بەپێی پلاندارێژی کولتوورەکان پێکەوە یەکسان بپارێزیٚ و دیمۆگرافیا و ئەندازەی شار بەنوێبوونەوە وەکو خۆی نۆژەن بکاتەوە، بۆ نموونە کولتوور ئاوێزان بوونە لەگەڵ شوناسی فرەیی نەتەوەکان، وەکو نیشانەیەکی دیکەی شارو شارستانییەتی نوێیە. ئەمەش بەشێکە لەو عەقلانیەتەی کە پێشڕەوایەتی سیستمی سیاسی و دەوڵەتی کردووە لەلایەك، هەروەها دەمارگیری فەرهەنگیش لەلایەکی تر،

تایبەتمەندێتی کولتوور لەگەڵ نەوەی نوێ کێشەی ئەوانی دیکەی گواستەوە بۆ زمان و بەرخودی یەکتر کە کۆمەنیکەیشنی کردە باو، ئەمە هەوڵی شارەزایانی بواری پلاندارێژی شار بوو لەسەرتاسەری جیهاندا .

سەرباری هەموو ئەمەناش عەقڵ ئامێری هەروەك ئەوەی ئادۆرنۆ و فرانکفۆرتییەکان شیکارییان بۆدۆخی ئەوکاتی رۆژئاوا کردووە پەرەی سەند، بەپێی تێگەیشتنی یۆرگن هابرماس بێت، چەمکی عەقڵئامێری لەپێناو تەفسیرکردنی باڵادەستی خود یاخود مرۆڤ، بەسەر سرووشتدا هێنرایە ئاراوە، نەك ئەوەی هاتبێت تاپێمان بڵێت چ زیانێك بەر ئەو شتە کەوت کە کۆنترۆڵ کراو دەستی بەسەردا گیرا، ئەمە تەنها ئەوکات ئاشکرا دەبێت و خودی مرۆڤ هۆشیار دەبێتەوە لێی، کە بزانێ چۆن بووەتە دیل و رۆبۆتی شار و هەست بەپاوانخوازی بکات کە سیستمی پۆست سەرمایەداری کۆنترۆڵی هەموو ژیانی کردووە، لەدەسەڵاتی خودی مرۆڤ دەرچووە و هەموو شتێك بەپێی رێوشوێنی یاسایی گیراوە و بەشێکی زۆر لەئازادییەکانی تاکی کۆنترۆڵ کردووە.

گەورەترین قەیرانی سیستمی سەرمایەداری لەدوای سەرکەوتنی بەسەر دەرەبەگایەتیدا، قەیرانی بیناسازی و ستایلی تەلارسازی بووە، بەتایبەتی لەرووی ئیستاتیکییەوە، بەتایبەتی تریش ئەو گرووپانەی کە کار دەکەن بۆ فراوانکردنی شار، دەکەونە بەردەم قەیرانی شوێن بۆ مەعالیم واتە بۆ ئادگارە ناسراوەکانی لەرووی کولتوورییەوە کە جیابکرێتەوە لەگەڵ شارێکی تر، بۆ نموونە جیاوازی لەنێوان ئەندازەیی و رێکخستنی شاردا هەیە کە هەردووکیان هونەرن. پیشەساز دەتوانێ لەرووی ماتریالییەوە کۆنترۆڵی شوێن بکات، بەڵام ناتوانێ رێکخستن کۆنترۆڵ بکات، چونکە جیاوازییەکەیان هونەرکارییە.

چەمکی ئاسۆیی و ستوونی کە لەئەندازەدا بۆ شار مانایەکی هەیە و لەگوتاردا مانایەکی دیکەی هەیە و لەهونەریشدا مانایەکی جیاواز، سیستمی مۆدێرن پشت بە هونەرکەی دەبەستێت زیاتر لەوەی پشت بەئەندازەکەی ببەستێت، بەڵام شار وەختێك کە لەئاسۆییەوە شێوازی خۆی دەگوازێتەوە بۆ ستوونی، تەنها لەوێوە نییە کە تەنها شێوازی خۆی دەگۆڕێ و سیحرێك دەخولقێنی کە تەنها چاو دەیبینێ، واتە تەلار و خانوو لەسەر

زەوی و فلاتەوە بۆ باڵەخانەی بەرز و هتد، بەڵکو لەوێوەیە کە سەرەتا دەوڵەت دەبێ ئەو سیحرە نیشانبدات کە خاوەنی پلان و ئەجێندای بیناسازی و تەلارسازی و پرۆژەی ستراتیژی نەتەوەیی و نیشتیمانیە، هەرلەویشەوە ئەوە بخاتە زەینی هاوڵاتیانەوە کە ئیتر دەبێ خۆیان رابهێنن وەختێك دەوڵەت و حکومەت پێویستی بەشوێنێك بێت و پلانی ستراتیژی لەسەر بینا بکات، دەبێ هاوڵاتی پابەندی ئەو پلانە بێت و حکومەتیش لەبری ئەوە خزمەتگوزاری و قەرەبووی هاوڵاتیان بکاتەوە، شار بەرەو شێوەیەکی تر بچێت کە پێشتر خەڵك هەستی بەبارە خراپەکەی نەکردووە، هەروەها ئەو ئامادەسازییەش بکات کە ئەگەر پێشتر هاوڵاتیان لەکۆمەڵگەی بچوکی خێزانیدا دەژیان و یەك زمان و کولتوور و بنەچەی عەشیرەت و بنەماڵەیی بوونە، ئیتر لێرە بەدواوە تێکەڵ بەکۆمەڵگەیەك دەبن کە فرەییە لەکولتوور و زمان و رەفتار و هتد، هەروەها لەیەك دەرگاوە یان لەیەك ئاسانسێرەوە بۆ ماڵ دەچنەوە کە پێشتر هەرکەسێك جۆرە سەربەخۆییەکی هەبوو لەخانوو و دیاریکردنی دراوسێی کولتوور و زمان و شێوەی خزمایەتی و هتد.

لەبارەی ئەوەش کە پۆلینکردنی خەڵك لەسەرەوە بۆ خوارەوە، واتە جیاوازی کولتووری و کۆمەڵایەتی لەرووی فەرهەنگییەوە، "جیهانبینی ئاسۆیی بۆ تاکەکانی بونێکی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێ کە دروشمی یەکسانی تاکە پرنسیپی قبوڵکراو و دروشمی گونجاوە بۆ بوون و کار، لەبری ئەو جهانبینییەی دەسەڵاتی سیاسی و پیرۆزی لەلایەکەوە و دەسەڵاتی باوکسالاری لەلایەنی دووەمەوە، ئەمانە هەموو لەگەڵ رەهاییبوون و نەبوونی سانسۆری کار یان کۆنترۆڵکار لەلایەنی سێیەمەوە، جهانبینییەکی جیاواز یاخود تەواو ناکۆك سەریهەڵدا کە پێچەوانەی هەموو ئەوانە دەدەبڕێت، لەراستیدا ئەم گۆڕانە واقیعییە یان شێوازی تێڕوانینە، راگەیاندنی لەدایکبونی شتێکی تەواو نوێ بوو، ئەویش ئەوەیە کە (جان جاك رۆسۆ) لەرستەی یەکەمی کتێبە بەناوبانگەکەی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) نووسیویەتی (دەمەوێت بگەڕێم بەدوای ئەوەدا، داخۆ لەسیستمی شارستانیدا بنکەیەك بۆ فەرمانڕەواییکردن هەیە، لەسەر بناغەیەك بەوجۆرە مامەڵە لەتەك مرۆڤەکان دەکات کە هەن، بەو جۆرەش مامەڵە لەتەك یاساکان دەکات کە پێویستە هەبن".(62).

ئەم حاڵەتە لەکوردستان نەلەئاستی حکومی و نەلەئاستی جەماوەری و هاوڵاتیان وەکو خەیاڵیش بوونی نییە و رەنگە هەم حکومەت نەتوانێ لەشوێنی پێویست دەست بۆ شوێن بەرێت، بۆ ئەوەی پلانی خۆی دابڕێژێت و دیمەنی شار بگۆڕێت و لەبەرامبەردا قەرەبو بکاتەوە، هەم هاوڵاتی ئەو پابەندییەی بەپلانی حکومەتەوە نەبێ کە هاوکاری بیناسازی و پرۆژەی حکومەتەوە هەبێت .

لەرووی ئاسۆیی و ستوونییەوە شار هەیبەتێکی تر لەشێواز وەردەگرێت، رەنگە لەرووی ستونییەوە جەوهەرێك و سیحرێکی جیاوازی هەبێت، هەروەکو ئەوەی کە لەرۆژئاوا هەیە و کولتوورە جیاجیاکانی پاراستووە و کولتوورێکی دیکەی یەك نیشتیمانی و ئینتیمایی بەخشیوە، خەڵك کە پابەند بوونە بەیاسا و کولتووری گشتی، مەسەلەی رێژەی دانیشتوان بەپێی عەقڵییەت و پەروەردە دەبێتە شارنشینی و لەیەك تەلاردا چەندین نەتەوە و کولتوور و رەنگی جیاواز و زمانی جیاواز پێکەوە لەسەر ژن و توێژی جیاواز و کاری جیاواز دەژین، کەسیش مافی ئەوی تر ناخوات و دەستکاری ژیانی ئەویتر ناکات، بەومانایەی کە چیتر

خەڵك لەو ئاستە کۆمەڵایەتیەی کە پێشتر خولّقی پێوەگرتبوو و دەبوایە خێزان زیاتر لەچەند ئەندامێکی هەبێ و ئەوانەش دابەشبن بەسەر نێرو مێ و یەکسان بن، ئیتر جێگەی لەنێو ئەو تێرم و ئەو شێوازە نەمایەوە کە بتوانێ لەستوونیدا شوناسی خۆی وەکو تاك بپارێزێ کە بەشێك بوو لەخێزانی ئارەزوومەندانە و خێزانی پێکەوەژیانی نێرو مێ و منالّ و دەنگێکی زیاتر لەتاکێك، بۆیە دەبوو ئەو ژیانە قبولّ بکات کە لەجوگرافیایەکی دیاریکراوی پێویست، کەڵك وەربگرێت، ئەمە سەرەتای گۆڕینی شێوازی کۆمەڵایەتی بوو، بەڵام ئەم شێوازە لەلایەن دەوڵەتەوە نەخشەی بۆ دارێژرا کە مانا و شوناسی لەرێگەی حکومەت و دەوڵەتەوە دیاریکرا و دواتر لەلایەن کۆمەڵگەوە قبولکرا، بۆیە وەختێك ئەم چەمکە دەچێتە نێو سیستمەوە، ئیدی یەکەم هەنگاوی دەچێتە بواری پەروەردەوە کەمالّ یەکەمین کۆمێنیکەیشنی کۆمەڵگەیە قبولی دەکات، هەندێکجار سەرپەرشتیار ئاگادار دەکاتەوە کە ئەمە شارە و دەبێ بەپێی پرنسیپی شار و سیستمی شار مامەڵە لەگەلّ چەمك و دیاردەکانی شار و هەڵسوکەوتی شار بکەین، لەوێوە دەستپێدەکات چۆن شار دەبێتە مۆدێلێك و دەبێت بەماددەیەکی کۆمەڵایەتی. بۆیە

لەئاسۆییەوە خۆی دەگوازێتەوە بۆ ستوونی، چونکە لەگەڵ ماناکانی تری ژیان و کەرەستەو پێداویستیەکانی تر دەبێتە مۆدێل، هەرئەمەش شێوەیەك لەسۆسیال لەبری موڵکداری تایبەتی بەشێوازە کلاسیکیەکەی موڵکداری کشتوکاڵی نامێنێت و دەبێتە پەروەردەیەك بۆ نەوەکان و سیستم دەیکات بەیاسا، ئەمە تاڕادەیەك لەشارەکانی کوردستان تاکو سەدەی رابردووش کە کۆتایی سەدەی 20 بوو، نەك هەر قبوڵکراو نەبوو، بگرە دانیشتوانی شوققە و تەلاری بەرز بەشوێنی نامۆ و خەڵکی غەریب و خەڵکی بەدڕەوشت دەناسرا، چونکە هێشتا چەمکی شار و شێوازی ژیانی شار تەواو جێگەی خۆی نەگرتبوو، بەومانایەی هێشتا پێکەوەژیانی هەموو کولتوور و شێوەزار و تەنانەت زمانی جیاوازیش جێکەوتە نەببوو، بۆیە ئەو کۆمێنیکەیشنە بۆ ژیانی ئاسایی، تائەو جێگەیەی کە شار فراوان دەبێت و دەوڵەت و ئیدارە و حکومەت بیر لەستوونی دەکەنەوە و وەبەرهێنان لەلایەن کۆمپانیاکانەوە دەکرێت، ئیدی کڕینی موڵکداری و جێگەیەك بۆ حەوانەوە دەگۆڕێت و قبوڵدەکرێت.

## سەربازگەکان

بیرکردنەوەیەك هەیە کە لاگیری پێوەدیارە، ئەویش بە شار ناساندنی هەموو ئەو ئاسەوارە سەربازییانەیە کە لەقەڵا دێرینەکان و لەمۆڵگە و سەنگەرە کۆنەکانی سەربازی یەوە سەرچاوەیان گرتووە و بەشەرعی ناسراون، ئەم شارانە لەکاتی جەنگی نێوان دوو وڵاتەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەو قەڵاو شوێنانەی بەپشتی کۆیلە و دیلەکانی جەنگ و سەربازەکان دروستکراون و چیرۆکە مێژووییەکان شاهیدن کە لەرێگەی دیکۆمێنتاری و فیلمی سینەماییەوە تۆمارکراون، بەڵام دەرکەوتووە ئەو ئاسەوارە سەربازییانە هەم کاتی بوونە، بۆیە بوونە بەهۆی شکانی هێزەکان، هەم ژیانی ئاسایی تێدانەبووە جگە لە یاساوڵ لەقوللەکانەوە کە بۆ پاراستنی ئیمپراتۆڕ یان سەر لەشکر هەبوون.

کە باس لەجیاوازی نێوان ژیانی شار و لادێ دەکرێت، یەکەم دەسپێکی ئەو جیاوازیەی نێوان شار و لادێ یە، ئەویش تەنها لە

گەورەبوونی جوگرافیاوە هەنگاو نانێت، بەڵکو لە بیرکردنەوە لەگۆڕینی ستایڵی ژیانە لەیەك شێوازییەوە بۆ فرە شێوازی هاتووە، ئەویش دۆزینەوەی کەرەستە پێویستەکانە بۆ بەردەوامبوونی ژیان، مەبەست لەو کەرەستانەیە کە بەرهەمهێنانی سرووشتی گۆڕی بۆ بەرهەمهێنانی پیشەسازی و بیرۆکەی ژیان، لە کونجێکی بچووکەوە بۆ فرانتر و فرە رەهەندتر، وەکو دۆزینەوەی میتاڵ و کانزاکان کە مس لەزۆربەیان کۆنترە و ئاسن و فافۆن و هتد، تادەگاتە زێڕ و زیو بۆ جوانکاری و ئیکسسواراتی ژنان، ئەمەش لەسەر دەستی ئەو سەربازانە دەدۆزرانەوە کە لەجەنگدا سەردەکەوتن و شوێنەکانیان داگیر دەکرد و دەگەڕان بۆ دۆزینەوەی ئەنتیك و شتی نادیار، هەروەها بنچینەی دامەزراندنی بەشێکی زۆر لەو شارانەی ئێستا هەن، لەسەردەستی سەرباز و هێزە داگیرکەرەکان بوونە، بەو مانایەی ئەوان ئاوەدانیان کردۆتەوە دواتر بووە بە شاری راستەقینەی مەدەنی.

"میزۆپۆتامیا کە توانای ئیمکانیاتێکی گرینگی هەبووە لەمبارەیەوە، ئەگەری بەشار ناساندنی گوندەکانی قەراغ رووباری

دیجلە و فوڕاتی بەرهەمهێناوە، لەوانەش (ئەریدۆ و واریتش و لاجاش و کیش و ئوور لە بابل)،* (63). چونکە ئەم گوندانە لە 10 ٪ پێویستییەکانی ژیانی خۆیانیان لەرێگەی ئەو رووبارەوە دابین کردووە، کە بەسەرەتای کاری کشتوکاڵی ناسراوە لەناوچەکەدا، ئەمەش شۆڕش و کودەتایە بەسەر ژیانی گوندنیشینی کلاسیکی کە هەزاران ساڵ پێش ئێستا چاوی لەدەستی شارە گەورەکان بووە، خەڵکی ئەو ناوچانە کە دانیشتووی قەراخ رووباری دیجلە و فورات بوونە، زنجیرەیەکی تەواو لە داهێنانی تەکنۆلۆژیا لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵی و لەرێگەی شۆڕشی شارستانییەوە بووە، ساڵەکانی 3000 بەر لەزاینی، تاکو 6000 بەر لەزاین، هیچ درێخییان نەکردووە لەوەی چۆن بتوانن کەڵك لە توانای گا و دروستکردنی عارەبانە و داس و بەلەمی نێو رووبار وەربگرن، هەروەها تایبەتمەندییەکانی تەڵاو میتاڵیشیان دۆزیوەتەوە کە بریتی بوونە لەمس و برۆنز و زێڕ و مرواری کە ئەمانە بەشێکیان بۆ پێداویستی کشتوکاڵی بوونە و بشەکەی تری بۆ جوانکاری، هەروەها کاریان لەسەر شەرعییەتپێدانی ساڵنامەی سەرەتایی و جوڵەی هەتاو کردووە، لەکاتێکدا هەردوو رووباری دیجلە و فورات دوو زۆنگاوی قوڕاوی

بوونە و ترساون لە وشك بوونی، بۆیە بۆ درووستکردنی تەلار و شوێنی نیشتەجێبوون جیاوازیان لە توانای کرێکارەکان وەرگرتووە، دواجاریش هەر وشك بووە".(64 ).

هەر ئەوکاتە خەڵکی ئەو دەم رووبارانە بۆ نەهێشتنی دژایەتی کردنی رووبارەکان، خەباتێکی زۆریان کردووە و خۆیان جوداکردۆتەوە لەخەڵك، هەر لە پێکهاتەی سۆسیۆلۆژییەوە بگرە، تادەگاتە کارکردن بە گرووپ بەندی و سرووتی ئاینی سۆمەرییەکان کە پێچەوانەی شارنشینی بووە، بەڵام وەرزێرەکانی سەردەمی فیرعەونی وەکو مێگەلی فیرعەونییەکان تەماشای خۆیان کردووە، چونکە وەکو هاونیشتیمانی تەماشای خۆیان نەکردووە، بەڵام سۆمەرییەکان بەپێچەوانەی ئەوان رێژەیەك لە ستایلی ژیانی شاریان هەبووە، بۆیە ئەمە بەسەرەتای دامەزراندنی شار دێتە ژماردن. ئەم حاڵەتە لە ئەسکەندەنافیاش چیرۆکی خۆیان هەیە، بۆ نموونە دانیمارك پێشتر قەراسنە واتە دزی دەریایی بوونە و گرووپێك لەو ناوچانە خۆیان بە خاوەنی دوورگەکان ناساندووە، دواتر ئەم حاڵەتە تەشەنە دەکات و پاشایەك درووست دەبێت و لەگەڵ سوید دادەبڕێت و دەبێتە

وڵاتێکی دراوسێی سوید، بە سیستمی پاشایەتی، بەڵام لە بنەمادا جوگرافیاکە سەربازگە و شوێنی دزەکان بووە.

"نەخشەسازی شار بە تێگەیشتنی جیاواز لە نەخشەدانان، بەمانای نەخشەی رووبەرێك لە سینگی زەویەکی خڕ، لەو تابلۆیانەوە هاتووە کە لەرێگەی کەوتنی بۆنەیەك و پێوەرێکی وێنەیی بووە، بۆئەوەی رێگە بدرێت وردەکاریەکانی دیاربێت، وەکو دابەشکردنی ئەو تەلار و مەیدانانەی کە هەن، بەڵام ئەگەر ئەمە پێوەرە بنچینەییەکە بێت بۆ شار، کەواتە لەرێگەی رێکخستنی جادەوبان و گۆڕەپانی کۆبوونەوەی جێنیشینی بەپێی ئەو سیستمە بووە، بۆیە شێوەیەکی شارستانی پێدەدات و لەوانی تر جیاوازی دەکاتەوە، بەڵام سەبارەت بە دروستکردنی شاری ئیسلامی کە سەرەتا سەربازگەی جەنگی بووە، دواتر گەشەی کردووە بۆ شار، وەکو (بەسرە و کوفە و قەیرەوان و فستات)، دواتر ئیدارەی بۆ دروستکراوە، ئەگەرنا پێشتر هەر سەربازگە بووە، هەندێکیان وەکو خۆیان مانەوە واتە دیمەنەکانی سەربازگەیان هەر پێوە ماوە، هەندێکیان بەپێچەوانەوە پایتەختیان بۆ دروستکرا، وەکو (بەغداد و قاهیرە و شام)،

سەرەنجام ئەوانی دیکەش وەکو ریباتی مەغریب سیما و ستایلی شاریان وەرگرت".(65).

بەشێکی زۆر لەو شارانەی کە ستراتیژی بوون، دواجار بەهۆی ئەوەی زیاتر لە دەرگایەکیان هەبوو بەرەو وڵاتانی تر، بوون بە دیفاکتۆ و ناویان بزر نابێت و شارستانیەتیان پارێزراوە ئەگەر بە روخاویش بمێننەوە، بۆ نموونە "یاقوتی حەمەوی باس لەو شارانە دەکات کە دەرگایان بەرووی دونیای دەرەوەی وڵاتەکە هەبوو، لەوانەش موسڵ ئەو پنتە بوو کە هەموو دەوڵەتانەوە دەرگایەك بوو بۆ عێراق، هەروەها کلیلی خوراسان بوو بەرەو ئازربایجان، ئەوەی کە زۆرم لێ بیستووە بەناونیشانی شاری گەورەی سێیەم، بیسابور دەرگای رۆژهەڵات بوو، دیمەشق دەرگای رۆژئاوا، بەڵام موسڵ چونکە قاسید بوو بۆ هەردوولا کەس نەبوو پێیدا تێپەڕ نەبێت، ئەمە جگە لەخێر و بێرەکەی کە لەهەموو وڵاتانی دیکەوە بۆی دەهات". (66). بۆیە یاقوتی حەمەوی ناوی شاری موسڵی ناوە (سکی شێر)، چونکە لەهەموو لایەکەوە کەرەستە و کاڵای بۆ هاتووە و بووە بە بازاڕێك بۆ گشت شارەکانی تر، هەروەها بووە بە تۆڕێك لە شیرازەوە بۆ هورمز و

له ئەسفەهانەوە بۆ کاشان و هەروەها کرمانشا و هتد. لەکاتێکدا ئەم شارە ستراتیژیە پیشەسازی و بازرگانییە مێژووییە، پێشتر سەربازگە بووە لەسەردەمی سۆمەری و ئاشوری، دواتر بەهۆکاری نیشتەجێبوونی خەڵك بەناچار، بووە بە شاری دیفاکتۆیی وەکو هەر شارێکی تری دوای جەنگەکان.

بەشێکی زۆر لەو شوێنانەی کە بەزۆر کراون بەشاری نیشتەجێبوون، بریتین لەسەربازگە کۆنەکانی دەوڵەت یان ئەو شوێنانەن کە پێشتر مۆڵگەی سەربازی جەنگ بوون، بەڵام کە ئاڵۆزی یان جەنگ سەرهەڵدەدات، ئیدی خەڵك ئاوارە دەبن و بەناچار بۆ زەمەنێکی دیاریکراو لەوێ دەمێننەوە، هەروەك چۆن لەسەربازگەی سۆران و هەولێر و سەربازگەی سەلام و ئەمنە سوورەکەی سلێمانی و سەربازگەی قەڵاچۆلان و رانییە و تائێستاش لەسەربازگەی فەیلەقی کۆنی کەرکوك خەڵك تێیدا نیشتەجێن و بوو بەبەشێك لەشارەکە، بەڵام کە ژیان ئاسایی دەبێتەوە یان دۆخەکە دەگەڕێتەوە شوێنی جێگیربونی خۆی، ئیدی خەڵکەکە دەچنەوە شوێن و شاری پێشتری خۆیان، بەڵام بەشێکی زۆریان بەهۆی مانەوەی کێشە لەنێوان دوو هێز یان دوو

دەوڵەت وەکو نێوان پۆڵۆنیا و ئاڵمان، هەروەها چیك و سلۆڤاکیا، ئێران و عێڕاق، سودانی باشور و باکور، سوریا و یەمەن و هتد، زۆربەیان وەکو خۆیان ماونەتەوە، بۆیە تائێستاش ناوێك بۆ ئەو شوێنانە نییە کە مرۆڤی تێدا نیشتەجێبوون، بەڵام سەرەنجام هەر سەربازگەن.

## کۆچ

بەشێك لەو کەلێنانەی کە شار تێیدەکەوێت، بریتین لەو شوێنانەی کە خەڵکەکەی بەهەر بیانوویەك بێت کۆچیان کردووە، یان ئەو شوێنانەن کە ئاسەواری تەلار و خانووە کۆنەکانن، یان ئەو شوێنانەن کە وقفی ئاینێکن بەهۆی تەنگەژەی ئابورییەوە یان ئاسەواری جەنگەوە، دەوڵەت فریا نەکەوتووە نۆژەنیان بکاتەوە، ئەم دۆخە لەزۆر شوێنی سەر زەمین هەن، نموونەن بەشێك لە وڵاتانی سۆڤیەتی کۆن و یۆنان و تورکیا و فەلەستین و هەرێمی کوردستان و سوریا و ئێران و مەغریب و هتد.

کۆچ هەندێکجار بریتی نییە لەکۆمەڵگەیەك پێکەوە شارەکە جێبهێڵن، بەڵکو بریتیە لە کۆمەڵگەیەکی پەرشوبڵاو، وەکو کۆچی رۆژهەڵاتی بۆ رۆژئاوا، ئەوروپای رۆژهەڵات بۆ ئەوروپای رۆژئاوا، لەسەدەی ڕابردوودا رۆژئاواییەکان بەرەو ئامریکا، ئاسیاییەکان و هیندییەکان بەهۆی بێکاری و ناجێگیری دۆخی ئابووری، کۆچیان کردووە بەرەو رۆژئاوا و هتد.

کۆچی سیاسیش هەیە کە لەترسی سیستمی سیاسی سەرکوتکەر دەکرێت، بۆ نموونە کۆچی مەسیحیەکانی رۆژهەڵات بەرەو ئەوروپا، کۆچی جووەکان بەرەو ئەوروپا و دواتریش گەڕانەوەیان لەسەرتاسەری دونیاوە بۆ ئیسرائیل، کۆچی ئیسلام لەمەککەوە بەرەو مەدینە، کۆچی سابیئەی مەندائی لەبەغداو و خوارووی عێراقەوە، بەرەو ئەوروپا، کۆچی ئەمازیغی لە باکوری ئافریقاوە بۆ ئەوروپا، کۆچی سورییەکان کە لەئەنجامی شەڕی داعش ماڵ و حاڵیان لێتێکچوو بەرەو ئەوروپا و تورکیا، کۆچی خەڵکی کشمیر بەرەو هیندستان یان پاکستان و هتد.

## بیابانی چڕ

وشەی بیابان بەمانای ڕووبەڕێك دێت لەناچاری بۆ ژیان، بۆیە دیوێکی تری شار تائێستا کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە، ئەویش کارکردنی تاکە لەنێو کۆمەڵگە، بۆ نموونە ئەدیب و شاعیر و چیرۆکنووسەکان کە بەشێکن لەناساندنی تاکگەرایی، چونکە ئەوان لەدەرەوەی چالاکیەکانی کۆمەڵکە چالاکی دەکەن، ئیدی بەر لەهەر تاکێکی یاخی لە کۆمەڵگە، ئیتر لێرەوە ریسك لەژیان دەستپێدەکات و شوێن دەگۆڕێت بەپێی ویستی تاکەکە، چونکە تاك وا هەست ئیتر دەکات خاوەنی خۆیەتی و بەس، نەك خاوەنداریێتی خێزان و کۆمەڵگە و نەتەوە و عەشیرەت و ئاین و دەوڵەت، هەروەها کێشەی شاریش بخاتە سەر شانی، شار ئەم خەسڵەتەی بۆ هەڵگرتووە و شەرعییەتی پێداوە، چونکە دەتوانێ لەنێو سیستمدا جێگەی بکاتەوە و بیپارێزێ لەهەر دەستدرێژی و ستەمێك لەلایەن گۆمەڵگەوە کە گوتارەکەی زاڵ کردووە .

بۆیە یادەوەری لەشاردا نموونەیەکی تری دەرکەوتەی مرۆڤێکمان پێئاشنا دەکات کە بێزارە لەو ژیانەی کە سیاسەت بەخاتری وەرگرتنی دەستی کار، کۆچبەرەکانیان وەرگرتووە و مافی پەناهەندەییان پێدەدەن، ئەمەش دوو ڕەهەندی هەیە، یەکەم ئەوەیە کە کەلێنی ئابووری و هێزی کار بەرهەم دێنێتەوە، دووەم لەپێناو سیاسەت و دەوڵەتی نموونەیی بووە، بۆ ئەوەی پشتگیری سیاسەتی ئابووری بکات و ژیانی تاکگەرایی وەکو ویستی کۆن لەبەرچاو نەگرێت، بەڵام مرۆڤی دیکە کە خۆشگوزەرانە، کارەکتەری ئەدیب و نووسەر بوونە کە لەسەر شوێن و کات وەکو جوگرافیا و زەمەنی بەردەوام لەجووڵە کاریان لەسەر کردووە و تەنانەت، پاڵەوانی ڕۆمانەکانیش بەشێکی زۆریان لەفەزای رۆمانەکە وەکو بەرهەمی شار داگیر کردووە.

"جوگرافیا گرینگی بەشیکاری بونیادی شوێنە واقیعییەکانی شار و سنوورەکانی سەنتەر دەدات، بۆ نموونە قەراغ شار و لایەنەکانی دیکەی شار کە پێی دەگوترێت حەزر یان پەیوەستی شار، جوگرافیا ناسەکان باس لە چۆنایەتییەکەی ئەو پارچانە دەکەن، چونکە ئەمانە کێشە بۆ شار درووست دەکەن، چونکە

ئەمانە نەواتی ئەو رووبەرانە پێکدێنن کە دەورووبەری شارن، لەوانەش شیو و چەم و گردۆڵکە و رووبەری ئەو شوێنانەی نەگونجاون، بۆیە ئەم دیاردانە زەقترن، بەوپێیەی کە پێشتر شارەوانی گرینگی پێنەداون، بۆیە کراون بە ناوچەی پیشەسازی و شوێنی ئاژەڵ فرۆشتن و شوێنی کەرەستەی بیناسازی و پشتگوێ خراو، بەڵام دواتر کە حکومەت بەهۆی نەبوونی رووبەری بۆشەوە گرینگیان پێدەدات، ئیدی جارێکی تر دەبێتە کێشەی کارگێڕی و دیاردەی ململانێی نێوان گروپە مشەخۆرەکانی دەورووبەر، بەڵام سەرەنجام حکومەت و شارەوانی ئەم کێشەیە لەسەروی بەرژەوەندی گروپەکان تەماشا دەکات و بەناچاری دەیخاتە خزمەتی گشتەوە، ئەویش بەپێی یاسا".(67).

ئەگەرچی بەهۆی خراپ بەکارهێنانی بەندەکانی یاسا و لەبەرچاوگرتنی عورفی کۆمەڵایەتییەوە ئەم باسە قلّپ دەبێتەوە و بەدژی یاسا دەکەوێتەوە، بەڵام دواتر بەناچار حکومەت دەبێت قەرەبووی ئەو ژیانە بکاتەوە کە هەم خەڵك و هەم ستایلّی شار گەرەکیەتی.

بەمانایەکی تر بیابان بۆ ئەو کەسانە دێت کە یان ئەوەتا بەهۆی قەرەباڵغییەوە خۆیان لەکونجیماڵەوە زیندانی کردووە، یان ئەوەتا دەبنە کۆچەر و بیابان چۆڵ دەکەن بۆ ئەوانی تر، هەر ئەمە لە یادەوەری لەشاردا فراوانتر دەبێت، وەکو لەیادەوەری گوند کە رووبەرەکەی و کاتەکانی دیاریکراو نییە، چونکە لەشاردا کات و شوێن دیاریکراوە و ژیان سیستماتیك کراوە، مرۆڤ ئازاد نییە لەبەکارهێنانی شوێن و کات، هەروەك ئەوەی کە لەسەر کاری دیاریکراویش هەمان پرنسیپ هەیە، بەوپێیەی کە ئابووری سنووری بۆ داناوە، بەڵام لەدەرەوە کاتی کارکردن کە بەهۆی هەڵاوسانی پێویستیەکانی مرۆڤەوە دەبێتە زەروورەت، ئیدی کۆچی پێچەوانە دروست دەبێت، "بۆ نموونە کوڕانی شار لەداخی هاتنی ئەو حەشاماتەی بەناوی قبوڵکردنی جیاوازیەوە هاتوون، یان ئەوەتا دەچنە شوققەی تەنهاییەوە، یان ئەوەتا هەڵدێن لەو ژاوەژاوەی بەهۆی کارەوە خولقاوە، یان ئەوکاتە دەبینن لە میترۆ یان لەنێو ترام و پاس، زمانی جیاواز زیاتر دەبیسترێت و رەنگی جیاواز لە رەنگی هاوڵاتییەکی خۆی دەبینێ، ئەمە وادەکات ئەو گەنجانە خۆیان بە بیانی بزانن و دووچاری پەرچەکردار ببنەوە".(68).

هەرچی ئەدەبیشە بەهەمان شێوە دەور دەبینی لەئاراستەکردنی خەڵکی شار و جیاوازکردنی لەگەڵ گوندنیشینەکان، ئەم حاڵەتە جیاوازییە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەدەب بۆتە بەشێك لەو کایانەی کە سیحری شار ئاشکرا بکات و بیکات بەسیمبولێکی سیحراوی لەلای مرۆڤ، ئەوەی کە رۆمان کردوویەتی، جگە لەوەی کارەکتەری خەیاڵی درووست کردووە و زمانی جیاوای بەرهەمهێناوە، ئەرکێکی دیکەی ئەوەیە کە چیرۆکەکان مانای جیاوازیان وەرگرتووە لەو چیرۆکانەی کە لەسەردەمی دەرەبەگایەتیدا بەرهەمهاتوون، تەنها بۆ کات بەسەربردن و شەوچەرە بوون، عەبدولڕەحمان مونیف یەکێك لەو ئەدیبانەیە لەرێگەی رۆمانەکانییەوە، کاریگەری هەبووە بەسەر خەڵکی وڵاتەکەی کە میسر بەشێکن لەفەزای بیرکردنەوەی ئەو، ئەمەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە شار روداوی زیاتری تێدایە بەحوکمی هۆکارەکانی هاتوچۆ و گەیاندن و شوێنی نیشتەجێبوون و بازاڕ، هەروەها شڵەژان و تێکچڕژانی خەڵك بەناویەکتردا و ئەوکارانەی کە دەوڵەت لەرێگەی دەزگاکانی پۆلیس و ئاگر کوژێنەوە و تەندروستی و کارەکانی تر شێوەی ژیانی خەڵك رێکدەخەن و مەیسەر دەکەن .

بۆیە رۆمان لێرەدا چ لەرووی حەبکە و چ لەڕووی گێڕانەوە و مامەڵەکردنی لەگەڵ پاڵەوانە جیاوازەکان دەکات کە زۆرجار لەژیانی خەڵکیشدا رەنگدەدەنەوە و لەبنەمادا خەیاڵی رۆماننوسە، سیمایەکی تر دەدات بەو ئەدەبەی کە خوێنەر چاوەڕێی ناکات، یان ئەو دەقانەی رووبەریان بچووکە وەکو گوند، ئەمە جگە لەکۆڕ و کۆبوونەوە و زانکۆ وەکو سیمایەکی جیاواز لەشاری بچووك یان گوندنشینەکان، کاریگەری راستەوخۆ دەخاتە سەر شێوەی ژیانی مرۆڤەکان بەبێ ئەوەی مەیلیان لەو شێوە ژیانە ببێت، ئەمە دیمەنی نادیاری ئەو بیابانەیە کە شار بەناڕاستەوخۆ بەرهەمیدێنێ، هەروەها بابەتی هونەریش هەمان رەهەندی هەیە وەکو مۆزیك و تەشکیلی کە مانای فراوانتر وەردەگرێت هەم لەووی ستایلْ و هەم لەرووی پیشەسازییەوە، وەکو کەمانچە و عود و ئالەتەکانی دیکە.

شاری کوردی لەوێوە دەستی پێکردوو وەکو دابڕانێکی تر لەدوای ماددەکانەوە، کە فتوحاتی هات، (ئیبن جبیر) ی مێژوونووسی شار نووسیویەتی، وەختێك سەردانی موسڵی کردووە، ئەو شێوازە مەعریفییانەی بینیوە و تۆماری کردوون، لێرەوە

تێدەگەین کە ئەوە شاری کوردی و دەسەڵاتی کوردی نەبووە بەڵکو پاشکۆی ئیسلام بووە، چونکە کوکبەری باوەڕی بەتەسەوفی ئیسلامی هەبووە و سەدان سۆفی لەژێر دەست بووە، ئەمەش تەنها بۆ پاراستنی ئەو قەوارە سیستمە بووە کە ئیسلام گەرەکی بووە، "نەك قبوڵکردنی شارێك بەناوی کوردی و بەبیروڕای ئاینی خۆیان و بەستایلێ و جلوبەرگ و فەرهەنگی خۆیان. گرێدانی خانەقا لەراس العین سۆفی بۆ نامۆکانی دەرەوەی ئەو قەوارەیە کە دەمێننەوە، بۆ نموونە لە ماردین و حرین و دنیس رکە بەناونیشانی رباتی تاجی ناسرابوو، یان ربات مجدالدین بن الاسیر و زینی شهرزووری و عبدالعزیز بن حسن کە لەمەدینەی منوەرەوە هاتبوونە بەغدا، هەروەها بۆ زیاتر کردنی مەعریفەیان وەکو دیاردەیەك لەو کاتەدا، سەفەرکردنیان بەمەبەستی زانست و گەڕانەوەیان بۆ مدینە".(69).

پەیوەندی ئەدەب بو سەرهەڵدانی شارەوە، پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕییە، واتە چەند شار هەوێن و هاوێنەی ئەدەب بووە، دوو ئەوەندە ئەدەب هاوێنەی شار بوو، ئێمە دەتوانین ئەو خاڵانەی

که شار و ئەدەب پێکەوە گرێدەدەن و لەزۆنێکدا دەردەکەون، بیانکەین بە چەند بەشێکەوە.

بەشی یەکەم گواستنەوەی یادەوەری بۆ نێو کتێب و زیندووکردنەوەی لە رووبەرێکی فراوانتر، خۆ ئەگەر تاکەکەسیش پێویستی پێی هەبوو، دەتوانێ لەو شارەدا کە چەندین ناوچە و سیمبوڵی لەشێوەی سیمبولەکانی یادەوەری خۆی هەیە بەکاربهێنێتەوە، رەنگە ئەمەش پەیوەندییەکی دولایەنە بێت، هەم شار هەوێنی نووسینە و هەم نووسین هەوێنی کولتووری شارنشینییە، چونکە ئەوە تەنها ئەدەبە دەتوانێ هەڵوێستە مرۆڤییەکان بگوازێتەوە بۆ سەر کاغەز کە زۆرجار لەبری مێژوو کاریگەری خۆی دەبێ، نموونەش رۆماننووسە وەکو جومگە سەرەکییەکانی حکومەت شار بونیاد دەنێتەوە.

هیچ کارێتەرێك بەبارتەقای ئەدیب ناتوانێ رەخنە بەکار بهێنێ بۆ بەرپەرچدانەوەی سیستمی شار، ئەدیب دوو ئەرکی لەسەرە، یەکەمیان نووسینەوەی یادەوەرییە بەزمان و پاراستنی زمان و فۆلکلۆر و مێژوو، رەهەندەکەی تری یاخی بوونە دژی ئەو سنوورە دەستکردانەی کە بوونەتە رێگر لەبەردەم داهێنان و

نوێخوازی، چونکە ئەدەب لەشوێنێکدا تەنها بۆ جوانی نییە، بەڵکو کودێتایەکی سپییە بەسەر دەوڵەت و خوێنەرەوە، دەوڵەت بۆ ئەوەی سیستمەکەی لەخزمەت دانیشتوانی بێت، کودێتایەکی تر ئەوەیە بۆ خوێنەرێك کە بەجددی لەخەمی زانینی مەعریفەدایە، ئەدیبیش ئەوکات دەتوانێ شانازی بە تێکستەکەی خۆیەوە بکات و جیاوازی بکاتەوە لەوانی تر، وەختێك لەنووسیندا هەم بەرپرسیارێتی و هەم ئەخلاقی لەبەرچاو بگرێت.

ئەو جەنگەی کە لەشاردا بەرپا دەبێت، جەنگێکی هەمەلایەنە و چاوەڕوانکراو نییە، چونکە شار هیچ شوێنێکی داخراو و سنووردار نییە، تەنها ئەو بڕیارە یاساییانە نەبێت سنووریان هەیە کە بەرژەوەندیی گشتی لەبەرچاو دەگرن و دەیپارێزن، ئەمەش سزای لەسەرە، بۆیە "رۆمان کە لەداکبووی دیاردەی شارە، دژی هەموو دیاردە نەشازەکانییەتی کە جەنگێکی نادیارەبۆ نموونە جەنگی تایفی و جەنگی زۆنەکان کە نموونەیان لوبنانە و پێشتر لە ئاڵمان و فەرانسە و ئەوروپا هەبوون، تا ئەو رادەیەی کە توندوتیژی پێکهاتە و تایفەکان دەبنە فانتازی و ترس کە هەمووی بۆ بونادنانی ستایلێکی دیکەی دروستکردنەوەی جوگرافی و

ئەنترۆپۆلۆژییە کە شازەکەیان بۆ دابەشکردنی هەمە چەشنە، هەر ئەم وەهمەیە کە نەخشەیەکی دراماتیکی دەکات بە چالاکی سەیرو سەمەرەو ئەرشیفی شار".(70).

شار یەکێکە لەو شوێنە چالاکانەی کە زیاتر لەچەمکەکە خۆی، زیاتر لە ئاستێکی رۆشنبیری کە رۆمان فەزاکەی قۆستۆتەوە، هاوکاری چەمکی مۆدێرنەی کردووە، هەروەها هاوکاری روخانی حاڵەتە کۆنەکانی شاریشی کردووە کە ناوداریش بوون لە دونیای عەرەبیدا، بۆن مونە شاری (التی) شارێکی ئانتیکە تەنها گەشتیارەکان سوودی لێدەبینن بەبینینی ئەو دوکانانەی خەریکی کاری دەستین لەدرووستکردنی کەرەستەی جوانی و پێدوایستی ماڵ و هتد، بەڵام کاتێك ئەم فەزایە دەگۆڕێت و لەبری کاری دەستی، کۆمپانیا دێت و هونەرەکە دەبات و دەیکات بەکردەی کارگەیی، ئیدی بەهایەك بۆ کارە دەستییەکان نامێنێ، لێرەوە شاری کۆن هەڵدەوەشێتەوە و دوڕوخێت.

بەشی دووەم چالاکی سیاسییە: ئەم بەشە ئەگەرچی راستەوخۆ نییە، بەڵام خەڵك لەناوەوە و لەدەرەوەی شار ناچار دەکات بەشداری کایەکە بکەن، بۆ نموونە بەشداریکردنی مەراسیم و

ئاهەنگ و موناسەبە حیزبییەکان و دواتریش دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی شارەوانی و پارلەمان، جگە لەوانەش بەشدارییەکی دیکە هەیە، ئەویش ناچاربوونی خەڵك لەبەشداریکردنی سەندیکا و ڕێکخراو و هەڵوێستەکانیان بەرامبەر دیاردە نەشازەکان، هەروەها تماح حستنە بەردەم خەڵك بۆ پەیوەستبوونیان و بەشداریکردنیان لەدەزگا حکومییەکان، هەروەها بەناچار پەیوەست دەبن، چونکە منداڵەکانیان لەقوتابخانە دەخوێنن، ئەویش کایەیەکە سەر بەسێکتەری پەروەردەیە کە ئۆرگانی حکومەت و سیمای شارە، هەروەها خەستەخانە و شوێنەکانی دیکەی پاراستنی ئەمنیەتی خەڵك، کاریگەری هەیە لەسەر بەشداریکردنی شارنشینی.

## یۆتۆپیا و خەیاڵ

بەدرێژایی مێژووی مرۆڤ بیر و خەیاڵی لەلای شارێکی دادپەروەرانە و بێ کێشە و بێ جەنگ و خۆشگوزەرانی بووە، ئەمە ئەو یۆتۆپیایەیە کە بەرجەستەبوونی مەحاڵە، بۆیە بنچینەی دیاردە یۆتۆپیاکان بەئاسانی چاودێری ناکرێ تاکو هەوڵی بۆ بدرێت، ئەو هەوڵانەش کە لەرۆژئاوا دراون و لانیکەمی بەرجەستە بوون، تەنها وەهمێکە و هیچی تر، چونکە مرۆڤ هەموو سیستمەکانی سیاسی و ئابووری تاقیکردۆتەوە و لەگەڵ هەموشیان ژیاوە و رازی نەبووە لەسیستمەکە، چونکە هیچیان ئەو یۆتۆپیایە نەبوون کە ویستی گشتی بوو، بەڵکو ویستی گروپە سیاسیەکان بوو کە پێشتر پلانیان بۆ دارێژتبوو.

کەوابوو رەنگە بتوانین رێژەیی تویژینەوە لەسەر ئەو خەیاڵە بکەین، چونکە یۆتۆپیا لەسەر خەیاڵە کۆنەکە بۆ بەهەشتی سەر زەمین بونیادنراوە، عەقڵ هەموو کۆمەڵگەکان بەهەموو جیاوازییەکەوە بەگرێدراوی وێنە جێکەوتەکەی مێشکی خەڵك

دەزانێت، ئەوانەش کە ئینکاری ئەم وێنە خەیاڵییە دەکەن، وەکو ئەوە وایە ئینکاری زانست و پێشکەوتنی زانست بکەن، بەوپێیەی کە تیۆرە زانستیەکان سەلماندوویانە هەموو داهێنانێکی فەلسەفی و زانستی لەخەیاڵەوە سەرچاوەیان گرتووە، لینین قسەیەکی ناوداری هەیە دەڵێ (ئەگەر زانست بگاتە ترۆپکیش، هێشتا خەیاڵ ئەرکی ماوە، چونکە هەموو شتێك لەخەیاڵەوە دەبێتە زانست و بەرجەستە دەبێت).

ئەو نیمچە دونیا یۆتۆپیایەی رۆژئاوا کە ئێستا هەموو دونیا خەونی پێوەدەبینن، لە کۆماری ئەفلاتون و شاری فەزیلە و بەهەشتی ئاینی و خەونەکانی مرۆڤەوە هاتووە بۆ خوشگوزەرانی، لەلایەکی تریشەوە لە تیۆری سۆسیالیزمییەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە ریشێواز بۆ ژیانی مرۆڤ کراوە" وەکو هەر کارێکی هونەری دانپیانراو، یۆتۆپیا لەسەرکەوتنێکەوە هاتووە لەنێوان خەیاڵ و واقیع، بۆ نموونە هونەری ئیرۆتیکی لە رزگاربوونی جەستەی زیندانیکراوەوە هاتووە و گەیشتووە بەرزگاربوونی غەریزەیی، ئەمە بۆ هاوکێشەکان و شارستانیەتی نوێش هەر وایە، هێربەرت مارکۆزە لەکتێبی (خۆشەویستی و

شارستانییەت) پێشنیاری ئەوە دەکات کە "تێگەیشتنی شارستانییەت تەواو جیاوازە لەگەڵ تێگەیشتنی فرۆید، چونکە کارێك دەکات کە شارستانییەت مەرجێك بێت بۆ دواخستن و تێربوونی پێویستییە زیندووەکانی مرۆڤ".(71).

ئەو چەمکە فەلسەفییەی کە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، واتە یۆتۆپیا لەکتێبێکی (تۆماس مۆر) ەوە سەرچاوەی گرتووە، تۆماس مۆر کە خاوەنی قوتابخانەی فکری یۆتۆپیاییە و ساڵی 1516 کتێبێك دەنووسێ و لەو لەکتێبەدا رەخنە لەسیستمی سیاسی و لەکۆمەڵگەی ئینگلیزی دەگرێت، چونکە ئەو کۆمەڵگەیە دژە وێنەی کۆمەڵگەی ئینگلیزی سەدەی شانزەهەمە و هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکەی لەژێر هەژموونی سیاسەت و دەستووری چەقبەستووە، مۆر پێیوایە لەپشت هەموو یۆتۆپیایەکەوە چیرۆکێکی وەهمی هەیە کە مرۆڤ بۆ خۆ هەڵخەڵەتاندن درووستی کردوون، لەپشت هەموو کتێبێکی یۆتۆپیاییش، شوێن و کات هەیە بۆ پراکتیك کردنی، شاری فەزیلە و کۆماری ئەفلاتون و بەهەشت و کۆمۆنیزمی مارکس و خەیاڵاتی دادپەروەری و دیموکراسی و شاری خودایی و هتد، هەریەك لەوانە

یۆتۆپیان، هەموو ئایدیاڵە جێکەوتەکانیش لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، پەیڕەوکردنێکی یۆتۆپیایی سەپێنراوە بەسەر بەکۆمەڵدا.

له (داستانی گلگامشدا هاتووه ئاشکرای کردووه له (ئەتۆنبشتم) كه نوحی سۆمەری بەختەوەر بووه بەوەی لەسەر شانی خۆی شارێکی بیّ غەدری خولّقاندووه، لەویّ مردن نەبووه و شێرەکان درِنده نەبوونه، گورگەکان کۆتر و مەڕیان نەخواردووه و منداڵی هەتیو و بیّ باوك و ژنی بێوەژنیش نەبووه، واته ژیان بیّ کێشه و ئارام و جێگیر بووه".(72). نەمرۆڤ و نەئاژەڵەکانیش کێشەی ئەمنیەت و نادادپەروەرییان نەبووە، بەشێکی زۆریش لەو داهێنانه ئەدەبی و فکری و یاساییانەی ئەوروپا، لەهەردوو تێکستی گلگامش و هەزارو یەکشەوە کەڵکیان وەرگرتووە.

یۆتۆپیا سیاسییەکان ئەو تیۆرییە دەوڵەتداریانەن کە وەسفی کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی و مۆدێلێکی دەوڵەتداری خەیاڵی دەکەن لەناو جیهانێکی تایبەت بەخۆیاندا، "بەوشێوەیە یۆتۆپیا هەمیشە تاقیکردنەوەیەکی ریسك ئامێزی ئەنتی ئیندیڤیدوالییە، واتە دژی تاکە کەسە، چونکە دواجار کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی و مۆدێلێکی

چەقبەستووی کۆمەڵگە وەك ئایدیالێکی یۆتۆپیایی نمایش دەکات، چونکە راهێنانی و یۆتۆپیا هەمیشە میتافۆرێکی بێ زەمەنە و لەگەڵ خاسیەتی بێ گێڕەرەوەیانەی رەخنەیی کۆمەڵگە دەگونجێنێت، بۆیە هەرگیز ئەو یۆتۆپیایە ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە".(73).

کەوابوو ئەو شارە یۆتۆپیایەی کە مرۆڤی سەدەی 21 خواستی بۆی هەیە، لەئەنجامی ئەو هەلومەرجە سیاسی و ئابورییە، نەك هەر وەکو خەیاڵێکی مەحاڵ دەیهێڵێتەوە، بگرە تەنها لەنێو کتێبدا نەبێت لەهیچ ناوەندێکی ستراتیژی نەتەوەیی جێگەی نابێتەوە، گفتوگۆکەش هەر ئەو مانا و پێناسەیە وەردەگرێت کە مۆر لەگەڵ هیسلۆدۆیس هەیبوو، بۆیە مۆر کەسێکی وەکو هیسلۆدۆیس وەکو چەنەباز و قیزەوەن تەماشای کردووە، چونکە ئەو ناشوێنەی بۆ شاری یۆتۆپیایی خواستی لەسەرەو و هەوڵی بۆ دەدرێت، لەئەنجامی کۆنترۆڵکردنی هەموو بەشەکانی ژیان لەلایەن سیستمی سیاسییەوە، وەکو ئەوە وایە هەموو هاونیشتیمانییەك کفنی بۆ کڕدرابێت، بەر لەوەی بمرێت، چونکە سەرەنجام یۆتۆپیا، دەوڵەت یان شار یان دوورگەیەکە

خاوەندارییەتەکەی خەڵك پەروەردە دەکەن، ئەوەش بەناڕاستەوخۆ دەرکەوتووە کە ئازادی دەوڵەت و دەسەڵاتداران لەلوشدانی سامانی دەوڵەتدا، بریتییە لەئازادی خەڵك، مۆدێلی دەوڵەتی تۆتالیتاری نوێ لەم چەرخەدا، شاردنەوەی ئەو نادادییەیە کە پەروەردەی کۆمەڵایەتی هەم هۆکارێتی و هەم پشتگیری لێدەکات.

هەڵبەت لەبارەی شاری خوداوە، هەمان بۆچوون سەقامگیر بووە کە یۆتۆپیایە، چونکە مرۆڤ لەبەردەم کۆمەڵێك ئاین و ئاینزا و شەریعەتی جیاواز راوەستاوە، لەبەرامبەر کۆمەڵێك یاسا و رێسا و شەریعەتی توند حوکم دراوە و دەبێ هەموو پرنسیپەکان پەیڕەو بکات و هەموو دیسپلینەکانیش بپارێزێ، بۆیە ئەو مەرجانەی پێ مەیسەر نابێت کە یۆتۆپیای نادیار، یان بەهەشتی ئاینەکان کاری بۆ دەکەن لەخەیاڵدانی خەڵك جێکەوتە بێت و پێی شادبێت.

"شاری خودا وەکو کە قەشە ئۆگەستین لەتیۆرە سیاسییەکەی بۆ شرۆڤەکردن گرینگی پێداوە، سەبارەت بەئیمانداری و خوداپەرستی و خۆشەویستی مرۆڤ بۆ خودا، پێیوابووە بەرامبەر ئەو شارە دونیاییە نییە کە دیمەنەکەی، بۆتە هۆکارێك مرۆڤ خۆی

بەگەورە بزانێ و هەڵە بکات و ناوبانگ پەیدا بکات".(74). بۆیە دوو شار بونیادنراو لەمێشکی مرۆڤ، کەوتۆتە بەردەم گفتوگۆی فەلسەفی و ئاینی، یەکەم شاری دونیایی یە کە خۆشەویستییە بۆ خود، دووەم شاری ئاسمانییە کە ترسە لەخودا و ملکەچ بوونە بۆ گەورەیی ئەو، کەوابوو یەکەمیان خۆ بەگەورە زانینە، ئەویتریان خوا بەگەورە زانینە، ئەمە جیاوازییەکی زۆری لەخۆ هەڵگرتووە، بۆیە تا ئێستا ئەم دوو جۆرە لە یۆتۆپیا، چ ئاسمانی و چ دونیایی، هیچیان بەرجەستە نەبوون کە مرۆڤ لەسەردەمێکدا دەژی بە ئیماندار و بێ ئیمانەوە، چاوەڕێی دیاردەیەکێتی بەچاوی خۆی بیبینێ و ئەزموونی بکات، بەشێکی زۆری نامۆبوون لێرەوە سەرچاوەی گرتووە بەرامبەر بەو ژیانە واقیعییەی کە بەنیازە یۆتۆپیا بخوڵقێنێ، بەڵام تا ئێستا لەنێوان پیرۆزی بۆ خەیاڵێك، تەنها لەلای ئاین و خودا بەرجەستە دەبێت، لەبەرامبەر ئەو واقیعییەت و زانستەی کە ڕەتیدەکاتەوە، لەململانێیەکی سەختدان و کێشمەکێشەکەش بۆتە نهێنی نەبڕاوە.

زەمەنی یۆنان کە خاوەنی جوانترین یۆتۆپیای سەر گۆی زەوییە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، خەڵك لەو سەردەمەوە بەردەوام بەدوای

ئەو خەونەوە بوونە کە ناشیرینییەکانی مرۆڤ کۆتایی پێبێت، بۆیە "زۆربەی یۆتۆپییەکان بۆ زەمەنێکی دوورتر دەگەڕێنەوە، ئەوکاتەی کە سەردەمی زێڕین بوو، هۆمیرۆس باس لە بەختەوەری دەکات، یان لەبارەی سۆپای دەستپاك دەکات کە ریۆسی خۆشویستووە و لەگەڵیدا ژیاوە، یان سروود بەباڵای بەرەکەتی ئەو سەردەمەدا دەڵێ کە سەردەمی زێڕین بووە، ئەوکاتەی کە چاودێرییەکان زیاتر دەبوون، تاکو گەیشتن بەسەردەمێك کە ژیان ئاسایی بووەوە".(75). ئەم چیرۆکە ئەفلاتونیش باسی کردووە کە زەمەنە زێڕینەکان ناگەڕێنەوە یان دووبارە نابنەوە، ئەو زەمەنەی کە گورگ لەگەڵ مەڕدا دەژیا، دەوڵەمەند وەکو خەڵکی ئاسایی بوون، ئەم خاڵە هاوبەشە لەنێوان هەموو کائینەکان سەری گۆی زەوی، وەهمێکە مەگەر لەدوای مردن ببینرێت، ئەمە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ نموونەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی بە پلەبەندی و هەڕەمی و دیموکراسی راستەقینە، نەك دیموکراسیەتی وەهمی ئەم زەمەنە.

ئێمە بۆ بەدەستهێنانی شاری یۆتۆپیایی، لەبەردەم سێ ئەگەرین کە میحوەری فکری رۆژئاوایی لەسەر بونیاد نراوە، چونکە ئەو

ئەگەرانەن کە وەڵامی پرسیارە خەیاڵییەکانی مرۆڤی داوەتەوە، ئەوکاتەی مرۆڤ بەگشتی و بەدەسەڵاتە سیاسییەکانیشەوە کە شار لەسەر ئەو دیزان و سیستمە بونیاد دەنێت.

ئەگەری یەکەم ئەوەیە کە هەموو پرسیارەکانی بەردەم ژیانێکی شایستە و دیزاین و سیستمێکی گونجاو، یەك وەڵامیان هەیە، بەمەرجێك پرسیارەکان قابیلی وەڵامدانەوە بن، واتە یۆتۆپی نەبن.

ئەگەری دووەم ئەوەیە رێگەیەك بگرینە بەر بۆ دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارەکان، بەمەرجێك لەڕووی پرنسیپەوە نابێت کۆنکریتی بێت، تاکو لانیکەم میتۆدێك لەسەر ئەو بابەتە پراکتیك بکەین و تەئویلی بۆ بکەین، هەروەها بسەلمێنین بۆ پیشەوەر و ئەندازیار و شارەزا و بەڕێوەبەرانی ژیان لە شاردا کە هەموو خەیاڵێك قابیلی جێگەوتە بوونە، چونکە هەموو زانستەکان سەرەتا خەیاڵ بوونە.

ئەگەری سێیەم ئەوەیە کە لەسیاقی مێژوویی و گرینگی بابەتەکە وەڵام وەربگرێت، بۆ نموونە هەموو ئەو شتانەی لەسەر گۆی زەوی ئامادەن، بەسرووشتی خۆیان و لەکۆنتێکستی یاسایی

خۆیاندا وەڵامیان وەرگرتووە، تەنها ئەو شتانە نەبێ کە یۆتۆپیای مرۆڤن بۆ داهاتوو، کەوابوو ژیان راستە بۆخۆی پرسیارێکی تایبەتە کە چۆن درووست بووە و بۆچی دروست بووە؟، تاکو گەیشتووە بەم ئاستەی ئێستا، بەڵام ئەوە بیرکردنەوەی عەقلانییە کە زیاتر لەوەڵامێکی پێیە و هەموو ئەگەرە نیگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی خستۆتە پاڵ یەکتر، بۆ نموونە ئەو ململانێ بەردەوامەی لەسەر ژیانێکی شایستە لە شاردا هەیە و هەستی پێدەکرێت، ئایدیالیستییە و هەرگیز نابێتە ماتریاڵی، بەو مانایەی خەونەکە نایاتە دی، ئەوەش کە ئەوروپای نیمچە یۆتۆپیایەکی بەرجەستە کردووە و کردوویەتی بەدیفاکتۆ و سیحرێکی پێشکەش کردووە بە رۆژهەلات، بەو مانایەی رەگەزە جیاوازەکان لە فەزایەکی جێگیری کۆمەڵایەتی و یاساییدا دەژین، هیچ توندوتیژییەك نەماوە، دەولەت بەرپرسە لەژیانی تەواوی خەڵك بەگشتی و ئەوانەی تریش کە میوانن، شێوازێکە لەناوەڕۆکدا کەوتۆتە بەردەم پرسیاری نوێ و دژی ئەو عەقلانییەتەیە کە مرۆڤی کردووە بەرۆبۆت، ئەوان بەپێی سیستم کاری پێدەکەن، بۆیە وەڵامێکی کۆنکریتی نییە بۆ پرسیارەکانی بەردەم بە واقیع بوونی ئەو یۆتۆپیایە، لەکاتێکدا چاکە مەعریفەیە بەومانایەی کە

تاك هۆشیار بوو كە چاكە چییە، كەواتە عاقڵە و گەرەكیەتی بگات بەكەماڵ، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە بوو، ئەوە هەم كێشە لەپەروەردەكەی هەیە و هەم كێشە لەسایكۆلۆژیای تاكەكە هەیە، چونكە تیۆری ئامادەبوونی راستینەكان، بۆهەموو كەس دەبێت، سابا ئەو كەسە لەهەر شوێنێك بژیێ، بەڵام كە دەوڵەت و دەسەڵاتداران و بەڕێوەبەرانی شار نەیانتوانی ئەو فەزایە بخوڵقێنن و مرۆڤ لەسەر ئەو پرنسیپانە پەروەردە بكەن، كەواتە كێشە لەسیستمە، بۆیە پەرچەكردا درووست دەبێ لەلایەن خەڵكەوە بەرامبەر ئەو دۆخەی كە شار تێیدایە.

## ئێمەو ئەوان (جیاوازییەکانمان)

(تەزفیتان تۆدۆرۆڤ) هەم رەخنەگری ئەدەبیە و هەم بەشێکی دیکەی کارەکەی مێژوونوسینە، لەپێشەکی کتێبەکەیدا بەناوی (ئێمە و ئەوان) (نحن و الاخرون). لەو کتێبەدا باس لەو شێوە بەزۆر پێکەوەژیانە دەکات کە ژیانێکی خۆڕسك نییە و وەرگیراو و سەپێنراوە، ئەمەش بەشێکی زۆری پارادۆکسیەتی تێدایە و سیستمی دەوڵەت بەزۆر سەپاندوویەتی بەسەر مرۆڤەکاندا و دواجار پراکتیك ناکرێ لەژیانی کۆمەڵایەتیدا، بۆ نموونە ئەو لەو پێشەکییەدا باس لەوە دەکات چۆتە فەرانسە لەنێوان گوفتار و رەفتاردا ژیان پارادۆکسی هەبووە و ئەو رووبەرووی بۆتەوە، دەڵێ " ئەم پارادۆکسیەم هەم لەنێو هاوڕێکانم بینی کە بەینم لەگەڵیاندا هەبوو، هەم لەو لێکۆڵەرە گەنجانەی کە جیاوازیان لەنێوان گوفتار و رەفتار دەکرد، سەرسام بووم پێی، یەعنی ئەو جیاوازیەی لەنێوان بەرهەمە فکرییەکان و رێسای ژیاندا هەبوو، من وای بۆ دەچم تایبەتمەندییەك هەبێت کە فەرانسە شوێنی ئێمە نەبێت و لەوانی تر جیامان بکاتەوە، هەرلەبەر ئەوەش بوو کە

ناوەڕۆکی بیروڕاکانم لەگەڵ ئەوان جیاوازی تێکەوت، بۆیە زۆر هەوڵمدا بۆئەوەی ژیانم بەسەر بیروباوەڕەکانم زاڵ بێت، ئەمەش بووە یاسایەك کە دەبوو لەژیانمدا پراکتیزەی بکەم، یان بڵێم ئەم دوانە یەکسانن، بەڵام هەوڵمداوە هەردووکیان لەیەکتری نزیك بکەمەوە".(76).

لەراستیدا ئەم ئێمەو ئەوانە بەشێکی پەیوەندیبەفەزای ناجێگیری کۆمەڵایەتی و نا سەقامگیری ئارامی و جەنگەوە هەبوو لەنێوان نەتەوەو دەوڵەتەکانەوە، بەڵام بەڕوویەکی تردا ئەم ئێمەو ئەوانە سەرەتاکەی لەجیاوازیەکانی ژیانی نێوان خەڵکی لادێ و نیمچە شاردا هەبوو کە سەرەتا بوو هاتەئاراوە، جیاوازی نێوان ئەشراف و خانەدانەکانی شوێن و غەریب و ئەریستۆکرات و هەژارەکان پەیدابووە، تاکو گەیشتۆتە ئاستی چینایەتی و شێوەی ژیان لەباری کولتووریدا زۆر جیاوازی لەخۆ دەگرێ، هەروەها جیاوازی نێوان ئاین و مەزهەب و نەتەوە و زمانە جیاوازەکان، یەکەمین حاڵەتی دیار و نادیاری مەترسی ئێمە و ئەوان بوو، واتە جیاوازیکردنی ئەوی خاوەندار و خاوەن شوناسی شوێن و ئەوی تری بێگانە و پەناهەندە بوو، گفتوگۆی زۆر لەسەر

دەكرا، تاكو گەیشتە ئەو ئاستەی كە دەوڵەت ئیتر بیر لەسیستمێك نەكاتەوە كە لەڕووی یاساوە، تەنها هاوڵاتی خاوەن دەوڵەت یان خاوەن شوێن واتە ئەرباب و پشتاوپشت، واتە خاوەن شوناسی شار كە هاوڵاتی پلە یەك بێت، ئەویتریش پلە دوو و سێیەم و هتد، بۆیە رۆژئاوا كە چاوی لەئامریكا كردووە و لاسایی كردەوە، دەستی دایە بیركردنەوەیەك كە دەوڵەتی نەتەوەیی و یەك شوناسی، بكات بەدەوڵەتی فرە كولتوور و كۆمەڵگاكان و حەوانەوەی هەموو خاوەن كولتوورێك بەپێی كار و پیشە و بەهای مرۆڤی بێت، بەڵام ئەمە هێشتا نەیتوانی چارەسەری ریشەیی باسەكە بكات كە جیاوازی ئێمە و ئەوانە .

بۆ نموونە تائێستاش بەهۆی كێشەی كولتووری لەنێوان رۆژئاوا و رۆژهەڵات، بەپەناهەندەی رۆژهەڵات دەگوترێت سەر رەش، ئەمە بەشێوەیەك لەشێوەكان سوكایەتیكردن و جیاكردنەوەی رەگەزپەرستییە كە ئێستا خەریكە تۆختر دەبێتەوە، بۆ نموونە سەركەوتنی راسیستەكان لەهەڵبژاردنەكانی ساڵی 2018 لە ئەسكەندەنافیا و بەشێك لەرۆژئاوا، گەیشتنیان بەدەسەڵات لەرێگەی دەنگدانی زۆرینەی خەڵكەوە، هەروەها دەستدرێژی

کردنی توندڕەوانەی ڕوداوەکەی ساڵی 2010 لەنەرویژ کە بووە هۆی گیانلەدەستدانی دەیان کەس کە کچێکی کوردیش بوو بەقوربانی، باشترین سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە تائێستا ئێمە و ئەوان لەرۆژئاوا کۆتایی نەهاتووە تەنها لەنێو سیستمی سیاسی نەبێت کە ئەویش لەشوێنێکدا سیاسیەکان و خەڵکی هۆشیار هەستی پێدەکەن، هەروەك ئەو خۆ زاڵکردنەی گوتاری ئاینی ئیسلامە بەسەر ئاینەکانی تر لەعێراق و ناوچەکە.

تائێستاش ئێمەو ئەوان ڕەگوڕیشەی ماوە و بەشێوەیەك لەشێوەکان ئاسەواری هەر ماوە، بۆ نموونە مەسەلەی خۆجیاکردنەوەی خەڵك لەرووی سۆسیۆلۆژییەوە لەئاینی ئێزدی و کاکەیی، یان خۆجیاکردنەوە لەکریستیانەکان لەخەڵکی ئیسلام و ئاینەکانی تر، دیاردەیەکی ئاشکرای ژیانی کۆمەڵایەتی عێراق و کوردستانە، هەر ئەوەی کە جوگرافیای نیشتەجێبوونی ئاین و مەزهەبەکان لەگەڵ ئاینی ئێزدی و کاکەیی و تەنانەت لەگەڵ کریستیانەکانیش، باشترین سەلێمێنەری مانەوەی ئاسەواری ئێمە و ئەوانە .

ئەم ئێمەو ئەوانە سەرەتاکەی لەجیاوازیەکانی ژیانی نێوان خەڵکی لادێ و نیمچە شار هاتەئاراوە کە سەرەتا بوو، جیاوازی نێوان ئەشرافی شوێن و غەریب و ئەریستۆکرات و هەژارەکان پەیدابووە، تاکو گەیشتۆتە ئاستی چینایەتی و شێوەی ژیان لەباری کولتووریدا زۆر جیاوازی لەخۆ دەگرێ، مەترسی ئێمە و ئەوان، جگە لەمەسەلەی فەرهەنگی و کولتووری و شێوازەکانی پەیوەندیکۆمەڵایەتی، واتە جیاوازیکردنی ئەوی خاوەندار و خاوەن شوناسی شوێن و ئەوی تری بێگانە و پەناهەندە کە ئەمە دوای هاتنی هێزی تەوندڕەوی وەکو داعش، هەروەها سەرهەڵدانی جۆرێکی دیکەی پەناهەندە بۆ شارەکانی هەولێر و سلێمانی لە کوردستان، هەروەها پەناهەندە بۆت ورکیا و ئەوروپا، کە ئەمە گفتوگۆی زۆر لەسەرکراوە، تاکو گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە دەوڵەت ئیتر بیر لەسیستمێك نەکاتەوە لەڕووی یاساوە، تەنها هاوڵاتی خاوەن دەوڵەت یان خاوەن شوێن واتە ئەرباب و خانەدانەکان، پشتاوپشت خاوەن شوناسی شار و هاوڵاتی پلە یەك بن، ئەوانیتریش پلە دوو و سێیەم و هتد، بۆیە رۆژئاوا کە چاوی لەئامریکا کردووە و لاسایی کردۆتەوە، دەستیکرد بەستایلێك لە بیرکردنەوە نوێ کە دەوڵەتی نەتەوەیی و یەك

شوناسی، بکات بەدەوڵەتی فرە کولتوور و کۆمەڵگاکان و حەوانەوەی هەموو خاوەن کولتوورێك بەپێی کار و پیشە و بەهای مرۆڤی بێت، بەڵام ئەمە هێشتا نەیتوانی چارەسەری ریشەیی باسەکە بکات کە جیاوازی ئێمە و ئەوانە .

بۆ نموونە تائێستاش بەهۆی کێشەی کولتووری لەنێوان رۆژئاوا و رۆژهەڵات، بەپەناهەندەی رۆژهەڵات دەگوترێت سەر رەش یان بیانی، ئەمە بەشێوەیەك لەشێوەکان سوکایەتیکردن و جیاکردنەوەی رەگەزپەرستییە کە ئێستا خەریکە تۆختر دەبێتەوە، بۆ نموونە سەرکەوتنی راسیستەکان لەئەسکەندەنافیا و بەشێك لەرۆژئاوا، گەیشتنیان بەدەسەڵات لەرێگەی دەنگدانی زۆرینەی خەڵکەوە، هەروەها دەستدرێژی کردنی توندڕەوانەی روداوەکەی ساڵی 2010 لەنەرویج کە بووە هۆی گیانلەدەستدانی دەیان کەس کە کچێکی کوردیش بووە قوربانی، باشترین سەلمێنەری ئەو راستیەن کە تائێستا ئێمە و ئەوان لەرۆژئاوا کۆتایی نەهاتووە تەنها لەنێو سیستەمی سیاسی نەبێت کە ئەویش لەشوێنێکدا سیاسیەکان و خەڵکی هۆشیار هەستی پێدەکەن.

## بزواندنی عەقڵ

بۆچی شار دەبێتە بزووێنەری مێژوو؟. چونکە شار هەموو چالاکییەکانی لەدەرەوەی سۆزە و بەعەقڵ مامەڵە لەتەك دیاردەکان و شتەکان دەکات، دەرکەوتووە کە زۆربەی شارە ناسراوەکان بوونە بەمایەی زیندوویێتی مێژوو، بۆ نموونە ئەسینا لەرێگەی درووستبوونی دەوڵەتشار و فەلسەفە و دانانی چەمکەکان و زیندووترین چەمکیش تائێستا کاری پێبکرێ دیموکراسی یە، لەوەش گرینگتر کارکردن بوو بە یاسا، رۆما وەکو ئێمپراتۆڕ و بازاڕی کۆن و هونەری پەیکەرتاشی و چەقی ئەوکاتی نوێنەرایەتی شار، میسر وەکو سیستم و سەرەتای سەرهەڵدانی ململانێی نێوان ئاینەکان و دەسەڵات و شارستانییەتێك لەرۆژهەڵات بەرامبەر بەرۆژئاوا، پاریس وەکو هێزێکی گەورە و هێنانەکایەی جۆرێك لەفەلسەفەی زانستە مرۆییەکان و شێوازێکی نوێ لەجەنگ، بەریتانیا وەکو دەوڵەتێکی گەورەو خاوەن دەستوور و هەژموونی سیاسی و ئابووری سەربازی و هتد، لەرۆژهەڵاتیش، بەغداد کە شوێنی یەکەمین

سەرهەڵدانی خوێندنەوە و یاسا بووە و شام وەکو سەنتەرێکی بازرگانی و پێوەلکاندنی هەموو ئەو وڵاتانەی کە ئێستا خاوەنی دەسەڵاتن، هەروەها وەکو خاوەنی زۆرترین چیرۆکی ململانێی نێوان شیعەگەرێتی و دەسەڵاتی سوونەی ئەوکات، مەغریبی عەرەبیش وەکو شارستانیەتێکی تایبەت لەبواری ئاسەوار و پردی نێوان رۆژئاوا و رۆژهەڵات، شێوازی جیاوازی بەمێژوو بەخشی و خۆی نووسییەوە.

گرینگترین شت کە دۆرکهایم باسی دەکات، ئەو هاوکاریکردنەیە کە لەئاستی عەقڵی و کارکردندا لەکۆمەڵگەی کلاسیکی دەچێت، چونکە دابەشکردنی کار لەشاردا، هەمان دابەشکردنی گوندنیشینە کە لەسەر بنچینەی رەگەزەکان دانراوە، بەڵام ئەو دابەشکردنەی کە لەگوندنیشیندا هەیە لەرووی رەگەزییەوە، هەمان دابەشکردن نییە لەشاردا، چونکە لەشاردا چێژی کار هەیە، بۆیە ئەو فەزایەی لەشاردا هەیە ئۆرگانییە و لەنێوان تاکە جیاوازەکاندا مانای وەرگرتووە، چونکە لەشاردا بەهۆی کارکردن بەعەقڵەوە، ئازادی بۆ تاك فەراهەمترە، جا چ تاکەکە نێر بێت یان مێ و ئەمەش بەپێی پێویستی شوێنی کارە.

هابرماس پێیوایە عەقڵ بنەمای هەموو کردەوەیەکە و دەرگا لەسەر برایەتی و سۆلیدارێتی و رەوشتدارێتی و بەختەوەریدا دەکاتەوە، لەبەر ئەو هۆکارە لەسەرتاپای دوورگەکەدا بەهای بنەچەیی مۆراڵی وەکو متمانە و تۆلێرانس پشتی پێبەستراوە.

ئێمە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە مرۆڤ سەرەتا نەیتوانیوە ببێتە کائینیکی شاری بەمانای مەدەنیەت، پێویستیمان بەخوێندنەوەی ئەزموونی گەلان هەیە، ئەوەی کە فارابی وەکو فەیلەسوفێکی شارەزا لەبورای فەلسەفە باسی کردووە، کتابێکی هەیە بەناوی (سیاسەتی شار و پرنسیپە ئامادەکانی) لەوێدا بەرۆشنی باس لەشێوازێکی لۆژیکی دەکات کە مرۆڤ ئاژەڵێکە ناتوانی هەتا شار نەدۆزێتەوە بەختەوەری بدۆزێتەوە، ئەمەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە فارابی لەسەردەمی عەباسییەکان ژیاوە و ئەوکات مرۆڤ بەدوای ژیانێکی شارستانیدا گەڕاوە، نموونەش دۆزینەوەی شێوە و دیزاینی تەلار و جل وبەرگ و کەرەستەکانی ژیان بووە، بۆیە فارابی تەنها بەدوای فەلسەفە و ئەخلاق و زانستەوە نەبووە، بەڵکو بەدوای ژیانێکی باشترەوە بووە کە لەشاردا چنگ دەکەوێ، چونکە شێوە ئازادییەك هەیە بەهۆی ئەوەی کە مرۆڤ

بزر دەبێت کەمتر دەکەوێتە ژێر مەرحەمەتی گوتاری زاڵی کۆمەڵگە و کولتوور و جلوبەرگ لەبەرکردن و هتد.

عەلی ئەلوەردی لەکتێبی (المهزله العقل البشری) دەڵێ (مەلاکان لەرێگەی گوتاری ئاینی و هەینییەکانەوە، بەشێك بوون لە رێگری بۆ درووستبوونی شارستانییەك بۆ داهاتوو)، لەکاتێکدا بۆخۆیان ژیانیان وەکو خانەدانەکان وێناکردبوو بەخەڵکیان دەگووت (بەپێی ئاستی خۆتان بژین و پێ لەبەرەی خۆتان زیاتر رامەکێشن و داوای شتێك مەکەن نایزانن، چونکە ئەمانە موڵکی ئێمە نین و نابنە موڵکی ئێمە)، هەروەها باس لە پێشکەوتن دەکات کە بۆچی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی نەیتوانی پێشبکەوێت، چونکە نەیتوانی چاوی بکاتەوە و تەماشای کۆمەڵگەی ئەورووپای پێشکەوتوو بکات کە چۆن بزوێنەری خۆیەتی و چۆن لەسەر رەورەوەی مێژوو، نوێبوونەوە بۆ داهاتوو بونیاد دەنێت، بەپێچەوانەوە لەرێگەی پیاوانی ئاینیەوە بڕوایان بەوەهێنا (العجله من الشیگان)، بۆیە تەنانەت بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیش لەپێکەوتەی خۆی نەکەوت و پێشکەوتنی بەخۆیەوە نەبینیی، لەکاتێکدا لەپەنا مەلاکان و پیاوە ئاینییەکان ویستیان لەبری ئەو

تێگەیشتنە کۆنە بڵێین ئەلتەرناتیڤێکی دیکەیە، دەکری لەرێگەیەکی ترەوە ژیان بونیادبنێینەوە کە لەمە خراپتر نەبێ.

فەلسەفەیەك هەیە کە هەر نەتەوەیەك بەکۆنتێکستێك و بەستایلێك کاری پێدەکەن، بۆ نموونە دەڵێن (ئەگەر تاریکی نەبێت چرا هیچ مانایەکی نییە، ئەگەر نەخۆشی نەبێت تەندروستی هیچ مانایەکی نییە و ئەگەر نارەحەتی نەبێت پشوودان هیچ مانایەکی نییە، ئەگەر ستەم نەبێ ئازادی هیچ مانایەکی نییە، ئەگەر جیاوازی چینایەتی نەبێ دادپەروەری هیچ مانایەکی نیی. بەڵام چونکە ئەم تێگەیشتنە بەشێکی زۆر پێشکەوتنی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە تائێستا، هەروەها مرۆڤ لەسەر یاسای دژەکان ژیاوە کە پشتی بەلۆژیکی هیگڵ بەستاوە، بۆیە زۆرجار هەندێك نەتەوە کە دوواکەوتوون، رێگەیان لێگیراوە و نەیانتوانیوە شار بونیاد بنێن وەکو مانای خۆی.

فارابی پێیوایە کە ئەوانەی شار بەرێوەدەبەن یان بزوێنەری عەقڵی دەزگاکانی شارن، لەسەریانە ژیربن و بەشێکی چاکەکاری ژێرییە." پێویستە لەسەر دامەزرێنەرانی کاملْ شارەزاییەکی تێکراییان هەبێت لەبارەی فەلسەفەی بیردۆزییەوە، تاکو تێبگەن

خودا فەرمانڕەوایی گەردوون دەکات، ئەوانیش چاوی لێبکەن، هەموو کەسێك ناتوانیٚ ببێتە سەرۆکی شاری فازیلە".(77).
سەرۆکی شار دەبیٚ مرۆڤێك بێت لەگەلٚ هەموو دۆخێك و کولتوورێك و ئاینێك رێبکەوێت و جیاوازی نەکات، ئەمەش نابیٚ نمایش یان نواندنی شانۆیی و درامایی بێت، دەبیٚ بەخۆڕسك وابیٚ. ئەگەرنا دەسەلاگرتنێکی شلۆقە و پەسەندکراو نییە لەفەزای گشتیدا.

لایەنێکی دیکەی گەشەسەندنی شار، قبولکردنی ئەو دیاردانەیە کە پێشتر لادیٚ نشین قبولٚی نەبوون وەکو مۆڕالٚی شار کە مۆڕالێکی جیاوازو تایبەتمەندە، بۆ نموونە بوونی ئەو دیاردەیەی کە پێی دەلێن سێکس و دواتریش ئاشکرابوونی هۆمۆسێکسوالێتی کە میشێل فۆکۆ باسی لێوەکات وەکو دیاردەیەك کە لەمێژووە وە هەیە لەسەروەختی مۆدێرنەدا گەشە دەکات دوایی باسی بەیاسایی کردنی دیاردەکە دەکات، فۆکۆ ئەم دیاردەیە وەکو حالەتی سۆسیۆلۆژیا تەماشا ناکات بەتەنها، بەلکو حالەتێکی سۆسیۆلۆژیای دوای گەشەسەندنی ژیان بەڕوویەکی دیکەدا کە مرۆڤ تێر دەبێت لە ئارەزووە

چەپێنراوەکانی، بۆیە شیمیل واتە (سێکسی ژن و ژن، یان کچ و کچ) و هەروەها هۆمۆ سێکسواڵێتی، واتە ( سێکسی کوڕ و کوڕ یان پیاو و پیاو) وەکو دوو دیاردەی کۆمەڵایەتی تەماشا کردووە، بەشێکی لەئەنجامی لەخۆ نامۆبوونی تاك لەگەڵ کۆمەڵگەدا بەرهەمدێت، ئەم حاڵەتە لەوێوە زیاتر شارنشینی بەخۆیەوە دەبینێ کە لەرێگەی دەزگایەکی شەرعی کە پارلەمانەو هەموو خەڵك دەنگی پێداوە، یاسای تایبەتی بۆ دەردەچێت و تاکو ئەو کاتەی کە پرۆسەی هاوسەرگیری وەکو چۆن چن و پیاو هەیە ئاوها ئاسایی و یاسایی وەردەگیرێ و دانپێدادەنرێ.

ئەگەرچی ئەمە لەلایەن کەنیسەوە رەتدەکرێتەوە سەرەتا، بەڵام دواجار بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ژیانە فرەییە و ئەو ئازادیە رەهایەی مرۆڤ وەریگرتووە لەلایەن دەوڵەتەوە، حەزوو ئارەزوویەکی دیکە دێتە پێشەوە و لەلایەن زانکۆکانەوە گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر دەکرێ و قبوڵ دەکرێ بۆ ئەوەی ببێتە ویستێکی ئاسایی نەك شاز. بۆیە دواتر تەنانەت کەنیسەش قبولیان کردوو بەدیاردەیەکی ئاسایی کۆمەڵگە تەماشا کرا.

هەر شتێکیش لەلایەن دامودەزگای تەشریعی وەکو پارلەمان بەدەستوور وەرگیرا، ئیدی لەسەر ئاستی ژیان بۆ گشت ئاسایی دەبێت "لێرەدا تاك راستەوخۆ، لەرێگەی بۆماوە و کولتووری ناوەوە و دەرەوە بەردەوامی بەپیرۆزیەکان دەدا، بەڵام چیرۆکی کۆمەڵگەی نوێ و تاك و پیرۆزییەکان لەگەڵ بەرژەوەندیی سیستمی کۆمەڵایەتی کار دەکەن و کاریگەرییان دەبێ بەسەر بەرهەمهێنان و چاودێری و دیسپلینکردنیدا، هەر بۆیە دەبینین چیرۆکەکە خودێکی چالاك لە چالاکییەکاندا درووست دەکات".(78). لێرەدا دەردەکەوێ چەند کەڵکی هەیە بۆ راگرۆتنی بالانسی هێزەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئاینی و سیاسی و هتد، تا دەگاتە ئاستی ململانێی نێوان تاك و دەسەڵات، یان ململانێی نێوان تاك و تاك، ئەوکاتەی کە سەردانی دادگا دەکەین یان وەرگرتن ماف لەلایەن بێ دەسەڵاتێکەوە دەرهەق بەدەسەڵاتدارێك دەبینین، تێدەگەین کە جیاوازی ستایڵی گوند و شار لەبنەڕەتەوە لەکوێدایە، لەجیاتی ئەوەی پیاوی ئاینی و مەلا لەنێوان جوتیار و دەرەبەگ هەبێت و کەسیش نەتوانێ بەرگری لەمافی هاوڵاتییەك بکات لەترسی دەرەبەگ و ئاغا، کە ئەمە ژیانی ململانێی گوندنشینییە، لەشاردا

بەپێچەوانەوە کەسەکە چەند تەنها بێ و بێ دەسەڵاتیش بێ، خۆی دەتوانێ سکاڵا بکات و پارێزەریش بگرێ، ئەگەرنا حکومەت بۆی دەگرێ، بەمەرجێك ئەو شارە بەمانای وشە و ستراکتۆرە جیهانییەکەی مامەڵە لەتەك یاسا بکات.

دیاردەیەکی دیکە کە لەلایەن کەنیسەوە دژایەتی کرا، ئەو رێنماییانەی نیکۆلا ماکیاڤیلی بوو کە پێی وابوو دەبێ میر مادام خۆی بەسەردار و خەڵك بەرەعیەت دەزانێ، دەبێ هەموو خۆشگوزەرانییەك دابین بکات، هەروەها مادام یاسا لەشەقامەکانەوە وەرگیراوە، بەو مانایەی لەرێگەی رەفتاری خەڵکەوە یاسا داتشراوە، کەواتە دەبێ بایەخ بە شوێن بدرێت وەکو چۆن ئەرستۆ لەنووسینەکانیدا ئاماژەی پێداوە، ئەوکات سیستمی کلێسا دژایەتی ئەم بۆچوونەیان کرد و کەوتنە ناوزڕاندنی لەنێو خەڵك، دواتریش کەوتنە هێرشکردن لەسەری و کتێبەکەیان بە خراپترین تیۆری سیاسی ناوزەد کرد کە لەژێر ناونیشانی (میر) کەوتبووە بەردەستی خەڵك و کاربەدەستانی ئەوکاتی رۆما.

یاسا بالانس راگری نێوان ژیانی نێر و مێیە، بۆچی وایە چونکە ئەم ژیان پریەتی لە تێنەگەیشتن و ململانێی نێوان دوو گرووپی ماڵی کچ و ماڵی کوڕ، هەروەها کێشەی منداڵ بوون و نەبوون و کچ و کوڕ، دیسان کێشەی موڵکداری و خاوەنداریێتی لەو شتانەی لەنێوان ئەم ژیانە کۆمەڵایەتییەیە، هەموو ئەمانە مادده و بڕگەی بۆ دیاری کراوە کە پێشتر لەدەستوور دیاری کراوە و هەموو تاکێك دەبێ بیزانێ و دەستوورەکەی لە ماڵەوە هەبێت و مەعریفەی لەبارەوە هەبێت، وەکو بیرمەندی گەورەی دونیا لەبارەی دەستوور ناسییەوە دەڵێ (دەستووری هەر وڵاتێك لەسەر رەفەی ماڵەکان و لەگیرفانی هەر هاوڵاتییەك نەبێت و شارەزاییان نەبێ لە منداڵییەوە کە ئەرك و ماف چییە، کەواتە ئەو وڵاتە دەستوور و یاسای نییە، چونکە یاسا لە پەراوێزی دەستووردا، وەکو دەقێکی پیرۆزی هەموو هاوڵاتیان بەبێ جیاوازی). کەواتە شار ئەمە ئیمتیازە گەورەکەیەتی بۆ هاوڵاتی و بۆ خودی شارنشینی و پاراستنی ئەو موڵکییەتەی کە موڵکی هەمووانە، نەك تەنها دەسەڵاتداران و حکومەت.

دیاردەیەکی دیکەی شار بوونی فەزایەکی تێکەڵاوە لەنێو فەزای گشتیدا، مەبەستم لەبوونی فرە کارەکتەری شێتییە کە لەناو خەڵك ناسراون، چونکە پێشتر شێتی دیاردەیەکی شاز و نائاسایی بوو، تا ئەو ئاستەی عەیبە بوو بنەماڵەیەك کەسێکیان ناتەواوی عەقڵی بێت وەکو پێوەری عەقڵی گشت کۆمەڵگە، واتە کەسێك وەکو ژیانی خەڵك لەرووی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی مامەڵەی نەکردبا، بەکەسێکی ئاسایی تەماشا نەدەکرا و رەوانەی نەخۆشخانەی دەروونی، واتە شەماعییە دەکرا وەکو شوێنێکی سزا بەخش، واتە بەر سزای کۆمەڵایەتی دەکەوت، فۆکو لەدوای ئەوەی خوێندنەوەیەکی واقیعی بۆ نیچە وەکو فەیلەسوفی پوچگەرایی نمایش کرد و لایەنە فەلسەفیەکانی خوێندەوە، تێگەیشت بۆچی گوتوویەتی خودا مرد چونکە لەلای نیچە مادام ویژدان مرد و کەس رێزی ئەویتر ناگرێ و ویژدان هیچ مانایەکی کۆمەڵایەتی نەماوە، کەواتە خودا مرد، بەوپێیەی خودا لەلای نیچە ویژدانە، چونکە نیچە بەتەواوەتی مەسیحیەتی خوێندبۆوە و تێگەیشتبوو کە مرۆڤ لەو مامەڵەیە تێناگات، وەکو مەسیح دەڵی (لەلای راستت دام، لەلای چەپیشم بدە)، واتە لێبوردە و پێکەوژیانی هەمومان و ئاین و نەتەوەکان لەیەك قەوزارەی

کۆمەڵایەتی، شێتی وەکو حاڵەتێکی تەندروستی تەماشا نەدەکرا وەك هەر نەخۆشییەکی دیکەی جەستە یان روحی، ئەمە یەکێك لە کەموکوورتییەکانی خەڵکی تازە هاتوو بوو بۆ نێو شار، یان ئەو نەتەوە و پێکهاتانەی کە تازە تێکەڵ بەپێکهاتەکانی دیکە ببوون، بەڵام بەپەیدابوونی نەخۆشخانەی دەروونی و بڵاوبوونەوەی چەمکی نەساغی عەقڵ و دواکەوتوویی عەقڵی کە لەرووی سەربازییەوە پشتڕاستکرایەوە و بە ئاسایی وەرگیرا، ئیدی هەم خەڵك بە ئاسایی نەخۆشیان دەنارد بۆ شەماعییە و هەم بە ئاسایی نەخۆشی کەم عەقڵییان وەردەگرت کە پێشتر عەیبەیەك بوو، ئەمە یەکێکی تر بوو لەدەرهاویشتەکانی سەرهەڵدانی شار وەکو نموونەیەکی نوێ بۆ ئەوانەی بەناچار یان بەئارەزوو هاتبوونە نێو قەرەباڵغی و جەنجاڵی یەوە، وەکو دیاردەیەکی نوێی پێکەوەژیانی نوێ کە پێشتر پێی ئاشنا نەبوون.

## نامۆبوونی تاك

"مانای تاك، وەكو فەیلەسوفەكان گرینگیان پێداوە، مانای بوونێكی جیاوازە لەگەڵ تاك و كۆمەڵگە بەگشتی، واتە دەورێكی شانۆیی دەبینێ و جیاوازە لەگەڵ ئەو و ئەوان و هەمووان، تاك ئەندامێكە لەو گروپانەی كە هەریەكەیان ستایلێكی تایبەتیان وەرگرتووە، تاكو لەوانی دیكە نەچن، ئەو سیمبولیزمەی كە بەكاری دەهێنن، هەوڵێكە بۆ رازی كردنی خەڵك و ناساندنی ستراتیژی ئەو دۆخەی هەڵیبژاردووە، بۆیە مەرجی بوون لێرەدا ئەوەیە (ئەبم یان نابم)". (79).

كەوابوو ئەو كارەی تاك دەیكات، رووبەڕوو بوونەوەی هەموو سزا كۆمەڵایەتییەكانە كە لەدەرەنجامی رەتكردنەوەی ئەخلاقی گشتی و ئادابی گشتییەوە سەرچاوەی گرتووە، سرووشتی ئەم تاككەراییە لەشاردا، بەشێكی لەژیانی درامیی و هونەرییەوە سەرچاوەی گرتووە و دەبێتە مۆدێل كە ئەمە حاڵەتی فینۆمینۆلۆژییە، بەڵام ئەوەی خۆی نمایش ناكات و نواندنی

هونەری لە ئاکاریدا نابینرێت، ئەو نامۆبوونەیە کە لەرێگەی عەقڵ و تێڕوانینەوەیە بۆ دیاردەکان و ئەخلاقی گشتی و ژیانی رۆژانە و تموحی ئابووری. بەبێ هیچ پاڵەپەستۆیەکی دەرەکی.

هەموو هەوڵێکی تاك ئەوەیە کە لەکۆمەڵگە دابڕێت و بای باڵی خۆی بدات بەئازادی، رووبەڕووبوونەوەکەشی لەگەڵ دەسەڵاتی کۆمەڵگە و حکومەت، هەمان ئەو کۆدەیە کە رەتکردنەوەی دیاردە نەریتییەکانی وەکو توحفە ناسیوە، ئەمە لەمێژوودا تۆمارکراوە و لەسەردەمی یۆنان سوقرات بەسەریداهات، "رووداوەکەی سوقرات بەجوانی سرووشتی دەوڵەتشاری یۆنانی نیشاندا کە بەشێوەیەکی خەمناك کۆتایی هات، ئەوەی نیشاندا کە تاك هیچ جۆرە سەربەخۆییەکی نییە، دادگاییەکەی کە لەساڵی 399 ی پێش زایین بوو، لەکاتێکدا کە دیموکراسی لەئەسینا تازە جێی پێی خۆی قایم کردبوو، جگە لەوەی دژایەتی دەوڵەتشاری کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لاوانی هاندەدا لەدژی دەسەڵات و دوورخستنەوەیان لەخودایانی دەوڵەتشار، ئامانجی ئەمەش ئەوەبوو هاوڵاتییەکی ناپەسەندبن، بۆیە بەزۆرینەی دەنگ کە 281 دەنگبوو حوکمی مەرگیان بەسەردادا".(80).

دیاره بابەتی یاخیبوونی تاك لە كۆمەڵگە و بەتایبەتی لەشار، بابەتی كوفرە، چونكە تاك كە یاخی دەبێت، لەئەنجامی دیاردە كۆنەكان و ئاین و نەریتی كۆن و پەروەردەی سیاسی كۆنە، لەكاتێكدا جەنگی نێوان ئاینەكان مێژوویەكی درێژی هەیە، بەڵام لەدوای شۆڕشەكەی (مارتن لۆسەر) بەسەر توندڕەوی ئاینی كریستیانی كە جەنگی سەد ساڵەی نێوان كاسۆلیك و پرۆتستانت تۆماری كردبوو، بەهەزارەها خەڵكی بیگوناهی كردە قوربانی ئەو توندڕەوییە كە لەرۆژئاوا هەبوو، هەروەها سەرهەڵدانی جۆرێك لەژیانی نوێ و ئازادی ئاینزایی و خوداپەرستی، كە ئەمە بەبەرەبەیانی ئازادی تاك دەژمێردرێت و تاكگەرایی دەستپێكرد، بەڵام هەردوای ئەمە كە بازاڕ هەموو شتێكی بێ بەها كرد، كەسێكی وەكو نیچە سەر هەڵدەدات و بانگەوازی مردنی خوادەكات، مردنی خوا وەكو نموونەیەك بۆ مردنی ویژدان، هەڵبەت ئەم باسە كاریگەری زۆری هەبوو بۆ سەر تاك كە نامۆ بێت لەوڵات و شارەكەی خۆی و لەكۆمەڵگەی خۆی، هەروەها عەقڵی گوندنشینی هێشتا لەنێو شارە تازەكان سۆفت نەبووبوو، مەبەستم ئەوەیە هێشتا بەچڕی كاریگەری هەبوو بەسەر گشت و بازاڕ و گروپەكانەوە، بۆیە كاری هەرەوەزی زیاتر بوو لەكاری

تاك، ئەمش وایکردبوو کە تاك نەتوانێ بای باڵی خۆی بدات و تواناکانی عەقڵی و هێزی خۆی بەکاربهێنێ، بپێچەوانەوە دەوتە بەر سەرزەنشت و ململانێی جیاوازەوە کە ڕێگەیان لەبەکارهێنانی تواناکانی دەگرت، " بەمەش سەربەخۆیی تاك جۆرێك لەکێشەی دەروونی بۆ تاك بەرهەمهێنا، چونکە گەنج بەپێچەوانەی گەورەکان کە مێژوو و یادەوەرییان لەگەڵ مەسەلەی ڕۆح و ئاین هەبوو، ئیدی گەنج ڕووبەڕوی دونیایەك لەململانێ بوونەوە، تاك مەترسی هەموو جۆرە شکستێکی لەگەڵ خۆی هەڵگرت کە ڕێگەی جۆراو جۆراو هەبوو بۆ سەرکەوتن کە ئەمە تاقیکردنەوەی ژیان بوو، هەر ئەوەی کە پزیشکی زیاتر لەو سەردەمەدا دەرکەوتن سەبارەت بە نەخۆشی دەرونی وەکو پێشتر بەتیژتێپەڕ باسمان کرد، کە بەشێکی زۆری پەیوەندیبەو تێنەگەیشتنەوە هەبووە کە سیستمی ژیان خولقاندبووی، بۆیە ئیتر گەنجەکان هەم لەخێزان دوورکەوتنەوە و هەم لەکۆمەڵگە و هەم لەو بەهایانەش بێبەش بوون کەپێشتر بەشێك بوون لەسترتیژیەت و ئامانجی ژیان".(81). زێدەبەها هۆکارێکی گرینگی گەشەسەندنی شێوەی ژیانی شارە لەسیستمی سەرمایەداریدا، بازاڕ و ئاڵوێری شمەك و پێداویستی مرۆڤ، بۆ ئەمەش شار پێویستی بەکاری

زیاتر و دەستی کار هەیە، ئەگەر بیر بکەینەوە دەتوانین لەوە تێبگەین کە بەرهەمهێنان، زێدەبەها چۆن بەرهەدەهێنێ، دەتوانین لەوەش تێبگەین کە بەها بەپێویست لەشوێنێك دەستەبەر نابێت، بۆ نموونە دەشێ بەهای ماتریلێکی خاو لەکارگەیەکی چنیندا بەرهەمبهێنرێتەوە بۆ شتومەك، بەمشێوەیە بەشارکردن لەزۆر رێگاوە مەیدانێکە بۆ دەستەبەرکردنی زێدەبەها، هاوبەندییەکی گرینگ لەنێوان خولی سەرمایە و بەرهەمهێناندا هەیە، هەر لەئێرەوە ململانێ لەنێوان فەزای شاردا بۆ بەرهەمهێنانی بەهاو دەستەبەرکردنی بەهەمان رادەی ململانێ لەشوێنی کاردا گرینگە، ئەمە بەشێکی ئەو عەقڵەیە کە سەرەنجام بۆ دابینکردنی پێداویستی مرۆڤ و جیاکردنەوەی شار، پێویستی بەدەستی کار دەبێت و تاکیش لێرەدا بەکۆتایی هێنانی کارەکەی و بەرهەمی کارەکەی کە بۆخۆی نییە، جگە لەکرێی دەست هەق، دوچاری نامۆبوون دەبێت، ئەویش تەماشاکردنی بەرهەمەکەیەتی بەبێ ئەوەی کەڵکی لێوەرگرێت .

خۆ ئەگەر تەماشای ئەو ریشێوازخوازییەی سیستمی سەرمایەدار بکەین کە هەموو تاك و خێزانێك دەتوانن کەڵك لەژیان وەربگرن

لەشوێنی نیشتەجێبوونەوە تاکو خواردن و شتومەك، بەڵام دیسان لەلایەکی دیکەوە لەرێگەی باجێکی قورسەوە کە لەتوانای کرێکار و خەڵکی ئاسایی نییە، بابەتێکی تاقەت پڕوکێنە و نامۆبوونێکی دیکەی شێوەی ژیانە لەبەرامبەر ئەو هەموو تەلار و شێوازەی دەبینرێت و موڵکدارییەکەشی بۆ گروپێکی بچووك و چەند کەسێکی دیارە .

دیوێکی تری نامۆبوون ئەو دیاردانەیە کە شار درووستی دەکەن و تاك نامۆیە پێی، نموونەی زیندووکردنەوەی ستایڵی ژیان و نەریتێك کە ناگونجێت لەگەڵ سەردەم، یان لەگەڵ ئەو ژیانەی کە تاك لەسێنتراڵ دوور دەخاتەوە، ئەم نامۆبوونە سایکۆلۆژییە و قبوڵکردنیشی لەسزای زیندانێك قورسترە و خەڵك بەگشتی لەژێر هەژموونی ئەو ستایلە قبوڵکراوە لەلایەن گشتەوە، دەبن بەدرەندەیەك بۆ گیانی تاك، درەندەیەك کە فلتەر ناکرێت و شێوەی دەستوور وەردەگرێت، ئەم دۆخە رەنگی شار دەگۆڕێت و تەنها سیما پارادۆکسییەکەی دەمێنێتەوە کە باڵەخانە و کەرەستەکانی پێویستی ژیانە، لێرەوە یاخیگەرێتی لەلایەن تاك و ئاکتیڤیستەکانەوە سەرهەڵدەدات، سەرکێشیکردن و ملنەدان بە

ڕێسا و یاساکان و دوورکەوتنەوە لەهەر زەوتکردنێکی ئازادی تاك، دەبێتە بابەتێك کە کۆمەڵگە و دەوڵەتی کلاسیکی و دواکەوتوو، بیری لێبکەنەوە و چارەسەری ریشەیی بۆ دابنێن، بۆئەمەش دەست بۆ گوتاری ئاینی دەبەن، هەروەك لەولاتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و عەرەبی هەیە، سەرەتاش لەزیندووکردنەوەی پەیوەندییەکانەوە دەست پێدەکەن بە کەرەستەی نویێ، بەلام هەموو ئەو هەولانە نابنە رێگر لەبەردەم ویستی ژیانێك کە دابڕانە لەگەڵ ژیانی رابردوو، ئەویش بەمانی وشە هەڵبژاردنی ژیانی شارە وەکو رۆژئاواییەکان درووستیان کردووە کە ئێستا پێچەوانە بۆتەوە، نەجیبزادەکان دەچنەوە گوند و لەوێ دەژین، گوندنشینەکان شار بەڕێوەدەبەن، هەروەك ئەوەی ئەمە لەشارە سەرەتاییەکانیش هەیە وەکو کوردستان و بەشێك لەباشوری عێڕاق .

روویەکی تری نامۆبوونی تاك لەنێو شاردا پەیوەندیبەئاینەوە هەبووە و ئێستاش هەیە، دیارە لەدوای شۆڕشی (مارتن لۆسەر) وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، یەکێکە لەو ناوانەی کاریگەری هەبووە لەسەر خاوکردنەوەی بیری خودا پەرستی لەرێگەی

ئاینەوە و گوتەیەکی بەناوبانگی هەیە دەڵێ (ئێوە تەنها کاتێك ئازاد دەبن کە ڕۆژگارتان بێ نیگەرانی و شەوگارتان بێ خەم بێت)، هەر لەپەروایێزی ئەم رستەیە بوو کە هەوڵیدا کۆنترۆڵ بکات بەسەر توندڕەوی ئاینی مەسیحی کە جەنگی سەد ساڵەی نێوان کاسۆلیك و پرۆتستانت بەهەزارەها خەڵکی بیگوناهی کردە قوربانی ئەو توندڕەوییە کە لەرۆژئاوا هەبوو و سەرەنجام تێگەیشتن هەموو گوتارەکان یەك شتن و هیچ گوتارێکی ئاینی ئەوە ناهێنێ ئیسنانی لەسەر بکوژرێت بەناوی خواوە، هەروەها سەرهەڵدانی جۆرێك لەژیانی نوێ و ئازادی ئاینزایی و خوداپەرستی، کە ئەمە بەبەرەبەیانی ئازادی تاك دەژمێردرێت و تاکگەرایی دەستپێکرد، واتە ئازادییەك بۆ شارنشینی، ئەمەش لەخۆڕا نەبوو، بگرە لەوێوە دەستیپێکرد کە گرێبەست لەنێوان تاك و دەوڵەت لەرێگەی دەستوور و پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە سەریهەڵدا و کاری پێکرا، سەرەتاش ئەریستۆکرات و بۆرژوازییەکان ئەم جەنگە شارستانییەیان کرد، بەڵام هەردوای ئەمە کەبازاڕ هەموو شتێکی بێ بەها کرد، کەسێکی وەکو نیچە سەر هەڵدەدات و بانگەوازی مردنی خوادەکات، مردنی خوا وەکو نموونەیەك بۆ مردنی ویژدان، هەڵبەت ئەم باسە کاریگەری زۆری

هەبوو بۆ سەر تاك كە نامۆ بێت لەوڵات و شارەكەی خۆی و لەكۆمەڵگەی خۆی، "بۆیە سەربەخۆیی تاك جۆرێك لەكێشەی دەروونی بۆ تاك بەرهەمهێنا، چونكە گەنج بەپێچەوانەی گەورەكان كە مێژوو و یادەوەرییان لەگەڵ مەسەلەی رۆح و ئاین هەبوو، ئیدی گەنج رووبەڕوی دونیایەك لەململانێ بوونەوە، بۆیە تاك مەترسی هەموو جۆرە شكستێكی لەگەڵ خۆی هەڵگرت كە رێگەی جۆراو جۆراو هەبوو بۆ سەركەوتن كە ئەمە تاقیكردنەوەی ژیان بوو، هەر ئەوەی كە پزیشكی زیاتر لەو سەردەمەدا دەركەوتن سەبارەت بەنەخۆشی دەرونی كە بەشێكی زۆری پەیوەندیبەو تێنەگەیشتنەوە هەبووە كە سیستمی ژیان خولڵقاندبووی، بۆیە ئیتر گەنجەكان هەم لەخێزان دووركەوتنەوە و هەم لەكۆمەڵگە و هەم لەو بەهایانەش بێبەش بوون كە پێشتر بەشێك بوون لەستراتیژییەت و ئامانجی ژیان" (82). دیوێكی تری نامۆبوون ئەو دیاردانەیە كە شار درووستی دەكەن و تاك نامۆیە پێی، نموونەی زیندووكردنەوەی ستایڵی ژیان و نەریتێك كە ناگونجێت لەگەڵ سەردەم، یان لەگەڵ ئەو ژیانەی كە تاك لەسێنتراڵ دوور دەخاتەوە، ئەم نامۆبوونە سایكۆلۆژییە و قبوڵكردنیشی لەسزای زیندانێك قورسترە و خەڵك بەگشتی لەژێر

هەژموونی ئەو ستایلە قبوڵکراوە لەلایەن گشتەوە، دەبن بەدڕەندەیەك بۆ گیانی تاك، درەندەیەك کە فلتەر ناکرێت و شێوەی دەستوور وەردەگرێت، ئەم دۆخە رەنگی شار دەگۆڕێت و تەنها سیما پارادۆکسییەکەی دەمێنێتەوە کە باڵەخانە و کەرەستەکانی پێویستی ژیانە، لێرەوە یاخیگەرێتی لەلایەن تاك و ئاکتیڤیستەکانەوە سەرهەڵدەدات، "سەرکێشیکردن و ملنەدان بەرێسا و یاساکان و دوورکەوتنەوە لەهەر زەوتکردنێکی ئازادی تاك، دەبێتە بابەتێك کە کۆمەڵگە و دەوڵەتی کلاسیکی و دواکەوتوو، بیری لێبکەنەوە و چارەسەری ریشەیی بۆ دابنێن، بۆئەمەش دەست بۆ گوتاری ئاینی دەبەن"(83).

هەروەك لەولاَتانی رۆژهەلاَتی ناوەڕاست و عەرەبی هەیە، سەرەتاش لەزیندووکردنەوەی پەیوەندییەکانەوە دەست پێدەکەن بە کەرەستەی نوێ، بەلاَم هەموو ئەو هەولاَنە نابنە رێگر لەبەردەم ویستی ژیانێك کە دابڕانە لەگەڵ ژیانی رابردوو، ئەویش بەمانی وشە هەڵبژاردنی ژیانی شارە وەکو رۆژئاواییەکان درووستیان کردووە کە ئێستا پێچەوانە بۆتەوە، نەجیبزادەکان دەچنەوە گوند و لەوێ دەژین، گوندنشینەکان شار

بەڕێوەدەبەن، هەروەك ئەوەی ئەمە لەشارە سەرەتاییەکانیش هەیە وەکو کوردستان و بەشێك لە باشوری عێراق.

## هونەر و ناونیشان

یەکێك لەو فاکتەرەانەی کە سیما بەشار دەبەخشێت، بوونی پەیکەر و تابلۆ و دیواربەندییە، رۆما و ئیسپانیا دوو لەو دەوڵەتانەن کە پێش ئەوەی قەوارەی دەوڵەتی وەربگرن، سیمای شاریان بەتابلۆ نەخشاند و کەنیسە و پەرستگا و نێو بازاڕ و سەنتەری شاریان بە تابلۆ و پەیکەر دەوڵەمەند کرد، "مەرجی بەشاربوونی هەر جوگرافیایەك بەرۆشنبیرییە دیارییەکانییەوەیە، ئەگەر تەلار و شوێنی دیار لەهەر شوێنێك هەبوو، واتە ئەو شوێنە تەنها بۆخۆی ئەو دیمەنەی پێشکەش نەکردووە، بەڵکو بۆ خولاندنی فەزایەکی هۆشیاری و رۆشنبیری لەلایەك، هەروەها بۆ پێشوازیکردن لەگەشتیارەکانی بووە لەلایەکی تر، رەهەندێکی دیکەی ئەوەیە کە بە پەیکەر و بەهونەری تابلۆ مێژووی خۆیان تۆمار کردووە، بەمەش چارەسەر نامۆبوونی کۆمەڵگە و تاکەکانیان کردووە کە هەمیشە هەست بکەن ئەوان لەنێو مێژوودان، بەتایبەتی ئەو پەیکەرانەی کە هەموو پێکهاتەکان بەبێ جیاوازی ئامادە کراون".(84). مەسەلەی هاتنی چەمکی

ئازادی، لەوێوە دەستپێدەکات کە کۆمەڵگە لەتاك نەتەوەی و مەزهەبی ئاینیەوە، دەوڵەمەند دەبێت و گەشە دەکات و دەبێتە فرەیی لەکۆمەڵگە و نەتەوە و نەریت و ئاین و مەزهەبی جیاواز، قبولکردنی ئەم فەزا کۆمەڵایەتییە، سەرەتایەکە بۆ مومارەسەکردنی ئازادی بیروباوەڕ، پێچەوانەی ئەم بیرو بۆچوونەش لەباری رۆحیەوە بۆ تاکەکان هەر وایە" ئەگەر بەوردیش بڕوانینە ئەم نەبوونی ئازادی و بەگەڕخستنە عەقڵییە، دەبینین هەلومەرجی ژیانی دانیشتوانی شارە گەورەکان هەرگیز لەبار نییە، بێگومان ئەوان لەرووی ژیانی رۆحیەوە زۆر لەمەترسیدان، جێی گومانیشە کە شارە گەورەکان پێشتر نێوەندی رەونەقدانەوەی شارستانی بووبن، بەومانایەی تیایاندا مرۆڤی نموونەیی وەك کەسێتیەکی رۆحی گەشەی سەندبێت، هەرچۆنێك بێت دۆخی پرسەکان لەمرۆدا ئەوەیە دەبێت شارستانی راستەقینە لەو رۆحە رزگار بکەین کە لەخودی خۆی و دانیشتوانەکەی بەرهەهاتووە".(85).

جگە لەوانەش ئەدرەس و نەخشەی شار هەمیشە وەکو کوراسێك پێشکەش بە گەشتیار و خەڵکی بیانی دەکرێت لە فرۆکەخانە و

تێرمیناڵەکان و کۆنترۆڵی پێشوازی لەمیوانانی بیانی بۆ ئەو شارانەی کە هەم گەشتیارین و هەم پنتی بازرگانی و هەم سیاسین.

## (بازاڕ) یەکەیەکی هاوبەش

شوێن یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە پێداویستی دانیشتوان دابین دەکات، هەروەها فاکتەرێکیشە بۆ ڕێکخستن خەڵك و تێکەڵکردنی زمان و کولتوور و پاراستنی ڕەسەنایەتی پێکهاتە جیاوازەکان، ژیانی ئاسایی لەبازاڕدا زیاتر دەردەکەوێت، نەك لەدامودەزگاکانی دەوڵەت، بۆیە هەموو یاساکانی ئەکادیمیا و دادگا و یاساکانی دامودەزگای حکومەت، ناگاتە ئەو ڕێکخستنە خۆڕسکەی لەبازاڕدا هەستیپێدەکرێت، ئاڵوگۆڕی دراو ئاڵوگۆڕی شمەك و خواردن و پێداویستییە جیاوازەکان، گێڕانەوەی دابەشکردنی کار و ئاراستەکردنی ئابووری و هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ غەریبەدا، هەموو ئەمانە بازاڕ کۆنترۆڵیان دەکات.

بازاڕ ئەو ناوەندەیە کە دەتوانێ هەموو وێستگەکانی کار کە بەرهەمی خۆماڵی و دەرەکی تێدا یەکلایی دەکرێتەوە، بەبێ ئەم ناوەندە نەئابووری و نەداهاتی حکومەت و نەخەرجی هاوڵاتیان دەردەکەوێت، بۆیە بەپێی تایبەتمەندی شوێنەکە، پەیوەندییە

کۆمەڵایەتییەکانیش سنووردار دەکات، ئەو بەرهەمانەی کە شار گەرەکیەتی و ئەوانەش کە گوندنیشین و کەنار شارەکان گەرەکیانە، لەم ناوەندەدا نمایش دەکرێن و دەگوازرێنەوە.

بەشێکی زۆری یاساکان لەبازاڕدا بەپێی دیسپلینی شارەوانی پراکتیك دەبێت، ئەمە هەنگاوی سەرەتایی حکومەتە بۆ دەرکەوتنی رێکخستنی شار، هەر لەم ناوەندەدا پێشکەوتن و رێکەوتنی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت، ئەمە جگەلەوەی ئەگەرەکانی دیکەی سایکۆلۆژیای شارنیشینیش بەپێی ویست و ئارەزوو و خەرجییەکانی رۆژانەیان دەردەکەوێت، ئایا دانیشتوانی ئەو شارە زۆر خۆرن یان کەمخۆر، زەوقی خواردنیان چۆنە و چ خواردنێك زیاتر لەبەرچاو گیراوە، ئایا سەخین یان بەرچاو تەنگ، ئایا رێژەی ژیاندۆستیان چەندە و بەچ کەرەستەیەکی ماڵ دڵخۆشن، چ شتێك پیرۆزە لەلایان، هەر لەبازاڕدا دەردەکەوێت ئایا ژن زیاتر بازاڕ دەکەن، یان پیاوان، لەوێشەوە کرانەوەی کۆمەڵگە و ئازادی تاك دەردەکەوێت، لەبازاڕدا دەردەکەوێت چ ئاین و کولتوورێك باڵادەستە، دەوڵەت پەیامی لە چ ئاینێك وەرگرتووە و بۆچی گرینگی پێدەدات، لەبازاڕدا دەردەکەوێت

ڕێژەی ئینتیمای هاوڵاتی بۆ نیشتیمان و پیرۆزییەکانی چەندە و چۆنە، لەبازاڕدا دەوڵەمەندی و هەژاری دانیشتوانی شار دەردەکەوێت، هەموو ئەمانەش دەوڵەت و شارەوانییەکەی هاندەدات چ کاڵایەك و چ کوالیتییەك لەبازاڕدا بەردەست بێت، وەکو پێچەوانەشەوە چ کاڵاو پێداویستییەك لەقەیراندایە و بۆچی قەدەغە کراوە، چونکە لەرێگەی بەکاربەرەکانەوە پەیوەندی خەڵك و دەسەڵات ئاشکراتر دیارە.

لەشارنشینی هاوبەشدا هێزێکی نادیار هەیە کە پشت بەداهاتی خەڵك دەبەستێت، یەکەیەکی هاوبەش بۆ کۆمەنیکەیشن دروووست دەکات، یەکەم بەهۆی ئەوەی کە پێکەوە لەو یەکەیە پەیوەندیدەگرن و گرینگی شوناسی گرووپبەندی کۆمەڵایەتی نامێنێ کە شوناسێکی بچوکترە لە شار و ناسنامەکەی، دووەم بەهۆی ئەوەی یەك پوڵ خەرج دەکەن کە شوناسی داهاتی ئەوانە، بۆیە هەموو یەکەکانی تر لەو سێنتەرەدا کۆدەبنەوە و فەزایەکی کۆمەڵایەتی دەخوڵقێنن کە شوناسەکانی تر لەبیردەچن، ئەویش بە پلەیەك وەرگرتنی شوناسی شارەکەیە، بەومانایەی ئەرکێکی سێنتراڵی دەکەوێتە سەر خەڵك ئەویش

بەمۆدێل کردنی هاوبەشە لەهەموو سێکتەر و سێمبولەکاندا لە بۆنە و جەژنەکانە. "لە شارنشینی بارۆکدا پێوەر بۆ شاری تەواو، توانای وەلامدانەوەی شار بوو بەهەموو جۆرە پرسەیەکی کۆمەڵایەتی شار، بنەمای سەرەکی پێداگرتنە لە سەر پێکاتەدان بە فەزای گشتی شار لەیەن تۆڕێك لەرێڕەوە مەزن و شەترەنجییەکان، تەوەرەکانی ئەم رەوگانە بەرەو شوێنی گرینگی وەك کلێساکان و کۆشکە مێژووییەکان، بورجەکان یان بینا مەزنەکان دەڕوات، لێرەدا دوو لایەن دەبینین یەکەمیان دینەکان باش رێکخراون و بینا مێژوویەکان بایەخی باشیان پێدراوە، لەلایەکی ترەوە روخساری رواڵەتی فەزای شار روو لەچاکبوون دەکات".(86). . هەڵبەت ئەمەش جۆرێکی دیکەی راکێشانی خەڵکە بەهەمان ئینتیماوە و بەهەمان پوڵەوە روو لەو شوێنانە بکەن، تاکو ببێتە سیمبولی شار و بیانی و گەشتیارەکانیش سەردانی بکەن و پولْ خەرج بکەن. ئەمە بازاڕێکە هیچی کەمتر نییە لەبازاڕی شمەك کڕین، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە خەڵك و سەردانیکەران تەنها ناچن بۆ شمەك کڕین، بەڵکو دەچن ئینتیما درووست بکەنەوە و دەچن شوناس و ئاسەوار و مێژووی شارەکە بناسن. هەروەها

ماکیاڤیللی بڕوای وابوو کە مادام کۆمەڵێك کارەکتەری هونەری دەستیان هەبووە لە پێشخستنی شاردا کە هەندێکیان کارەکتەری سەردەمی ئەو نەبوون، وەکو دانتی و پەترارك و مایکڵ ئەنجیلۆ و داڤینشی و هتد، کەواتە دەبێ دەوڵەت بایەخ بەم دیاردەیە بدات و بیکاتە یەکێك لە گرینگترین شێوازەکانی شار.

شوێنی نیشتەجێبوون بەتایبەتی چینی کرێکار لەدەوڵەتانی دواکەوتوو، دابەشبوونە بەسەر دوو ڕەهەندی جیاواز بۆ شوێنی گران بەها، بەپێچەوانەشەوە بەشوینی ناتەندرووست و بێ خزمەتگوزاری.

ڕەهەندی یەکەم بەهۆی ئەوەی کارگە پیشەسازییەکان کەوتنە ئەو شوێنانەوە و گرینگیان بەدۆخی تەندروستییان نەدەدا و حکومەتیش ئەو مەرجەی پشتگوێ خستبوو، ڕەهەندی دووەم بەهۆی ئەوەی ڕووبەری شارەکە بۆ نیشتەجێبوونی شاری نوێ بەکەڵك دەهات، دەخرانە مامەڵەی زیادکردن واتە (موزایەدەوە) و دەکران بە شاری نوێ، ئیدی نرخیان بەرزدەکرایەوە بەهۆی ئەوەی لەسەر داهاتی خەڵکە هەژارەکە دەهاتەوە، هەروەها بە

فرۆشتن و بەکرێدان  بۆ کرێچی و ئەوانەی داهاتیان کەم بوون، رەهەندی سێیەم بەهۆی ئەوەی کە زۆرترین کاڵای بەسەرچوو یان کاڵا و شمەکی بێ کواڵێتی لەو شوێنانە خەرجدەکران و ساغ دەکرانەوە.

رەهەندێکی دیکەی گرینگ لەبەرچاوگیرا، ئەویش کۆنترۆڵ کردنیان بوو بەئاسانی لەیەك رووبەری وەکو زیندان، بۆ ئەوەی نەتوانن سەرکێشی بکەن، ئەمە زیاتر لەفەرانسە هەیە بەناوی زۆنەکان.

هەر لەنێو بازاڕدا ئێمە دەبینین شوێنێك هەیە بۆ کۆبۆنەوەی بێ بەرنامە بۆ گشت، ئەویش چاخانە و گازینۆیە، ئەم شوێنە سەرباری ئەوەی دەبێتە هۆی حەسانەوەی غەریبەکانی شار، هەروەها شوێنێکیشە بۆ ژوانگرتن و گفتوگۆ و راگۆڕینەوە و هەواڵ پرسین و یەکتر بینینی هاوڕێیانی شار و نووسینەوەی یادەوەری و مێژوو، هەروەها شوێنێکی بۆ دروستبوونی فەزایەکی دیکە بەناوی رۆشنبیری و رۆژنامەوانی و چالاکی لەهەموو بوارەکان، رەنگە لەزۆربەی وڵاتان کە ستەمکاری تێدابووە، لەچایخانەیەکەوە گروپێکی هۆشیار ناڕەزایەتیان

درووستکردبێت و هەوێنی شۆڕشیان داناوە، یان خۆپیشاندان و هتد.

ئەم شوێنە تەنها شوێنی چاخواردنەوە و قاوەخواردنەوە نییە، بەڵکو شوێنی درووست کردنی کارەکتەری جیاوازی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سیاسییە، باشتر بڵێین شوێنی دەستەبژێر و کارەکتەر و کەسایەتییە ناسراوەکانی شار بووە، هەڵبەت ئەم ناوەندە پێشتر لەبری دەزگا رۆشنبیری و ناوەندەکانی بڕیاردان پشکی هەبووە لەبەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە و ئاگادارکردنەوەی هەمووان لە رووداوو و پێشهاتەکان، بۆیە دەسەڵاتداران هەمیشە بەچاودێرییەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد و دەترسان لەگفتوگۆو جموجۆڵەکانیان.

سەرباری ئەم ناوەندە لۆکاڵییە بۆ پیاوانی شار، شوێنێکی تریش هەبووە و ئێستاش هەیە بەناوی کافیتیریای کۆمەڵایەتی بۆ پیاوو ژن، هەڵبەت ئەم فەزایە هەم بۆ ئازادی و هەم بۆ خۆجیاکردنەوە بوو کە بەشێك لەخانەوادە نەجیبزادەکان و خانەدانەکان و دەوڵەمەند و ئەوانەی پلەوپایەی زانستی و حکومیان هەبوو، ئەم دیاردەیە ئێستاش دەبینرێت لەشارەکان.

ستایلێکی دیکەی بازاڕی گەڕۆك هەیە، ئەویش کاڵای سەر ئۆتۆمبێل و عەرەبانەیە کە بەنێو گەڕەکەکاندا دەسوڕێتەوە کە ئەمە لە رۆژئاوا نەماوە، ئەم دیاردەیە دوو رەهەندی جیاوازی دژ بەیەکتری هەیە، رەهەندی یەکەم بەهۆکاری بێکارییە کە ئەم دیاردەیە ماوە، رەهەندی دووەم بەهۆی غیابی یاسایە لەلایەن دەسەڵاتدارانی شارەوەیە کە پاراستن و ژیانی تاکە، ئەم بازاڕە کێشەی کۆمەڵایەتیشی خولقاندووە کە بەهۆی پێدان و فرۆشتنی کاڵا بەقیستی مانگانە و هەفتانەی کەمەوە، هەم نرخی دوو قاتی بازاڕە، هەم بەشێکی زۆری خەڵکی دووژاری قەرزی بەردەوام کردووە، دواجار ئەم فەزایەش دەبێتە هۆکاری درووستبوونی ناکۆکی خێزانی، هەروەها پیس بوونی ژینگەی بیستنە کە رێگەی لەپشووی مرۆڤ دەگرێت، یان ئەو ماتۆڕسکیل و ئۆتۆمبێلانەی کە بەدەنگی بەرز لەشەقامەکان رێدەکەن، بەشێکی دیکەی سەرئێشەن بۆ خەڵك کە هەم دەنگیان ناخۆش و پیسە و هەم مەترسین بۆ سەر ژیانی خەڵك.

بوونی بازاڕ لەسەرەتاوە دیمەنێکی تەنها قەرەباڵغی نەبووە، بەڵکو بەهۆی شێوازەکانی کارکردنەوە پێداویستییە

سەرەکیەکانی مرۆڤیان ئامادە دەکرد، ئەوانیش بریتی بوون لەکەرەستەی ماڵ و جل و بەرگ و کەرەستەی کشتوکاڵی و هتد.

بەڵام درووستکردنی هەندێك کەرەستە کە پێویستی بەزانست هەبوو، هەروەها پێویستی بەکاری هەرەوەزی هەبوو سیحرێکی دیکەی شار بوو، بۆ نموونە دروستکردنی پێڵاو بەقەڵتاغ و چەرمی ئاژەڵ کە بەر لە 800 ساڵ درووست کراوە، هەروەها دروستکردنی پێداویستی ئاژەڵ کە کورتان و زینی ئاژەڵی یەك سم بووە، بەتایبەتی پێڵاو کە مێژوویەکی کۆنی هەیە لەیۆنانەوە هاتووە، چونکە ئەوان زووتر دەستیان بەبیرۆکە لەفەلسەفەی ژیان راگەیشت، بۆ نموونە لەمیسر تەنها فیرعەونەکان سۆلە واتە پێڵاویك لەشێوەی نەعل و سەندەڵ لەپێ کردووە و بە گەڵا دروستکراوە، بەڵام خەڵکی گشتی بەکاریان نەهێناوە، لەیۆنان سەربازەکان پێڵاوی چەرمی رەسەنیان بۆ درووستکراوە کە بزماری تیا بەکارهاتووە، لەئامریکا بۆ یەکەمجار لە فیلادیلیفیا ی ئامریکا ساڵی 1889 بەدیزاینی کوالیێتی باش درووستکراوە و لەوێش راستەو چەپەی بۆ بەکارهاتووە، دواتر ئەم کەرەستە پێویستەی ژیان بەهەموو دونیادا پەخش بووەوە. دواتر بەهۆی

دروستبوونی ئەمەوە کاری پینەدۆزی سەریهەڵدا کە بۆ چارەسەرکردنی پێڵاوی دڕاو، یان دروستکردنی پێڵاوێك بۆ ئەو کەسانەی پێیان گەورەیە کە ئەمە تائێستاش ماوە.

## (معالم) ئەدگارەکانی شار

شار خاوەنی دوو جۆر لە ئەدگارە، یەکەمیان مێژووی رەسەن و خۆڕسکی بەجێماوی مێژووییە، ئەویدکەش درووستکراوو و نوێ و تۆمارکراوە، رەسەنەکان ئەو شوێنانەن کە بریتین لەقەڵاو منارە و قەیسەری و شوێنی ئاسەواری و پەیکەری کۆن و دیواری کۆن و سەربازگە و قوڵڵەی سەربازی و خانووی دەگمەن و پەرستگە، لەڕووی گەشتیارییشەوە تاڤگە و کانی سیحری و روباری سیحری و تەلەفریك و هتد، ئەویدیکەیان بریتین لەپەیکەری هونەری بۆ کارەکتەرە ناسراوەکان و قوڵڵەی وەکو ئیڤڵ و مۆزەخانە و باخچەی نوێ و بازاڕی سیحراوی و ئۆتۆمبێل و کەشتی و فرۆکە و کەشتی ئاسمانی کۆن کە لەمۆزەخانە تایبەتەکان دانراون، ئەم دوو جۆر شێوازە پێکەوە دەبن بە موگناتیسێك بۆ تۆمارکردنی شوناسی شار، تاکو گەشتیار هانبدات بەتایبەت بۆ بینینی گەشت بکەن و شارەکە ببینن.

شار لەسەردەمێکدا پێوەرەکەی ئەوەبوو کە باڵەخانە و تەلارو بازاڕ و سینەما و ناوەندی ڕۆشنبیری هەبێت. کەچی لەسەردەمێکی تردا مەرجی سەرەکی ئەوەدەبێت کە بازرگانی تێدابکرێت و بۆرسە و ئاڵوویری دراو و جموجۆڵی پیشەسازی و کەشتیڕانی و بەرهەمهێنان و ئاڵوویری سەرزەمینی دەریایی و ئاسمانی و هۆکارەکانی گواستنەوە و وەرزش و چالاکی ڕۆشنبیری و سینەمای بەتایبەتی تێدابێت، هەروەها لەسەردەمێکی دیکەدا فرەیی لەبوونی نەتەوە و مەزهەب و ڕۆشنبیری و کولتووری جیاوازو زۆر جیاوازی تر لەنیمچە شارەکانی ڕۆژئاوا هەبوون، دەبێتە مەرجی سەرەکی بوونی شار لەپێوەرە سۆسیۆلۆژییەکاندا کە بۆ شار کراوە، بەومانایەی بەشی زۆری بەها فەرهەنگیەکان، یان ئەوەتا مانای بازرگانی وەردەگرن، یان ئەوەتا دەکرێنە قوربانی بازرگانی، ئەوەش کە پاشماوەی بەهای فەرهەنگییە دەبێ لەچوارچێوەی بازرگانیدا بۆ وەبەرهێنانەوەی خۆی لەرووی مادده و پوڵەوە، جارێکی تر ببێتە خزمەتکاری بازاڕ، هەروەك ئەو فیلمانەی کە لەسەر ئەرکی ئەو کۆمەڵگایانەی میدالیای ئوسکار و خەڵاتەکانی تر وەردەگرن،

لەبازاڕەکاندا قیمەتیان زیاترە بەحوکمی ئەوەی کە بەزووترین کات ماڵیاتی خەرجیەکان وەبەرهەمدێنێتەوە.

خەیاڵی هاوبەشی هونەرمەند لەرووی هونەرییەوە لەگەڵ مەعریفە، ناوەڕۆکی قۆناغانەکانی مێژوو ئامادە دەکاتەوە، چونکە ئەم هونەرە شوناسە بنچینەییەکە کەبونیادی تەعبیرییەکی نوێیە لەناوەوە دەردەکەوێ، بۆیە رۆژێك نییە پێویستمان بەو مەعریفەیە نەبێ، چاودێری ئیمکانیەتی ئەوەی هەیە کە دەبینین شێوەیەکی نوێ لەخەیاڵ کە بۆ مەعریفەی گشتی دەگواسترێتەوە، بۆیە خەیاڵی رۆژهەلاتی کەمێکە لەئایدۆلۆژیای رانەگەیەنراو".(87). یاسین النصیر لەم کتێبەدا لەرێگەی شێوازی هونەرییەوە رەخنە لەشار دەگرێت، یان مێژوو و ئایدیۆلۆژیای شار دەگرێت، چونکە بۆ گەشتیار یان گەڕیدەیەك لەرێگەی بینینی پەیکەرێکەوە بتوانێ رەخنەی ئەو مێژووە بکات، یان ئایدیۆلۆژیاکەی بناسێت.

پێوەرێکی دیکەی رەخنەگرتنیش لەمێژوودا، ئەوەبوو کە بەپێی سیاسەتێك بۆ بەڕێوەبردنی شار، درووستکردن و زیندووکردنەوەی گروپە کۆمەلایەتییەکانە کە هەم هەماهەنگی

شارنیشن دەکەن و هەم رەخنە لەئایدیۆلۆژی شارنیشینی و دەوڵەت دەکەن، بۆیە هەموو گروپەکان و کۆمەڵگەکان لەیەکەی باڵادا کۆبکاتەوە و شێوەیەکی پێ ببەخشێت، لێرەوە پرسیارەکە لەلای گروپە چاوکراوەکان و رۆشنبیر و شارەزاکانەوە سەریهەڵدەدا، ئەویش ئەوەبوو ئایا شار وەکو یەکەیەکی سیاسی دەمێنێتەوە، یان دەبێتە پنتێکی وەرگیراو لەئەوانی تر، بەڵام کە دەسەڵاتی ناسێنترالی هەڵبژێردرا وەکو ستایلی ژیانی سیاسی هاتە ئاراوە، ئیدی پرسیاری ئەوە درووستبوو کە ئایا قبوڵ دەکرێت خەڵك و گرووپە بەرهەڵستکارەکان پێکەوە لەژێر هەژموونی دەسەڵاتی مەرکەزی بن، ئەمەبووە بنەمایەکی کارگێڕی و سیاسی و جوڵە لەشاردا دەستی پێکرد، ئەویش لەخوارەوە بۆ باڵا، واتە دەسەڵات نەیتوانێ بەبێ گەڕانەوە بۆ خەڵك، یاسایەك وەکو گوتاری گشت بۆ شارەکان دەرنەکات، بۆیە ئەم هەنگاوە بەپلەبەندی چووە پێشەوە، چونکە هەموو چین و توێژەکان خاوەنی نوێنەری خۆیان بوون لەئەنجومەنی هەڵبژێردراوی شارەوانی، ئەم ستایلە تائێستاش کاری پێدەکرێت، چونکە هەموو سێکتەرەکانی ژیان بە سیاسەتەوە گرێدرا، سیاسەتیش بوو بەمەرجەعی هەموو کایەکان، ئەمەش

لەیەکە کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕەنگیدایەوە تاکو گەیشتە نوێنەرانی هەموو پێکهاتە و گروپە کۆمەڵایەتییەکان کە بەشداری ڕاستەوخۆی سیاسەتیان دەکرد لەبەڕێوەبردنی شار.

"زۆربەی خوێندنەوەکان بۆ پلاندارێژی شار بریتین لەگەشەسەندنی هەمەلایەنە، بۆ نموونە لەپەنا دیزاینی تەلار و بازاڕ، دەبوو پەیکەری تەعبیری و پەیکەر بۆ کارەکتەرە ناسراوەکان بکرێت، ئەوکات لەبولگاریا بەنموونە لەدەرەوەی شاری دالماشیا پەیکەر دادەنران".(88).

1- وەزیفەی پیشەسازی: ئەم شوێنە هەرچی کێشەی میکانیکی هەیە بۆ کاربەدەستان و فەرمانبەران و جوتیار و تەنانەت بۆ سەربازەکانیش چارەسەر و رایی دەکات. هەروەها ناوەندێکیشە بۆ داهێنانی کاری لۆکالّی پیشەسازی و بۆ خەڵکی تر کە توانای چارەسەر کردنی کێشە میکانیکیەکانیان نییە.

2- وەزیفەی ڕۆشنبیری: ئەم ناوەندانە کە بەشێکن لەشوناسی شار و هەموو پێکهاتە جیاوازەکان، گفتوگۆی ئەو جیاوازییە کولتووری و ڕۆشنبیری و زمانەوانیانە دەکەن کە خەڵك بەگشتی ناتوانن ئەو کێشانە یەکلایی بکەنەوە.

3- وەزیفەی بازرگانی: ئەم بابەتە بەزاندنی سنووری شار و دەوڵەتە، لەرێگەی کارێکی یاساییەوە کە شار و دەوڵەتەکانی تریش قبولیانە و پێکەوە هەماهەنگی دەکەن لە ئاڵو وێر و گواستنەوە و کڕین و فرۆشتن و هتد.

4- وەزیفەی گەشتیاری: ئەم سێکتەرە لەهەموو دونیا بەشێکە لەبونیادی ئابووری شار و هەروەها ناساندنی شوناسی شار و کۆمەڵگە تێکەڵاوەکەیەتی، بۆ نموونە لەرێگەی گەشتیارەوە دەتوانن ئەم سێکتەرە هەرچی کەلەپور و کەرەستەی خۆماڵی هەیە، بیگەێنن بە گەشتیارەکان و ئەوانیش بیکڕن و وەکو کاڵایەك قسەی لەسەر بکەن لەگەڵ پێکهاتەکانی خۆیان. سابا خوێنەوار یان نەخوێنەوار بن، لێکۆڵەر بن یان گەڕیدە بن و هتد.

5- وەزیفەی ئاینی: ئەم وەزیفەیە هەم وەکو ئاسانکاری بۆ ناساندنی ئاین و کولتووره جیاوازەکانە، هەم وەکو کەرەستەیەك بۆ گەشتیارە و هەم ئەرکی سەرشانی دەوڵەت و شارەوانی کەمدەکاتەوە، ئەمە لەهیندستان و مالیزیا و ئیتاڵیا و ئیسرائل و یۆنان و تورکیا و ئیتاڵیا و هتد هەیە، بەشێکی گەورە لەکێشەی ناساندنی شوناس و تێگەیشتنی ئەوانی تر چارەسەر دەکات،

هەروەها دەتوانیٚ یادەوەرییەکی هەمیشەیی لەزەینی گەشتیاردا تۆمار بکات تا هەتایە قسەی لەسەر بکات و وەکو پەنهان لەلای خەڵکی تر نەمێنێتەوە کە ئایا ئاینێکی تری جیاواز هەیە یان نا.

## کاتەگۆرییەکانی شار

توێژەرە کۆمەڵناسی و جوگرافییەکانی دونیا گرینگییەکی زۆریان بەپلەبەندی شارەکان داوە، بەپێی ئەو دیاردەیەی کە شارەکان لەیەکتر جودا دەکاتەوە، هەندێکجار بەهۆکاری چڕی دانیشتوانەوەیە، هەندێکجاریش بەپێی رووبەری فراوانەوەیە، هەندێکجاریش بەهۆی کولتوور و مێژووچەی شارەکەوەیە، هەندێکجاریش بەهۆی کارگەو هۆکارەکانی گەشەی پیشەسازیەوە هەیە، (هێرس والمن) توێژەرێکی ئامریکییە و ساڵی 1943 سەرەتای دۆزینەوەی تیۆرەکەی بووە و لەساڵەکانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، بەسەر شاری نوێدا پراکتیکی کردووە و تێزەکەشی بووە بەمۆدێلی کارکردن، بۆیە دەرەنجامی کارەکانی بەسەر سێ گاتیگۆریدا دابەشکردووە.

1- دانانی شوێن. ئەم ستایلە لەهەندێك حاڵەتدا بنچینەی جیاوازییەکان دیاریدەکات، ئەو شارانەی کە رووباریان پێدا تێدەپەڕێت، یان شاخیان تێدایە و یان گردۆلکە و رووبەرێکی زۆر،

یان شیو و چەمی تێدایە و شارەکەی داگیر کردووە. ئەم تیۆرە لەلایەن (هێرس والّمن) لەکۆتایی ساڵانی حەفتاکانەوە کاری لەسەر کراوە، ئەویش دابەشی سەر سێ ستایلی کردووە، لەوانە شارە سەنتەرییەکان کە بازرگانی و شوێنەوار گەورە و کەشوهەوایەکی خۆش و لەبار و دیاردە مۆدێرنەکانی تێدا قبول دەکرێت.

دیاردەی دووەم: ئەو جۆرە شارە پەیوەستکراوانەیە، واتە ئەو شارانەیە کە هەموو شارەکانی دیکەی بەسەرەوەیە، لەڕووی رێگەوبان و هۆکاری گواستنەوەی خەڵك قەرەباڵغن، ئەم ستایلە لەشار لەزۆربەی وڵاتان دەکرێن بەهەرێمێکی سەربەخۆ، ستایلی سێیەم شارە تایبەتمەندەکانە، ئەم دیاردەیە ئەرکی ئەوەیە، خزمەت پێشکەش بکات لەروانگەی هێزی کارەوە، هەروەك ئەوەی لەبەشێك لەشارەکانی ئامریکا و هیندستان و چین هەیە.

2- شارە بونیادنراوەکان: ئەم ستایلە لەسەر بنچینەی شێوازی شوێنەکەیە کە رەنگە ناوچەیەکی تەلارسازی کۆن بێت، یان بۆ تەلاری زۆر بەکەڵك دێت، یان پچڕپچڕە، یان شارەکە درێژە لەرووی رووبەرەوە، یان رێکنەخراوە بەهۆی کەمتەرخەمی و بێ

پلانی شارەوانی، ئەم سنفە واتە ئەم گاتیگۆرییەی شار، بەپێی تیۆری نەواتی فرەیی مامەڵەی لەتەکدا دەکرێت کە یان دەکرێت بەئاسۆیی، یان ئعتیبارێکی تری بۆ دادەنرێت وەکو ئەوەی من لەشارۆچکەیەکی بەناونیشان بارِنی هۆلەندای سنووری ئاڵمان بینیومە و بەهایەکی گەشتیاری پێدراوە.

3- شاری مێژوویی: ئەم ستایلە پشت بەرێگەی بەکارهێنانی تیۆری کولتوری جیهانی کاری پێدەکرێت، دەرککردن بەم حاڵەتە لەلایەن شارەوانی و ئەکادیمی و شارەزایانی کۆن و مێژوونووسانەوە دەبێت، چونکە کولتوورە مێژووییەکەی نادیارە و هەندێکجار لەژێر زەوییە.

4- پلەبەندی: ئەمە دیاردەیە بەپێی ئاستی سەنتەری کارگێڕی شارەکەوە دەبێت، واتە بۆ کاتی پێویست و لەناکاو زیاتر کەڵکی لێوەردەگیرێت، بۆ نموونە گوندەکانی دەوروپشتی دوورن لەیەکترییەوە، یان شارۆچکەی بچووکی لەتەنیشتەوەیە و قبول ناکرێت پەیوەستبن بەسەنتەری شارەوە".(89).

دابەشکردنی شار بەسەر ئەو شوێنانەی کە خۆڕسکن یان مێژوویین یان گەشتیاری یان بازرگانی و پیشەسازی یان شاری

خوێندن و توێژینەوەن، هەریەکەیان تایبەتمەندی و گرینگی خۆی هەیە لەچاوی دانیشتوانەکەیەوە، یان لەچاوی حوکمڕانەکەیەوە، بەڵام دەرکەوتووە هیچکام لەو شارانە بەبارتەقای شاری گەشتیاری ڕەواجی نییە بۆ ئەوانی تر، مەبەستم لەئەوانی تر ئەوەیە بۆ خەڵکێك جوگرافیاکەی نەبینیبێت، سیحرێکە و ناچارە سەردانی بکات و لەوێشەوە دەبێ سیحرەکەی بەتاڵ بکاتەوە، بۆیە ئێستا ئەو تێڕوانینە بەسەر هەموو شارە پیشەسازی و کولتووری و مێژووییەکان و بازرگانییەکانیش، بەناچار لەپەنا تایبەتمەندی خۆیان، دەبن بەشاری گەشتیاری، چونکە لەهەموو کایەکان زیاتر ڕەواجی هەیە، هەربۆیە ئەو دەوڵەتانەی کە شاری گەشتیاریان نییە، یان شارێکیان نییە کولتووری بێت، یان ئەوەتا درووستی دەکەن، یان ئەوەتا ئەو کەلێنە پڕ دەکەنەوە.

## (ئاو) یەکەیەکی مەزن

وەکو زانراوە کە ئاو سەرچاوە و توخمێکی گەردوونی سەرەکی ژیانە، هەروەها مادەیەکە بۆ پێداویستی بایۆلۆژی و هەموو پێداویسیتییە سەرەکییەکانی ژیان، بەتایبەتیش ئیدارەدانی خەڵك لەهەموو کایەکاندا، هەر شارێك ئاو یان دەریای نەبوو، مانای وایە کەموکورتییەکی سەرچاوەی داهاتی هەیە و سیماکەشی بەتایبەتی هۆکاری سەرەکییە بۆ گەشتوگوزار، کەواتە بەبێ ئەم پێداویستییە جوان و سەرنجڕاکێش نابێت، بەوپێیەی کە دەریا سیمای شار جوانتر دەکات لەوەی وشکانی بێت، بۆیە زۆربەی ئەو وڵاتانەی یان ئەو شارانەی ئاویان نییە، کەنار یان بەربەستی ئاوی باراناو درووست دەکەن، یان بەناچار سەرچاوەیەکی دیکەی ئاو پەیدا دەکەن .

یەکێك لەسەرچاوەکانی پەیامی ئەفراندنی ئەدەبی، بوونی دەریایە کە ئۆنتۆلۆژیا زیندووتر دەکات بۆ تاکەکان، بۆیە گاستۆن باشلار وەکو فەیلوسوفێکی جوانناس، بۆ سیفەتی

ئەنتۆلۆژی پشت بەو ماتریاڵە دەبەستێت کە هەوینی هەموو زیندوو بوونەوەکانە، هەروەها بەماتریاڵ بوونی وێنەی واقیعی کۆپیکراوەکانیشە، ئەمەش هێزێکی راستەقینەی تراژیدیای ژیان و ئەدەبە کە بەشێکە لەزیندوێتی شارنشین، ئەویش ئاوە وەکو ئامازەیەك بۆ سەرچاوەیەکی قوڵی داهات و گەشت و کشتوکاڵ و راوکردن و رۆشنبیری دەریایی و سنووردانان بۆ ئەوانی تری نەیار، لەباری دەروونیشەوە فراوانی خەیاڵ و ژیان و بەرووبووم و سەرچاوەی نووسین و پرنسیپەکانی دیکەی ژیانە. "زۆرێك لەو کارە پلاندارێژیانەی زەوی کە بۆ ئاوپارێزی پێویستن، لەمدواییانەدا لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، بەتایبەت لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکاش، لەبەرئەوەی هەڕشەکانی زەوی بەکارهێنان، وەك هەندێ چالاکی دیاریکراوە ترنییە، بەئاسانی وەرناگیرێت، بۆیە حکومەتی هەموو وڵاتان پەلەیان نییە لەدانان و ئامادەکردنی ستراتیژی گونجاو بۆ پلاندارێژی شارە نوێیەکان".(90). ئەمە مانای ئەوەیە کە زەوی زامن کەری ئاو نییە، بەڵکو ئەوە ئاوە زەوی زامن دەکات و دەیپارێزێ، هەروەها ژیانیش دەپارێزێ کە بریتییە لەخواستە سرووشتییەکانی مرۆڤ، بۆیە کۆمەڵگە هەرێمییەکانی وەکو بەشێ: لە ئەورووپا و

ئەسکەندەنافیا و وڵاتانی کەنداو، کوردستانیش وەکو ئەوروپای پێشوو کە چەند شارێکی سەرەتاییان هەبوو دواتر بوون بەخاوەنی ئاو و دەریا، کوردستانیش دەتوانێ پشتیوانی لەتێربونی ئەو ناوچانە بکەن کە لەرێگەی باران و ژیانەوەی زەوییەوە، هەمیشە خۆیان خۆیان تێر ئاو دەکەن، بەتایبەتیش ئەو شوێنانەی خاوەنی رووەکی سرووشتین، بەڵام دیسان ئەمە بەبێ پرۆگرام و بیرۆکەی ستراتیژی ناکرێت .

ئاو واتە بوونی زەوییەکی تەڕ و ژیانێکی جیاواز لەشوێنی وشکانی، واتە بوونی دەریا و ئاوی ژێر زەوی لەهەناوی شاردا، ئەم بابەتە تەنها فاکتەری بوون نییە، بەڵکو چەند رەهەندێکی دیکەی هەیە کە بۆ دەوڵەمەندبوونی شار کەڵکی لێوەردەگیرێت، هەروەها یەکەم پێوەری بوونێکی شایستەی ژیانی مرۆڤ و ئاژەڵ و رووەکیشە کە بەشێکی گرینگن لەفەزای بوون، بۆ نموونە بوونی دەریا کە سەرچاوەی دووەمی داهاتە، هەروەها دوورخستنەوەی مەترسییە لەوشکبوون، لەلایەکی دیکەشەوە موگناتیسێکە بۆ راکێشانی گەشتیار و جوانکردنی شێوازی شار و دوورخستنەوەی نەخۆشی لەهاوڵاتیان، ئەمە دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ نەهێشتنی

بێکاری و دەرفەت وەرگرتنی راوچیی و شارازایانی بواری گەشتیاری، بۆ راکێشانی خەڵك سەبارەت بەشتە سەیروسەمەرەکان، لەوانەش بەلەمی دەریایی و کەشتی و هتد.

لەمدواییانەدا وڵاتانی کەنداو بەشێکیان کە دووربوون لەدەریا و ئاو، بەپلانێك دەریایان راکێشا و شاخە سەهۆڵیان هێنا تاکو ببنە هۆکارێك بۆ راکێشانی سەرنجی گەشتیاران و بازرگانانی دەوڵەتان، نموونەش لەوانە دەوڵەتی ئیمارات بوو کە توانی بەماوەیەکی کەم شار بگۆڕێت بەزەمەنێکی کەم و بچووك بۆ زەمەنێك زۆر و گەورە و دوور مەودا کە ستایلێکە لەنووسینەوە و داخلبوونی مێژووە.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان

1: مالّتا, نیمچە هەرێمێك بچوکە دەکەوێتە نێوان لیبیا و تونس، خاوەنی سیستمی پارلەمانیە و 5 سالّ جارێك دەسەلاّتی حکومەت دەگۆڕێت، رووبەرەکەی 316 کم دووجایە، لەسالّی 1964 سەربەخۆیی وەرگرتووە، لەرووی داهاتەوە پشت بەداهاتی دەریایی و بەرد و کشتوکالّ دەبەستێت، دانیشتوانەکەی نزیك بەملیۆنێك دەبن، بەزمانی ئینگلیزی مالّتایی قسە دەکەن، تەواوی بالّەخانە و شوێنە گشتییەکان یەك دیزاینیان هەیە و دوو رەنگن، واتە نیللی و سوورن، رێژەی سەوزایی دەگاتە 70٪، سەرتاپای هەرێمەکە لەگەلەری شێوەکاری دەچێ و هەمووی توحفەیە، بۆ یەکەمجار نەخۆشی (حەما مالّتا) دکتۆرێکی ئەو هەرێمە دۆزییەوە، هەرێمەکە چونکە خۆشە بۆ گەشت و خەلّکەکەی خۆشگوزەرانن، بۆیە بەسویسرای رۆژهەلاّت ناسراوە.

2: مازن عبدالرحمن الهيتى. جغرافيه المدن و التحچر. اسس و المفاهيم. دار العرب و دار الدراسات و النشر و الترجمه. دار النور. 2016. ص16

3: الاستاڎ الدکتور خالص الاشعب. نمو المدينه العربيه و مشکلاتها الحچريه. الموسوعه الصغيره. دار الشۆن الپقافيه العامه. بغداد. 1992. ص10

4: هينرى لۆڤيڤره. رەخنەی ژان و ماف لەشاردا. دەزگای ئايديا بۆ فکر و لێکۆڵينەوە. 2019. ل39.

5: کافين رايلى.الغرب و العالم. تاريخ الحچاره من خلال موچوعات. القسم الاول.ترجمه. عبدولوەهاب محمد المسيرى. د. هدى عبدالسميع حجازى. مراجعه. د. فۆاد زکريا. عالم المعرفه. ص72

6: پرسەکانی مۆدێرنيزم. کۆمەڵێك بيرمەندی ئەوروپی. وەرگێڕانی. ئيسماعيل ئيسماعيل زادە. پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەحەدين و دەزگای موکريانی. ساڵی2009. ل174

7: (جاك بێرك) یەكێك لەرۆژهەڵاتناس و كۆمەڵناسەكانی فەرانسایە و ساڵی 1910 بۆ 1995 خاوەنی كۆمەڵێك خوێندنەوەی ژیانی رۆژهەڵاتە (دراسات للتاریخ الریف المغربی) و (اسلام یتحدی) و (الشرق و التالی) و (العرب بین الاسس و الغد) و (ترجمە القران الی فرنسیە).

8: معنی المدینە. مؤلفون. ف شوای. بنام ج بیرد. فان ایك. ك. فرامیستون، ریكورت. ن سیلفر. ترجمە. د. عادل العسوا. منشورات وزارت الپقافە والارشاد القومیە. دمشق. سنە 1978. ص8.

9: (Parsons 1969 a,p.36). ویكیپیدیا.

10: مازن عبدالرحمن الهیتی. جغرافیە المدن و التحچر. اسس و المفاهیم. دار العراب للدراسات و النشر و الترجمە. دار نور حوران. سنە 2016. ص69

11: الدكتور خالص الاشعب. نمو المدینە العربیە و مشكلاتها الحچریە. دار الشؤن الپقافیە العامە. بغداد. 1992. ص34

12: هینری لۆڤیڤره. ڕەخنەی ژیانی ڕۆژانە و ماف لە شاردا. دەزگای میدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە. 2019. ل101

13: ڕوانگەی هۆبز بۆ دەسەڵات و هێز. سەرچاوە. ئینتەرنیت ویکیپیدیا. (Parsons 1969 a,p.36).

14: ئێدوارد سەعید. ڕۆژهەڵاتناسی. وەرگێڕانی. د. موحسین ئەحمەد عومەر. بڵاوکراوەی ماڵی وەفایی. ساڵی 2018. ل190.

15: کارل مارکس. 18 برومیر لویس بونابارت. منشورات. دار التقدم.

16: محمد مبارك، مقاربات فی العقل و الپقافه. دار الشؤن القافیه العامه. بغداد سنه2004 ص 32 و 36.

17: الانسان و المدینه فی العالم المعاصر. 13 مقالات فی هژه المواچیع المحاچرین و مفکرین فرنسیین. تعریب کمال خوری. مرکز دراسات المدینه المعاصره. سنه 1977. ل16

18: مارکۆز و پۆپەر. وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی. بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ساڵی 2008. ل32

19: (Mann, 1986, p.6). روانگەی هۆبز بۆ هێز و دەسەڵات. ویکیپیدیا

20: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

21: جینیفر سکریس. الپقافه الحچریه فی المدن الشرق. ترجمه. لیلی الموسوی. دار عالم المعرفه. سنه 2004

22: کافین رایلی. ترجمه. د. عبدلوهاب محمد المسیری. د. هدی عبد عبد السمیع حجازی. مراجعه. د. فؤاد زکریا. الغرب و العالم. منشورات عالم المعرفه. 1985. ص74

23: فرهاد حاجی عبوش. المدینه الکردییه، من القرن 4 و 7 هجری. حتی 10 و 13 میلادی. دراسه حڤاریه. مگبعه سبیریز. دهۆك. سنه 2004. ص267

24: مارسیا. د. لاو. پلانرێژی شارەکان و رەهەندە ژینگەیی و مرۆییەکان. وەرگێڕانی. د. جەزا تۆفیق تالیب. ئەحمەد عەلی

ئەحمەد. بلاوكراوەكانى. شارەوانى سليمانى. سالى 2004. ل66.

25: د. باسم رووف. فن التخگيگ المعاصر. موسوعه الصغيره 58. بغداد 1980. ص59

26: المؤلف انتونيا بيرنباوم. والتر بنيامين. متمرد فى المنفى. ترجمه. جودت جالى. جريده المدى اليوميه.

27: مجله دبى الپقافيه. العدد(23). سنه 2007.

28: تشارلز ابرامز. المدينه والمشاكل الاسكان. مجموعه من المترجمين. دار الافاق الجديده. بيروت. ص118

29: كافين رايل. الخرب و العالم. تاريخ الحچاره من خلال موچوعات. ترجمه، د. عبدلوهاب محمد المسيرى و د. هدى عبد السميع حجازى. ترجمه. د فواد زكريا. منشورات عالم المعرفه سنه 1985. ص102

30: میشیل فۆکۆ.دەبیّ بەرگری لە کۆمەڵگە بکرێت. وەرگێڕانی. ئارام ئەمین شوانی. ناوەندی رۆشنبیری و هونەری ئەندێشە. ساڵی 2018.ل383

31: بڕوانە ئایدیۆلۆژیای ئەلمّانیا. مارکس ئەنگڵس. لەفارسیەوە . سەلام مارف. بڵاوکراوەکانی چاپخانەی رەنج. ساڵی 2001

32: ابن الخلدوون عبدلرحمن. المقدمه. جزو الپانی . بیروت دار الکشاف.ص567

33: یۆرگن هابرماس. عەقڵانیەتی کۆمینیکا شوێنخوازی. هاشم ساڵح. وەرگێڕانی. شوان ئەحمەد. گۆڤاری سەردەم. ساڵی 2008 ژمارە 13.

34: بگاقه المدن العملاقه فی العالم. ترجمه. عبدعلی الخفاف. الموسوعه الصغیره. ص32

35: غاستون باشلار. جدلیه الزمن. ترجمه. خلیل احمد خلیل. دار النشر افاق. 2017. ص19.

36: كافين وايلى. الغرب و العالم. تاريخ الحچاره من خلال موچوعات، ترجمه، عبدالوهاب محمد المسيرى. هدى عبدالسميع حجازى. مراجعه. د. فواد زكريا. منشورات عالم المعرفه سنه 1985. ص79.

37: ملتقى القاهره اليانى للابداع الروايه و المدينه. دوره ادوار سعيد. الابحاپ الجزو الاول. سنه2003 ص67.

38: فارابى. شارى فازيله. وەرگێڕانى. مەريوان عەبدول. پێداچوونەوە. ڕێبوار ئەحمەد. بڵاوكراوەكانى كتێبخانەى رەهەند. ساڵى 2019. ل139

39: جينفر سكيرس. اليقافه الحچريه فى مدن الشرق. استكشاف محيگ الداخلى للمنزل. ترجمه. ليلى الموسوى. عالم المعرفه. 2004. ص51

40: الانسان و المدينه فى العالم المعاصر. 13 مقالات فى هژه المواچيع المحاچرين و مفكرين فرنسين، تعريب. كمال خورى. مركز دراسات المدينه المعاصره. دمشق سنه 1977.ص178

41: ابن خلدون. عبدالرحمن. المقدمه. بيروت دار الكشاف. جزو الاول .ص357

42: ملتقى القاهره الپانى للابداع الروائى العربى. الروايه والابداع. مجلس الاعلى للپقافه. قاهره 2008. ص94 .

43: ابن خلدون. عبدلرحمن البدوى. المقدمه. بيروت. جزو الاول. دار الكوشاف. ل139 تاكو ص144.

44: يورغن هابرماس. الدين و العقلانيه. نصوص و سياقات. ترجمه. حسن صقر. دار الحوار. ص266

45: كافين دايلى. الغرب و العالم. تاريخ الحچاره من خلال موچوعات. القسم الاول. ترجمه. د. عبدلوهاب محمد المسيرى و د. هدى عبدالسميع حجازى. منشورات عالم المعرفه. سنه 1985. ص220

46: الانسان و المدينه فى العالم المعاصر. 13 مقالات و محاچرين مفكرين فرنسيين. تعريب. كمال خورى. مركز دراسات المدينه المعاصره. دمشق. 1977. ص12

47: جينيفر سكريس. الپقافه الحچريه فى المدن الشرق. ترجمه. ليلى الموسوى. دار عالم المعرفه. سنه 2004

48: پێشەکی چاپی دووەم. کتێبی ئێمە و ئەوان. تزڤیتات تۆدۆرۆڤ. ساڵی 1986

49: تشالرز ابرامز, المدينه و المشاكل الاسكان. مجموعه من المترجمين. دار الافاق الجديده. بيروت. ص158

50: دکتۆر. رەسوڵ رەباتی. کۆمەڵناسی شار. وەرگێڕانی. چەکۆ ئەحمەدی. ناوەندی ئاوێر یۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. ل228. ساڵی 2013

51: مجله عالم الفكر العدد 38. ملف حول مدينه باريس و سحرها. مجله فكريه تصدر من الكويت.

52: مرۆڤ و شار. رێکخستنی ماڵ. ياسين النصير. و. خەسرەو رەسول. هەفتەنامەی چاودێر. ژمارە 452 ساڵی 2014

53: تشارلز ابرامز. المدن و المشاكل الاسكان. ترجمه. مجموعه من المترجمين. دار النشر الافاق الجديده. ص25

54: دکتۆر ڕەسوڵ ڕەهبانی. کۆمەڵناسی شار. وەرگێڕانی بۆ کوردی، چەکۆ ئەحمەدی. ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. ساڵی 2013. ل88

55: الدكتور عبدالرزاق عباس حسين. جغرافيه المدن. استاژ فی جامعه بغداد سنه 1975. بغداد مگبعه اسعد. سنه 1977. ص35

56: معنى المدينه. مجموعه من المولفين. ترجمه. د. عادل العوا. منشورات دار الپقافه و الارشاد القومى. 1987. ص91

57: جان جاك ڕۆسۆ.پەیمانی کۆمەڵایەتی. وەرگێڕانی. ئاوات ئەحمەد سوڵتان. ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە. سلێمانی. 2016. ل63

58: دکتۆر ڕەسوڵ ڕەهبانی. کۆمەڵناسی شار. وەرگێڕانی. چەکۆ ئەحمەدی. دەزگای ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. ساڵی 2013. ل98

59: بڕوانە کتێبی هاوبەشی  مارکس و ئەنگڵس. ئایدیۆلۆژیای ئاڵمان. لەفارسیەوە . سەلام مارف . ساڵی 2001.

60: اوليفييه روا. الجهل المقدس. زمن الدين بلا پقافه. ترجمه. صالح الاشمر. منشورات دار الساقى. سنه.2012. ص60

61: مارسيا د. لاو. پلانرێژی شارەکان و ڕەهەندە ژینگەیی و مرۆییەکان. وەرگێڕانی. د. جەزا تۆفیق تالیب و ئەحمەد عەلی ئەحمەد. چاپکراوەکانی سلێمانی. ساڵی 2004. ل16

62: سەعید بن سەعید ئەلعەلوی سەرهەڵدان و گەشەکردنی شارستانی لەهزری نوێی خۆراوادا. و. هەڵکەوت عەبدڵڵا. گۆڤاری سەردەم. ژمارە 15

63: ئوور. ناوچە یان پەرستگایەکی کۆنی ەردەمی ئیبراهیم پێغەمبەرە و دەکەوێتە ناچەی نارسیی خوارووی عێڕاق و سنووری ئوردن، تائێستا ئەو ئاسەورە نۆژەن نەکراوە و کەمترین کەس ەردانی ئەو پەرستگایەی کردووە کە یەهودییەکان بە موڵکی خۆیانی دەزانن

64: کافین رایلی. الغرب و العالم. تاریخ الحچاره من خلال موچوعات. القسم الاول. ترجمه. عبدلوهاب محمد المسیری. د.

هدى عبدالسميع حجازى. مراجعه د. فواد زكريا. منشورات عالم المعرفه. سنه 1985. ص75.

65: محمد عبدالستار عپمان. المدينه الاسلاميه. دار عالم المعرفه. 1988. ص95

66: هەمان سەرچاوەی پێشوو ص99

67: الدكتور عبدالرزاق عباس حسين. جغرافيه المدن. استاژ فى جامعه بغداد سنه 1977. مگبعه اسعد. سنه 1977. ص408

68: الانسان و المدينه ڤ العالم المعاصر. 13 مقالات فى مواچيع مفكرين و محاچرين فرنسيين. تعريب. كمال خورى. مركز دراسات المدينه المعاصره.. دمشق 1977. ص201

69: فرهاد حاجى عبوش. المدينه الكورديه. من القرن 4_7 الى 10_13 هجرى. دراسه حچاريه. منشورات سبيريز. سنه 2004. ص110

70: ملتقى القاهره الپانى للابداع الروائى العربى. الروايه و المدينه.مجلس الاعلى للپقافه مصر. 2008. ص77

71: كامل شياع. اليۆتۆپيا معيارا نقديا. ترجمه. سهيل نجم. مراجعه. د. صلاح نيازى. دار المدى للقافه و النشر. 2012. ص29

72: ملحمه جلجامش. ترجمه. گه باقر. دار الوراق المحدوده. لندن. 2006

73: يۆتۆپيا پاش پێنج سەدە. چوند نووسەرێك. له ئاڵمانییه. پێشڕەو فەتاح. دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە. ساڵی 2015. ل23.

74: مدينه الله، للقديس اوغسگين. مايكل كريتس. ترجمه. يعقوب افرام منصور. مجله الپقافه الاجنبيه. سنه 1994. عدد الاول.

75: ايزا برلين. نسيج الانسان الفاسد. ترجمه. سميه فلو عبود. دار الساقى.ص32 سنه 1993.

76: تزفيتان تودوروف. مقدمه گبعه الپانيه. نحن والاخرون. ترجمه. ربى حمود. دار المدى للگبع و النشر. سنه 1986. ص3

77: فارابی. شاری فازیله. وەرگێڕانی. مەریوان عەبدول. پێداچوونەوە. ڕێبوار ئەحمەد. بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ڕەهەند.ساڵی 2019. ل26

78: الان تورين. نقد الحداپە. ترجمه عبدالسلام الگويل. دار النشر افريقيا الشرق. سنه 2010.ص36

79: زيجمونت باومان. الحياه السائله. ترجمه. حجاج ابو جبر. تقديم. هبه رۆف عزت. منشورات الشبكه العربيه للابحاپ و النشر. سنه 2017. ص40

80: موریس باربییه. دەوڵەتشار دێرین. وەرگێڕانی بۆ کوردی. عوسمان حەسەن شاکر. زنجیرەی هۆشیاری 27. بڵاوکراوەی ئەکادیمیای پێگەیاندنی کادرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. 2011.

81: بگاقه المدن العملاقه ڤى العالم. ترجمه. عبدالعلى الخفاف. الموسوعه الصغيره. ص32.

82: پەراوێز: ئەولیای چەلەبی لەسیاحەتنامەدا ئەم باسەی کردووە بەمێژوو، ئەو باسی هاتنی عوسمانیەکان دەکات لەساڵی

1756 بەرگی یەکەمی کتێبی سیاحەتنامە لەئەستەنبوڵ چاپ کراوە

83: کتێبی ئاغا و شێخ و دەوڵەت باسی کردووە، کوردۆ لەئەڵمانیەوە کردوویەتی بەکوردی، کتێبی سەردەم ژمارە (18) ساڵی 1983

84: یاسین النصیر. المدینه و الفن التشکیلی. دار اراس للنشر و الگباعە. سنە 2013. ص23

85: ئەلبرت شفایزەر. فەلسەفەی شارستانی. وەرگێڕانی بۆکوردی. عەبدوڵلا مەحمود زەنگەنە. ل30.

86: دکتۆر رەسوڵ رەهبانی. کۆمەڵناسی شار. وەرگێڕانی. چەکۆ ئەحمەدی. ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. ساڵی 2013. ل138

87: یاسین النصیر. المدینه و الفن التشکیلی. دار اراس للگباعە و النشر. سنە ص82

88: تومسلاف مارا سوفيج. المدن التاريخيه. سبل الحفاڤ عليها و احيائها. ترجمه. عرفان سعيد. سلسله الصيانه العلميه بغداد 1985. ص49

89: الدكتۆر عبدالرزاق عباس حسين. جغرافيه المدن. بغداد سنه 1977. ص296

90: مارسیا د. لاو. پلاندارێژی شارەکان و رەهەندە ژینگەیی و مرۆیەکان. وەرگێڕانی. د. جەزا تۆفیق تالیب. ئەحمەد عەلی ئەحمەد. بڵاوکراوەکانی شارەوانی سلێمانی. ساڵی 2004. ل48.

## کتێبە چاپکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری مەم و زین

١- لەدایکبوونی دووەم/ پێشڕەو عەبدوڵڵا/ ڕۆمان.

٢- چەشە و چەشنە ئەدەبییەکان/ د.حەمە مەنتک/ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

٣- دژە مەسیح/ فریدریک نیتچە/ و.موئەییەد مستەفا/ فەلسەفە.

٤- لەبیرکردن .com/ ئەحلام موستەغانمی/ و.کۆسرەت ئەحمەد بێکەس.

٥- بیری ئاشووزەردەشت و ئایینی یارانی/ میهرداد قەدردان/ و.غەریب پشدەری/ لێکۆڵینەوەی ئایینی.

٦- کورتەیەک لە ژیانی من/ ستیڤن هۆوکینگ/ و.سەنار سەمەد/ یاداشت.

٧- کتێبی مەستوورەی ئەردەڵان/ بوخاری وشیار/ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

٨- گێڕانەوە لە داستان و شانۆدا/ هاوکار جەمیل/ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

٩- ئیشراقی دار هەڵووژە/ شکۆفە ئازەر/ و.شۆڕش غەفووری/ ڕۆمان.

١٠- شار/ سمکۆ محەمەد/ فکر و فەلسەفە.

١١- ئیستاتیکا/ سمکۆ محەمەد/ فکر و فەلسەفە.